# پاشاگەردانیی سیاسی و داگیرکردنی پەرلەمانی عێراق بڕیاری سەربەخۆیی بە سەر کورددا فەرز کرد

ئەو پاشاگەردانییەی ئێستا لە بەغدا بەڕێوەدەچێت، پلانێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی ئەقڵییەتی شیعەگەرایە، دروستکردنی میحوەرێکە کە بەغدا و دیمەشق و تاران لەگەڵ حزبوڵای لوبنانی و حوسییەکانی یەمەن، راستەوخۆ بە سەرپەرشتی ئێران پێکەوە گرێدەداتەوە، راگەیاندنی قۆناخێکی نوێی مەدی شیعەگەراییە کە دەخوازێت بە جۆرێك بارودۆخی عێراق و ناوچەکە بشێوێنێت، کە نەك هەر تەنیا بەرەی مەدی شیعەگەرایی لە هیلالی شیعەوە بگۆڕێت بۆ بازنەی شیعەگەرایی کە بابولمەندەب بە کەنداوی عەقەبەوە گرێدەداتەوە. بەڵکو راگەیاندنی قۆناخێکی نوێی مەدی شیعەگەراییە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیەتی ویلایەتی فەقی لەلایەن ئێرانەوە.

ئەم قۆناخەی مەدی شیعەگەرایی کە پێشتر لە کاتی هاتنە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە «هەناردەکردنی شۆڕش» ناویان دەبرد، لەوە دەرچووە کە تەنیا بە رێگەی میلیشیا و گروپی بچووك ئاژاوە لە ناوچەکە دروست بکات، بەڵکو ئێستا پێدەنێتە قۆناخێکی دیکە کە میلیشیای جیهادی شیعە لە باشووری لوبنانەوە تا دەگاتە سووریا و عێراق و بەحرێن و یەمەن، رایەڵەیەکی پتەو بە شێوەی پەیماننامەیەکی میلیشیایی سەربازی لە چوارچێوەی یەك ئامانجدا کە ئەویش بەرگریکردنە لە شیعە بە سەرپەرشتی ئێران کۆبکرێنەوە، لە هەر شوێنێکیش بەرگریکردن لە شیعە پێویستی بوو، ئەم میلیشیایانە هەموویان لە یەك مەرجەعەوە فەرمانی جووڵاندنیان پێدەدرێت بۆ ئەوەی بگەنە ئەو شوێنەی شیعەی ئەو شوێنە پێویستی پێی بێت. ئەمەش وەك قۆناخێکی دیکە زەمینەخۆشکردنە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی ئێران لە ژێرناوی شیعەگەراییدا.

ئەوجا بۆ ئەوەی میلیشیای شیعەی هەموو ناوچەکە، رایەڵێکی ئایدیۆلۆژی پێکەوە کۆیان بکاتەوە، وەك توێژینەوەکان راشکاوانە ئاماژەی پێدەکەن، ئێستا تاران بە ئاشکرا لە نێو میلیشیای شیعەکاندا ئەوجا لە عێراق بێت، یان سووریا، یان باشووری لوبنان و یەمەن، بانگەشە بۆ ئایدیۆلۆژیای ویلایەتی فەقی دەکات و لەسەر ئەم ئایدیۆلۆژییە بۆ راگەیاندنی ئیمپراتۆڕیەتی ئیسلامی شیعە ژێرخانێکی پتەو و ترسناکی بۆ دروست دەکات. دیارە پێڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لە رێگەی ئایدیۆلۆژیەتی ویلایەتی فەقیەوە، دووبارەکردنەوەی هەمان میتۆد و شێوازی خەلافەتی ئیسلامی داعشە، کە لە رێگەی ئایدیۆلۆژیەتی گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامییەوە چەکدارەکانی خۆی لە ریگەی سەلەفی جیهادییەوە بۆ کاری دڕندەیی و وەحشیگەرایی ئامادە دەکەن، بۆ ئەوەی خەلافەتێکی گەورەی ئیسلامی وەك خۆی نەخشەکەی بۆ داڕشتووە، دروستی بکات.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە، ئەو ئاڵۆزی و پاشاگەردانییە بخوێنینەوە کە ئێستا لە بەغدا بەڕێوەدەچێت، لە کاتێکدا لە ژێر گوشاری ئەمەریکادا حکومەتی عێراق بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ ئامادەباشی دەکات، لە بەرامبەریشدا ئێران وەك کاریگەرترین هێز لە سەر حکومەتە شیعەکەی بەغدا، بێدەنگە و هیچ کاردانەوەیەکی نییە و ئەوانەشی بوونەتە فاکتەری سەرەکی لە درووستکردنی ئەم پاشاگەردانییە، ئەو لایەنانەن کە بە داردەستی ئێران ناسراون، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر ئێران راستەوخۆش خۆی ئەم پیلانە بەڕێوە نەبات، ئەوا تەیاری سەدر و لایەنە شیعەکان بەوەکالەتی ئێران ئەو پیلانە بەڕێوە دەبەن، ئەمەش لە پیناوی ئەوەیە ئەو پرۆسە



**لەم بارودۆخەدا کە هەتا ئێستاش کوردستان بەشێکە لە عێراق، ئیدی سەربەخۆیی بەسەر کورددا فەرز بووە، بۆیە ئەگەر بە ناچاریش بێت، دەبێت کورد هەڵوێستی خۆی دیاری بکات و بڕیاری یەکلایی کەرەوە بدات، لەبەر ئەوەی ئەگەر بڕیاری یەکلاکەرەوە نەدات، ئەوا بیەوێت، یان نەیەوێت، پریشکی ئەو پاشاگەردانییەی بەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر بڕیاری خێرا و یەکلاکەرەوە بدرێت، ئەوا نەك تەنیا ئەمەریکا و هێزەکانی هاوپەیمانی دژی داعش پشتگیری کوردستان دەکەن، بەڵکو لە هەمانکاتدا دەوڵەتانی دۆستی تەقلیدی ئەمەریکا و رۆژئاواش لە ناوچەکە، هەتا ئەگەر راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانیشیان بەدڵ نەبێت، بەڵام بەناچاری زیاتر بەدەنگی کوردستانەوە دێن و باشتر پشتگیری لە سەقامگیری و تەناهی و درێژپێدانی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان دەکەن، بۆیە لەم ساتە وەختە مێژووییەدا، بەزۆر سەربەرخۆیی بەسەر کورددا فەرز کراوە، ئەگەر کورد بڕیار نەدات، هەلێکی زێرینی دیکە لەدەستدەدات.**

سیاسییەی لە دوای دامەزرانەوەی عێراق لە ٢٠٠٣وە لەسەر بنەمای شەراکەتی نێوان پێکهاتەکانی عێراق پێکهێنراوە، ئەو پرۆسەیە بە تەواوەتی کۆتایی پێبهێندرێت و کودەتای بەسەردا بکرێت، لە جێی سیستمێکی ئیسلامیی شیعی لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیەتی ویلایەتی فەقی لە عێراق دابمەزرێنن.


ئەم دەستپێشخەرییەی لایەنە شیعەکان لەسەر راسپاردەی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە پرۆسەی سیاسیی عێراق، کۆتایی هێنانیشە بەو دەستوورەی کە ساڵی ٢٠٠٥ نووسراوەتەوە، کۆتاییهێنانیش بە دەستووری عێراق، واتە شیعەی عێراق بەنیازە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیەتی ویلایەتی فەقی، دەستوورێکی دیکە بۆ عێراق دابڕێژێتەوە، ئەمەش واتە ئەوەی لە دوای ٢٠٠٣وە ئەمەریکا هەوڵی بۆدا، لەسەر دەستی ئێران هەمووی لەبەر یەك هەڵوەشێندرا. ئەمەش کاردانەوەیەکی راستەوخۆیە بۆ ئەو هەوڵانەی ئەمەریکا کە دەیەوێت جۆرێك لە هەماهەنگی لە نێوان شیعە و سوننە و کورد لە چوارچێوەی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵدا دروست بکاتەوە. دیارە ئێران دەزانێت پلانی ئەمەریکا بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ، تەنیا پلانێکی سەربازی نییە بۆ ئەوەی موسڵ لە دەستی داعش رزگار بکات، بەڵکو پلانەکەی ئەمەریکا قۆناخی دوای داعشیشی تێدایە کە بەکارهێنانی گوشاری حکومەتی ئەمەریکایە لە سەر شیعە بۆ دووبارە بەگەڕخستنەوەی پرۆسەی سیاسی، لەم حاڵەتەشدا شیعەی عێراق کە ناتوانێت لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا خۆی لە پلانەکەی ئەمەریکا جیابکاتەوە، ئەوا بەم هەنگاوەی ئێران، بە بەردێك دوو چۆلەکە دەکوژێت، لەلایەك پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ بۆ ماوەیەکی باش دوادەخات، لەلایەکی دیکەش عێراقی بە تەواوەتی لە دەستی ئەمەریکا دەرهێنا، بە مانایەکی دیکە ئەگەر ئێران هەتا ئێستا لە رووی ناسەقامگیرییەوە سەرکەوتنی سەربازیی ئەمەریکای لە عێراقدا شکست پێهێنابێت، ئەوا بەم پلانەی لە رووی سیاسیشەوە شکستی بە ئەمەریکا هێنا، ئەوجا کاردانەوەی ئەمەریکا بەرامبەر ئەم پیلانەی وەکیلەکانی ئێران لە بەغدا چ دەبێت، هێشتا دیار نییە، بەڵام ئەگەر ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا لەسەر ئەم پاشاگەردانییە بیدەنگ بێت، دۆڕاندنی ڤێتنامێکی دیکە دووبارە دەکاتەوە و تاچەند خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی ئەمەریکا، خۆری دیموکراتەکان ئاوا دەکات.

لەم بارودۆخەدا کە هەتا ئێستاش کوردستان بەشێکە لە عێراق، ئیدی سەربەخۆیی بەسەر کورددا فەرز بووە، بۆیە ئەگەر بەناچاریش بێت دەبێت کورد هەڵوێستی خۆی دیاری بکات و بڕیاری یەکلایی کەرەوە بدات، لەبەر ئەوەی ئەگەر بڕیاری یەکلاکەرەوە نەدات، ئەوا بیەوێت، یان نەیەوێت، پریشکی ئەو پاشاگەردانییەی بەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر بڕیاری خێرا و یەکلاکەرەوە بدرێت، ئەوا نەك تەنیا ئەمەریکا و هاوپەیمانی دژی داعش پشتگیری کوردستان دەکەن، بەڵکو لە هەمانکاتدا دەوڵەتانی دۆستی تەقلیدی ئەمەریکا و رۆژئاواش لە ناوچەکە، هەتا ئەگەر راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانیشیان بەدڵ نەبێت، بەڵام بە ناچاری، زیاتر بە دەنگی کوردستانەوە دێن و باشتر پشتگیری لە سەقامگیری و تەناهی و درێژپێدانی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان دەکەن، بۆیە لەم ساتەوەختە مێژووییەدا، بە زۆر سەربەخۆیی بەسەر کورددا فەرز کراوە، ئەگەر کورد بڕیار نەدات، هەلێکی زێرینی دیکە لەدەستدەدات.



# دوای جەنگ

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چاکسازیی دینی و سەربەخۆیی کوردستان



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



ئەگەر بپرسین جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەی دەستی پێکرد و تاکەی بەردەوام دەبێ؟ ئەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بارودۆخەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا تێیدا ژیاوە. دوای دابەشکردنی کۆلۆنیالیستی، کە دابەشکردنێکی نابەرابەر و بێ بەرنامە لە سەر بنەمای بەرژەوەندی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی و بەریتانی بوو، ناوچەکە خرایە ناو چوارچێوەی کۆمەڵێك دەوڵەتی دەستکرد، کە نموونەیەك لەم دەوڵەتانەش عێراق و سوورییایە. ئەم دەوڵەتانە بۆ ماوەی سەد ساڵ نەیانتوانی ببن بە دەوڵەتی هاوچەرخ، نەشیانتوانی هەستی هاووڵاتییەتی لای دانیشتووان دروست بکەن و وا لە هەموو پێکهاتەکان بکەن کە هەست بکەن ئەم وڵاتە نیشتمانی ئەوانە و بەرژەوەندییەکانیان دابین دەکات و دەرگایەکیان بۆ دەکاتەوە کە بە شێوەیەکی بەرابەر لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشداربن.

**دکتۆرینی مسعود بارزانی لەسەر بنەمای "هاوسەنگی و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" دروست بووە. هاوسەنگی واتە بەرابەریی لە نێوان دەوڵەتان و پێکهاتەکان و میللەتانی ناوچەکە، تا بەرژەوەندی هەمووان دابین ببێ. لەسەر بنەمای ئەو بەرژەوەندییەیە ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەبێت**

**ئێران بە درێژایی مێژوو ئەندازیاری لێکترازاندن و لەباربردنی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە، ئێستا لەم قۆناخەدا، کورد دەورێکی کاریگەر دەبینێ و جیهان پشتیوانیەتی و ئێران لە ژێر فشاردایە**

**کوردستان دژی ئێران و تورکیا و عەرەب نییە، بەڵام دۆستایەتی بە کۆیلایەتی ناگۆڕێتەوە، بۆیە دەبێ تێبگەن کە کورد لە ئایندەدا وەک دەوڵەتێکی بەهێز جیرانیان دەبێت**

لە سەرەتادا کە ئەم وڵاتانە دروست بوون، بزووتنەوەکانی دژی کۆڵۆنیالیستی لە مەیدان بوون. واتە ئەو بزووتنەوانەی کە لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵات لە پێناوی سەربەخۆیی تێدەکۆشان. ئەگەر ئێمە حەقانیەتی ئەو بزووتنەوانە بۆ سەربەخۆیی لە لایەك دابنێین، ئەوا لە راستیدا ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی کە بزووتنەوەکان پێی تێدەکۆشان، هەڵقولاوی کۆمەڵگەکانی خۆیان بوون، هەروەها بەشێکیشی لە ژێر کاریگەری بیری نوێ لە ئەورووپا و وڵاتانی دەوروبەرەوە کەوتە ناو ئایدیۆلۆژیاکەیان، یان بیر و باوەڕی تێکۆشانی ئەوان.

ئەو دەوڵەتانەی کە لە نێوان جەنگی یەکەمی جیهانیدا و دووەمدا بڕیاریان لەسەر درابوو، لە ماوەیەکی کەمدا سەربەخۆییان بەدەست هێنا، لە ساڵی ١٩٦٠ بەولاوە دەوڵەتێکی ئیستعماریی دروستکراو، یان ئەو دەوڵەتانەی کە کۆڵۆنیالیزم دروستی کردبوون، نەما کە سەربەخۆییان نەدرابێتێ. بەوانە دەگوترا میللەت، بەڵام لە راستیدا ئەمانە میللەت نەبوون، بەڵکو دەوڵەتی دەستکرد بوون.

میللەتی کورد یەکێك لەو میللەتانە بوو کە لە نێوان چوار دەوڵەتدا دابەش کرابوو. گەلانی ناوچەکە بۆ گەیشتن بە سەقامگیری، هەموو پێکهاتەکانیان بە شێوەی جیاجیا لە جموجۆڵدا بوون، هەروەها زۆرینەی میللەتانی ناوچەکەش موسڵمانن و سەرچاوەکانی بیری سیاسیی خۆیان لەو بیر و باوەڕ و کەلتووره هەڵدەهێنجن کە لەبەر دەستیاندایە، ئەویش بیر و باوەڕی تەقلیدی ناوچەیی و دینییە. بۆ ئەوەی میللەت سەرچاوەکانی زانیاری بە رووداو بکرێتەوە، ئەم دەوڵەتانە نەیانتوانی وڵات بەرە و خوێندەواری و پێشکەوتنی ئابووری و پەروەردەیەکی باش بەرن. هەربۆیە گەر تەماشا بکەین ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بزووتنەوەکانی رزگاریخوازییەوە هاتن بۆ قۆناخەکانی ناسیۆنالیستی نەتەوەی عەرەب، لە بزووتنەوەکانی نەتەوەی عەرەبیشەوە بۆ بزووتنەوەکانی توندڕۆی دینی کە لە ئیخوانەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە تالیبان و ئەلقاعیدە و دواتریش داعش.

ئێستا هاوپەیمانێتییەکی جیهانی هەیە بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەو توندڕۆییە، چونکە ئەوە تەنیا گەلانی ناوچەکەی نەخستۆتە ناو قەیرانی مان، یان نەمان، بەڵکو سەلامەتیی هەموو دنیای خستۆتە مەترسییەوە. وەك دەزانین لە ئێستادا هیچ فڕۆکە، شەمەندەفەر، میترۆ، یاریگا، یانە، ڕێستورانت و هۆتێلێکی جیهانی نییە کە ڕۆژانە بە ترس و لەرزەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام نەدەن. هەروەها جیهانی پێشکەوتوو، دەبێ سەرمایەکی زۆر، بۆ ئەوەی کە پێی دەگوترێ پاراستن یان سکیوریتی تەرخان بکات. لە هەمان کاتدا دڵەڕاوکێیەکی یەکجار زۆر هەیە و ئەمە کاریگەریی لەسەر ژیانیان دەکات و ناتوانن بەردەوام بن. بۆیە دەبێ کۆتایی بەم هەڕەشەیە بێنن.

پێویستە ئێمە لە ئێستادا، بتوانین دەرەنجامێکی باش، لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵێنجێنین. هەروەها کاریگەریی دین لەناو سیاسەتدا هەڵسەنگێنین و بەشێوەیەکی راست و دروست لێکی جیابکەینەوە. ئایا دین دەتوانێ لە سیاسەتدا بەشدار بێ؟ ئەم گفتوگۆیە لە وڵاتی ئێمەدا، زیاتر لە بیست ساڵە بەردەوامە، لە دنیاشدا مێژووەکی دوور و درێژی هەیە. ئێستا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە ئەگەر دین بچێتە ناو سیاسەت، ئەوا سیاسەت دەکاتە ئامرازێکی توندوتیژی ئەوتۆ کە کۆمەڵگە سزا دەدات و لە کۆمەڵێك فەرمانی ئایدیۆلۆژی و دینی کە هیچ پێوەندی بەم زەمانەوە نییە، کۆیان دەکاتەوە. تایبەتمەندیی دین لەوەدایە کە ناوەڕۆکەکەی ناگۆڕدرێت. ئەوانەی دەڵێن دەبێ چاکسازیی دین لەناو دینەوە دەست پێ بکرێت، ئەوا واقیعبین نین. دین وەك سیستەمێك لەناو پێکهاتەی وڵاتەکەدا دەمێنێ، بەڵام دەوری دین گۆڕانی بەسەردا دێت. مەبەست لە چاکسازیی دین لەناو کۆمەڵگەدا لەوەیە کە دین لە سیاسەت و ژیانی مەدەنی خەڵك جیابکرێتەوە، لە دامودەزگەی تایبەتی خۆیدا قەتیس بدرێت، بۆ ئەوەی رێ لە پێشکەوتنی مرۆڤ و گۆڕانکارییە ئاساییەکان نەگرێت.

ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی دینی، ڕوومان تێدەکەن و دەڵێن ئێوە دەبێ بڕۆن لە دیندا شارەزایی پەیدا بکەن و دوایی دین بگۆڕن. لە راستیدا ئەمە سەفسەتەیەکە دەیانەوێ پرۆسەی رۆشنگەری لە وڵاتدا بەرەودواوە بەرن. دین بۆخۆی لە ناوەڕۆکدا ئەگەر فتوای نوێی تێدا بدرێ، ئەوە کاری پیاوانی دینی و دامودەزگەکانی دینییە، ئەویش بۆ ئەو مەبەستە بێ کە خۆیان لەگەڵ پێشکەوتنی وڵات بگونجێنن و فتوا بۆ خەڵك بدەن کە دین لە سیاسەت و لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بەشداری نەکات. ئینجا چەند ئەحکامی دینی دەگۆڕن؟ ئەوەیان بابەتێکی دیکەیە، رای جیاجیا هەیە، تا

ئێستا گۆڕینی دینەکان لە ناوەوە سەرکەوتنی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، بۆیە جێی بایەخی ئێمەش نییە.

بەشێکی زۆر لە باوەڕدارانی ئیسلامی سیاسی، یان ناسیۆنالیستەکانی وڵاتانی عەرەبی دەڵێن: ئەم بەڵای توندڕەوی دینییە لە دەرەوەڕا ئیمپریالیزم بۆ ئێمەی دروست کردووە، ئەمەریکا دروستی کردووە! لە راستیدا ئەمە وا نییە، چونکە دەبێ زەمینەی ناوخۆیی هەر وڵاتێك هەبێ، بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی لەو جۆرەی لەسەر دروست بێ. بۆ نموونە لە عێراقدا شەڕی نێوان شیعە و سوننە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، توندڕۆییەکەی و توندوتیژی و خوێن ڕشتنەکەشی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. دەستپێکی ئەم مێژووەش بە لەناوبردنی خێزان و ماڵبات و کەس و کاری پێغەمبەری ئیسلام دەستی پێکردووە. ئەو خوێن ڕێژییەش هەتاکو ئێستا بەردەوام بووە. ئێمە لە مێژووی شەڕی نێوان شیعە و سوننە، لەناوبردنی ئیمپراتۆڕیەتەکان و دەوڵەتە گەورەکانی سوننەمان بینی، کاتێك کە لایەنگرانی عەلەوی سەرکەوتن، نەك هەر لە سوننەکانیان لەناو برد و تۆڵەیان لێ سەندنەوە و کۆمەڵکوژیان کردن، بەڵکو هیچ ئاسەوارێکیان لە گۆڕستانەکانیشدا بۆ بەجێ نەهێشتن، تەنیا سەحرایەکی رووت لەو مێژووەدا دەبینی. بۆیە ئەو زەمینەیە تا ئێستاش بەردەوامە و لە هەر قۆناخە و دروشمێکی نوێ هەڵدەگرێ.

کاتێك وڵات دەکەوێتە ناو قەیرانی گەورەی سیاسی و عەسکەری، وڵاتانی دەوروبەر و وڵاتانی رۆژئاوایی بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەڵوێستیان دەبێ و بەشداری تێدا دەکەن. ئەوانە هەوڵدەدەن بە شێوەیەکی ئەوتۆ ئیدارەی بکەن کە بەرژەوەندییەکانی ئەوان دابین بکات. ئەمە تەبیعەتی بەرژەوەندی نێوان دەوڵەتانە. دەوڵەتان داهاتوو بۆ یەکتر پرشنگدار ناکەن، بەڵکو یەکتر بەکاردەهێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان. هاوسەنگی جیهانی نێوان دەوڵەتەکانیش بەوە دروست دەبێ، کە هەر دەوڵەتە سەربەخۆیی خۆی هەبێ تا بتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێ، بۆ ئەوەی دەوڵەتانی دیکە دەستی تێوەرنەدەن. دەبێ لە ئێستادا ئێمە بابەتی لە مەترسیدابوونی جیهان بە هەند و بە جددی وەربگرین. هەر ئەوەشە وادەکات کە هەموو جیهان خەریکی بیرکردنەوە و هەماهەنگیی بن بۆ کۆتاییهێنان بەم هەڕەشەیە، کە توندڕۆیی ئیسلامییە و ئێستا داعش لە ریزی پێشەوەیە.

وڵاتی ئێمە کوردستان، سەرزەمینی بەرەنگاربوونەوەی داعشە، میللەتی کوردیش زۆرترین زەرەر و زیان و درێژترین بەرەی بەرەنگاربوونەوەی داعش و توندڕەوی ئیسلامی پێ بڕاوە، هەربۆیە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەسەند و پشتیوانییەکی زۆری مادی و مەعنەوی هەیە. ئەمڕۆ ناوی پێشمەرگە و کورد و کوردستان و سەرۆکەکەی بە درەوشاوەیی لەناوەندە جیهانییەکان هەڵدەواسرێ و ئاماژەی پێ دەکرێ. ئەم شەڕە تا ئەوکاتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەو هاوپەیمانێتییەی هەیانە، کۆتایی بە توندڕەوییەکە دێنن، بەردەوام دەبێ. دوای بنەبڕکردنی توندڕەوی، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەمی چاکسازییەکی زۆردایە. دەبێ ئەم ناوچەیە لە کەلتوور و فکری دینی قوتار بکات و بیخاتە سەر قۆناخێکی نوێ کە زەمینە بۆ عەلمانییەت (سیکۆلاریزم) دەڕەخسێنێ. پێویستە بە شێوەیەکی مەدەنی ئەم وڵاتانە بەڕێوەبچن و کۆتایی بە شەڕی مەزهەبی و نەتەوەیی بێت. ئەمەش وادەخوازێ کە زۆر لەو سنوورانە دەستکاری بکرێن. دەستکاریکردنی سنوورەکان، دیسان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دەکرێ. هەر میللەتێك بۆخۆی بەشدار نەبێ، ئەوا داڕشتنەوەکە لەبەرژەوەندی ئەودا نابێت. بۆیە دەبێ ئێمە لەو مەسەلەیە باش تێبگەین، هەروەها لە روانگەی بارزانی تێبگەین کە دەڵێت: «دەبێ میللەتی کورد بە جددی بەشداربێ لە کۆتایی پێهێنانی تیرۆر و داڕشتنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست». ئامانج ئەوەیە کورد لە کۆتاییدا بتوانێ بەرژەوەندییەکانی خۆی دیاری بکات و کۆتایی بەو کارەساتە بهێنێ کە سەد ساڵە ئیرادەی لێ زەوت کراوە، خاوەنی چارەنووسی خۆی نییە، بۆیە سەروەری خۆی پێ ناپارێزرێ.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای شەڕ، دەبێ کۆنترۆڵ، یان چاودێری بکرێ. بۆ ئەو چاودێرییە پێدەچێ هەندێك دەوڵەت زۆرترین پشکیان بەرکەوێ، هەروەها دەوڵەتی نوێ دروست دەبن. من پێموایە ئاوهای بخوێنینەوە، ئەم دەوڵەتانەی کە لە کۆنترۆڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشدار دەبن ئەمانەن:

یەك: ئیسرائیل، بەو پێشکەوتنی سەربازی و تەکنۆلۆژی و زانستییەی کە هەیەتی، بەو ئیمتدادە جیهانییەی کە لە لۆبی سەهیۆنییەوە بۆی دێت.

دوو: دەوڵەتی کوردستانی گەورە، کە دروست

ئێستا ئەم دەورەی کورد هەیەتی، وای کردووە لەگەڵ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە ئێران بوەستێ. ئەم بەرانبەر بە ئێران وەستانە هیچ پێوەندی بەوەوە نییە کوردبیەوێ گێچەڵ بە ئێران بکات، بەڵکو ئەوە بەرژەوەندی و سروشتی دوو وڵاتی جیرانە، واتە ئێران و کوردستانە، کە ئەم واقیعەی دروست کردووە. کوردستان دەیەوێ بمێنێ و ئێرانیش دەیەوێ کوردستان نەبێت

لەو روانگەوەیە کە روو لە حزبەکانی کوردستان، بەتایبەتی پەکەکە، یەکێتی، گۆڕان و پەیەدە دەکرێ، چاوی خۆیان بکەنەوە و واقیعبین بن، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی وڵات مامەڵە بکەن، نەک لەسەر رق و کینەی کەسیی و کێبەڕکێی گروپەکان و ئایدیۆلۆژیای حزبی، کە تا ئێستا بەرژەوەندی میللەتی ئێمەی خستۆتە خەتەرەوە

سعودییە لە هەمانکاتدا کە سەرزەمینی دروستکردنی ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی و پشتیوانی کردنیەتی، بەڵام ئێستا لە کۆنترۆڵ کردن و لەناوبردنیشیدا بە روانگەی تایبەتی خۆی بەشدارە. لە ئایندەدا سعودییە بە مەرجێک دەمێنێ کە سیستەمی حوکمڕانی خۆی بگۆڕێت و ببێ بە دەوڵەتێکی مەدەنی و بەشداربێ لە کۆنترۆڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**دەوڵەتی کوردستانی گەورە، کە دروست دەبێ، بەم سەرزەمین و بەشدارییە گەورەی کە هەیەتی. لە هەمانکاتدا بە سەرچاوەکانی وزەی، هەروەها لە رووی جوگرافیای سەربازیشەوە بۆ بەرزەفت کردنی ئێران و تورکیا دەبێتە بەربەست، یان سەددێکی پێشگری پتەو. هەربۆیە دنیا ئیعتمادی لەسەر دەکات**

**دەستکاریکردنی سنوورەکان، دیسان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دەکرێ. هەر میللەتێک بۆخۆی بەشدار نەبێ، ئەوا دارشتنەوەکە لەبەرژەوەندی ئەودا نابێت. بۆیە دەبێ ئێمە لەو مەسەلەیە باش تێبگەین، هەروەها لە روانگەی بارزانی تێبگەین کە دەڵێت: «دەبێ میللەتی کورد بە جددی بەشداربێ لە کۆتایی پێهێنانی تیرۆر و دارشتنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست».**

**دین بۆخۆی لە ناوەڕۆکدا ئەگەر فتوای نوێی تێدا بدرێ، ئەوە کاری پیاوانی دینی و دامودەزگەکانی دینییە، ئەویش بۆ ئەو مەبەستەبێ کە خۆیان لەگەڵ پێشکەوتنی وڵات بگونجێنن و فتوا بۆ خەڵک بدەن کە دین لە سیاسەت و لە ژیانی رۆژانەی خەڵک بەشداری نەکات**

دەبێ، بەم سەرزەمین و بەشدارییە گەورەی کە هەیەتی. لە هەمانکاتدا بە سەرچاوەکانی وزەی، هەروەها لە رووی جوگرافیای سەربازیشەوە بۆ بەرزەفت کردنی ئێران و تورکیا دەبێتە بەربەست، یان سەددێکی پێشگری پتەو. هەربۆیە دنیا ئیعتمادی لەسەر دەکات.

سێ: سعودییە کە بە نوێنەرایەتی وڵاتانی عەرەبی بەشدارە. بەشداریی سعودییە بەشدارییەکی ئاڵۆزە، سعودییە لە هەمانکاتدا کە سەرزەمینی دروستکردنی ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی و پشتیوانی کردنیەتی، بەڵام ئێستا لە کۆنترۆڵ کردن و لەناوبردنیشیدا بە روانگەی تایبەتی خۆی بەشدارە. لە ئایندەدا سعودییە بە مەرجێك دەمێنێ کە سیستەمی حوکمڕانی خۆی بگۆڕێت و ببێ بە دەوڵەتێکی مەدەنی و بەشداربێ لە کۆنترۆڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

چوارەم: تورکیا. ئەم دەوڵەتە چوارەمین وڵاتە کە لە کۆنترۆڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانێ بەشداربێ، بە مەرجێك خۆی لە سیاسەتی دووفاقی بەشداریکردن لە تیرۆر و چنینەوەی کارەساتی میللەتانی دەوروبەری خۆی بۆ بەرژەوەندی خۆی، دەست هەڵبگرێت. ئەگەر تورکیا رۆڵێکی سیاسیی واقیعبینانە بگێڕێ، ئەوا ئەگەری مان و بەردەوامبوونی زۆرە. یەکێك لە شەرتەکانی مانەوەی تورکیا ئەوەیە کە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ میللەتی کورد لە باکوور تەواو بکات و هەرێمێکی کوردستانی بەهێز دروست ببێ، لە هەمان کاتدا پێوەندی باشی لەگەڵ دەوڵەتی داهاتووی کوردستان هەبێت، هەروەها لە سیاسەتی دژایەتیکردنی رۆژئاوا و ئیسرائیل و کورد دەست هەڵگرێ. تورکیا لەگەڵ چوار لایەنەکەی دی لە ژێرەوە دوژمنایەتی هەیە، لەگەڵ کورد و ئیسرائیل هەروەها لەگەڵ عەرەبیش بەناوی سعوودیەوە، دژمنایەتی چوارەمیشی لەگەڵ ئەمەریکادا هەستی پێ دەکرێ. گەر تورکیا لەوانە پاشەکشە بکات و سیاسەتێکی واقیعبینانەی هەبێ، دەتوانێ چوارەمین ئامرازی کۆنترۆڵی بەهێزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ.

میللەتی کورد جیا لەو بەشدارییە، بە هێزی سەربازی خۆی پێکهاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەپارێزێت. ئەوانەی کە لە میزۆپۆتامیا هاوسنوور، یان هاوبەشی ستراتیژین لەگەڵ میللەتی کورد، بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە کە بیانپارێزێ، پێکهاتەکانیش بۆ مانەوەی خۆیان ناچارن چارەنووسی خۆیان ببەستنەوە بە کوردستانی گەورە. جیهان ئێستا ئەمە بە هەڵوێستێکی گرنگی کورد دەزانێ کە پێکهاتەکان دەپارێزێ. پاراستنی پێکهاتەکان، لە راستیدا کورد داخلی قۆناخێکی نوێ دەکات، ئەویش قۆناغی بەها جیهانییەکانە. ئەم بەها جیهانییانە بریتین لە پاراستنی پێکهاتەکان و دابینکردنی مافەکانیان، مافەکانی مرۆڤ، پاراستنی ئافرەت و دابینکردنی مافەکانی، هەروەها سیاسەتی هاوسەنگ لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچە و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانیان. لە هەمان کاتدا دەستەبەرکردنی دنیابینییەکی نوێی عەلمانی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت. ئەمانە ئەو بەهایانەن کە جیهانی پێشکەوتوو دەڵێن هەر دەوڵەتێك، یان میللەتێك ئەم بەهایانەی بەلاوە گرنگ بێ، ئێمە بەرژەوەندییەکانمان لەوێ دابین دەبێت. بەهاکانن کە رێگە بۆ هاوبەشی ئێمە و رۆژئاوا دەکەنەوە، هەر ئەو بەهایانەن کەوا دۆستایەتی نێوان کورد و ئیسرائیلی دروست کردووە. هەر ئەو بەهایانەن کەوا کێشەی لە نێوان ئێمە و تورکیا و ئێران و عەرەب دروست کردووە. لەم کێشەیەدا جیهان پشتی کورد دەگرێ. بەم روانگایەیە کە دەڵێن سەدەی بیست و یەکەم سەدەی کوردە، واتە ئەم بەهایانە و ئەو بەشدارییەی کورد وایکردووە کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا، جیهان لە بەرژەوەندیدا هەبێ، پێکهاتەی کورد لە هەرچوار پارچەدا بپارێزێ و ئەو دەوڵەتەی کەوا دروستیدەکات، پشتیوانی بکات. هەروەك چۆن سەدەی بیست سەدەی یەهود بوو، واتە دەوڵەتی ئیسرائیلی تێدا دروست بوو کە پێکهاتە و بەرژەوەندی یەهود لە سەرانسەری دونیا پارێزرا. سەدەی بیست و یەکەم ئەم دەرگایەی بۆ کورد کردۆتەوە و دەبێ بزانین کە بەهاکان و ئەم ستراتیژییەی کەوا بارزانی دایڕشتووە، وای کردووە جیهان ئەو ئەرکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردستان لە ئایندەدا بۆ ئێمە ئامانجە، بەڵام بۆ دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئەو دەوڵەتانەی کە لە کۆنترۆڵکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشدار دەبن، وەك ئامراز تەماشا دەکرێ. زۆر ئاساییە کە دەوڵەتان وەك ئامراز سەیری کورد بکەن. ئامراز ئەو دەوڵەتەیە کەوا بەرژەوەندییەکانی ئەوان دابین دەکات، بەڵام کورد ئەگەر بۆخۆی بەشداربێ، وەك ئامانجی مانەوەی خۆی ئەو ئامرازیەتییەی کە بۆ

کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ملیدا بڕاوە، ئەو دەورەی کە دەیبینێ، دەیخاتە خزمەتی ئامانجی ستراتیژیی ژیاریی خۆی کە سەربەخۆیی و مانەوەیەتی. دەبێ ئەم پێوەندییە دیالێکتیکییە لە نێوان ئامانج و ئامرازی ناوخۆ و دەرەوە باش تێبگەین، لە ڕوانگای بارزانی-شدا کاری بۆ بکەین تا لێی تێبگەین.

بۆ ئەوەی بەشداری ئێمە لە بەهاکانی جیهانیدا زەمینەی بۆ خۆش بکرێ، دەبێ ڕۆشنگەریی بۆ بکەین و تێبگەین، لە دامودەزگەی حکوومی و سیاسیدا چاکسازی ئەوتۆ بکەین تا کەسان و لایەنی ئەوتۆ بێنە پێشەوە، کە لەم بەهایانە تێبگەن و باوەڕیان پێی هەبێ و کاری بۆ بکەن و بیچەسپێنن. چاکسازی لەم قۆناخەدا کە لە لایەن بارزانی-یەوە ڕاگەیەندراوە، پێوەندی بەم بۆچوونەوە هەیە. نابێت بە شێوەیەکی سادە تەماشا بکرێ، ئەمەیە کە لە کۆتاییدا حکوومەتێکمان بۆ دروست دەکات، شەفاف و خاوێن و شارەزابێ کە گەندەڵی تێیدا کەم دەبێتەوە. ئەمەیان پێی دەگوترێ دکتۆرین، یان ڕوانگای بارزانی بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان. دکتۆرینی مسعود بارزانی لەسەر بنەمای "هاوسەنگی و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" دروست بووە. هاوسەنگی واتە بەرابەریی لە نێوان دەوڵەتان و پێکهاتەکان و میللەتانی ناوچەکە، تا بەرژەوەندی هەمووان دابین ببێ. لەسەر بنەمای ئەو بەرژەوەندییە ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەبێت. ئەو سیستەمە ئاشتییە لە بەرژەوەندی کوردستاندایە. ئەم هاوسەنگی و ئاشتییە، دنیایی و عەلمانیەتی سیستەمی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستدەکات و کوردستان دەخاتە سەر هێڵی مۆدێرن لە جیهانی مۆدێرندا. ئەوەش وایکردووە کە لە نێوان کورد و ڕۆژئاوا، کورد و ئیسرائیل ڕوانگا و بەرژەوەندی نوێ هەبن، لە هەمان کاتیشدا پرۆژەی نوێ بۆ هاوکاری هەبن کە باسیان لێوە دەکرێ. ئەم بارودۆخە وایکردووە کە زەمینەی یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان، بێتە ئاراوە و ئەگەری ڕوودانی هەبێت. هەروەها هێزەکانی جیهانی پشتیوانی کورد بکەن بۆ ئەوەی لە یەک دەوڵەتدا کۆببێتەوە. بۆیە ئەگەری هەیە لە کۆتایی شەڕدا سێ پارچەی کوردستان، واتە ڕۆژهەڵات و باشوور و ڕۆژئاوا ببن بە یەک دەوڵەت. ئەگەرێکی زۆر هەیە کە لە باکووردا هەرێمێکی بەهێزی کوردستان دروست ببێ، وەک هەرێمی کوردستانی باشوور کە دەتوانێ پێوەندییەکی زۆر هاوسەنگی لەگەڵ دەوڵەتی داهاتووی کوردستان هەبێ. لە هەمان کاتدا لە داهاتووی دووردا بتوانێ بە ڕێگەی ریفراندۆم لەگەڵ تورکیا نەمێنێتەوە و بێتە ناو ئەو دەوڵەتەی کە بە دەوڵەتی نیشتمانی دادەندرێ.

ئەگەر تورکیا سیاسەتێکی دژی هاوپەیمانێتی پەیڕەو بکات، ئەگەری ئەوە کە پارچەی باکووریش بکەوێتە بەرجیابوونەوە و بێتە سەر دەوڵەتی داهاتووی کوردستان زۆرە. ئەمەشیان لە هەندێ ناوەند باس دەکرێ. بۆیە مەسەلەی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوە، بەشێکی تری ڕوانگەی مەسعوود بارزانی-یە کە ئەگەری ڕوودانی یەکجار زۆرە.

لەو ڕوانگەوەیە کە ڕوو لە حزبەکانی کوردستان، بەتایبەتی پەکەکە، یەکێتی، گۆڕان و پەیەدە دەکرێ، چاوی خۆیان بکەنەوە و واقیعبین بن، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی وڵات مامەڵە بکەن، نەک لەسەر ڕق و کینەی کەسیی و کێبەڕکێی گروپەکان و ئایدیۆلۆژیای حزبی، کە تا ئێستا بەرژەوەندی میللەتی ئێمەی خستۆتە خەتەرەوە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم، ئێستا ئەم دەورەی کورد هەیەتی، وای کردووە لەگەڵ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە ئێران بوەستێ. ئەم بەرانبەر بە ئێران وەستانە هیچ پێوەندی بەوەوە نییە کورد بیەوێ گێچەڵ بە ئێران بکات، بەڵکو ئەوە بەرژەوەندی و سروشتی دوو وڵاتی جیرانە، واتە ئێران و کوردستانە، کە ئەم واقیعەی دروست کردووە. کوردستان دەیەوێ بمێنێ و ئێرانیش دەیەوێ کوردستان نەبێت. ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە شەڕێکی درێژدایە، بۆیە ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئێران بکەوێتە ژێر فشاری تاقەتپڕووکێن. هەروەها ئەو ئەگەرەش هەیە کوردستانیش دەورێکی زیاتری پێ بدرێ و لەوێوە، ئەو فشارە بۆ ئێران ببرێ. ئێرانیش هەست بەوە دەکات. ئەوە یەکێک لە قەدەرەکانی مێژووە. ئێران بە درێژایی مێژوو ئەندازیاری لێکترازاندن و لەباربردنی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە، ئێستا لەم قۆناخەدا، کورد دەورێکی کاریگەر دەبینێ و جیهان پشتیوانیەتی و ئێران لە ژێر فشاردایە.

کوردستان دژی ئێران و تورکیا و عەرەب نییە، بەڵام دۆستایەتی بە کۆیلایەتی ناگۆڕێتەوە، بۆیە دەبێ تێبگەن کە کورد لە ئایندەدا وەک دەوڵەتێکی بەهێز جیرانیان دەبێت.

**ئایا دین دەتوانێ لە سیاسەتدا بەشدار بێ؟ ئەم گفتوگۆیە لە وڵاتی ئێمەدا، زیاتر لە بیست ساڵە بەردەوامە، لە دنیاشدا مێژووەکی دوور و درێژی هەیە. ئێستا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە ئەگەر دین بچێتە ناو سیاسەت، ئەوا سیاسەت دەکاتە ئامرازێکی توندوتیژی ئەوتۆ کە کۆمەڵگە سزا دەدات و لە کۆمەڵێک فەرمانی ئایدیۆلۆژی و دینی کە هیچ پێوەندی بەم زەمانەوە نییە، کۆیان دەکاتەوە**

**ئەوانەی دەڵێن دەبێ چاکسازیی دین لەناو دینەوە دەست پێ بکرێت، ئەوا واقیعبین نین. دین وەک سیستەمێک لەناو پێکهاتەی وڵاتەکەدا دەمێنێ، بەڵام دەوری دین گۆڕانی بەسەردا دێت**

**مەبەست لە چاکسازیی دین لەناو کۆمەڵگەدا لەوەیە کە دین لە سیاسەت و ژیانی مەدەنی خەڵک جیابکرێتەوە، لە دامودەزگەی تایبەتی خۆیدا قەتیس بدرێت، بۆ ئەوەی ڕێ لە پێشکەوتنی مرۆڤ و گۆڕانکارییە ئاساییەکان نەگرێت**

# خوێندنەوەیەکی هێمنانە بۆ باری سیاسیی ئێستا

## دەمانەوێت پێوەندیی ئایندەمان لەگەڵ عێراق لەسەر بنەمای دوو دەوڵەتی هاوسێی باش بێت



**عارف روشدی***

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بارودۆخی ئێستای کوردستان خوێندنەوەیەکی هێمنانە و شرۆڤەیەکی واقیعییانەی دەوێت. دەبێت هەم ئاورێك لە رابردوو بدەینەوە، هەمیش لە ئێستاوە بە وریاییەوە هەنگاو بۆ ئایندە هەڵبگرین. هەربۆیە کاتێك ئاوڕ لە رابردوو دەدەینەوە، ئەو راستییە تاڵە دەبینین کە بە درێژایی مێژووی لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، بەردەوام ئەو دەستەبژێرەی لە بەغدا دەسەڵاتداربوون، ئەگەر ناچارنەبووبن، ئامادەنەبوون هیچ حیسابێك بۆ کوردستان بکەن و وەك ناوچەیەکی جیاواز و گەلێکی خاوەنی ناسنامەی تایبەتی سەیریان نەکردووە. تەنانەت ئەگەر بێینە سەر مێژووی نزیکیش ئەوە هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە، حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بێ جیاوازی، سیاسەتی چەوساندنەوە و بە عەرەبکردن و راگواستن و کۆمەڵکوژییان دژی تەواوی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان پیادەکردووە و، بەهەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە ئیرادەی ئەم گەلە زیندووە تێکبشکێنن، ئەم سیاسەتە قۆناخ بە قۆناخ دڕندانەتر و خوێناویتر بووە، هەتا لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو گەیشتە پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و چەندین ناوچەی دیکەی کوردستان و تەختکردن و کاولکاری چەندین هەزار گوند و شار و شارۆچکەی کوردستان. تەنانەت ئەگەر پەنایان بۆ کەمترین شێوازی داپڵۆسین و سەرکوتکاری بردبێت، گەمارۆی ئابوورییان بەسەردا سەپاندووین، کە خۆم لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە ئەو گەمارۆ سەپاندنەم لە زاخۆوە بینیوە و ئێستا بە هەمان شێوە بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستانیان بڕیوە و هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. بۆیە لەو کاتەوە بە

تێکڕای ئەوانەی لە بەغدا دەسەڵاتدار بوون بە جیاوازی ئایدیۆلۆژیای سیاسی و مەزهەبەکانیانەوە، چەندی بۆیان کرابێت و چەندی بۆیان چووبێتەسەر هەموو شێوازەکانی چەوسانەوە و سەرکوتکردنیان دژی گەلی ئێمە پیادەکردووە.

لەمەش زیاتر لە سەردەمی کابینەکەی د.نوری مالیکدا، ئەوەی پێی کرا دژی خەڵکی کوردستان ئەنجامیدا، جیا لەوەی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕی، لەهەمانکاتدا چەند جارێکیش بە ڕێگەی ئەو هێزەی بە ناوی فیرقەی دیجلەوە دایمەزراندبوو، هەوڵیاندەدا هێرش بکەنە سەر کوردستان و داگیری بکەن، هەروەها عەرەبی سوننەش لەم راستەدا لەگەڵ شیعە یەکی دەگرتەوە و هەمووان لە یادمانە ساڵح موتڵەگ چۆن لە ناو پەرلەمانی عێراق دژایەتی ماف و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستانی دەکرد و بە ئاشکرا رایدەگەیاند: «جارێ دەستمان شکاوە، ئەگەر چاك بینەوە دەزانین چۆن وەڵامتان دەدەینەوە.»

## ● کێشەی کورد لە عێراقدا لەگەڵ ئەقڵییەتی شۆڤینی و مەزهەبگەراییە

ئەم باکگراوەندە مێژووییە و ئەو ئەزموونە تاڵەی لەگەڵ شێوازی مامەڵەکردنی عەرەبی عێراق (بە سوننە و شیعەوە) هەمانە، ئێمەی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی ئێمە لە عێراقدا لەگەڵ ئەم کەس و ئەو کەس نییە و، هەموویان پەروەردەی یەك قوتابخانەن، بیرکردنەوەی گەلی سەردەست لە عێراقدا کە عەرەبە، ئەوجا چەپ بێت، یان راست، عەلمانی بێت، یان ئیسلامی، شیعە بێیت، یان سوننە، هەموویان بەرامبەر بە کێشەی نەتەوەیی کورد یەکدەگرنەوە و هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نابینم.

هەربۆیە کاتێك ئەقڵییەتە شۆڤێنییەکە لە روانگەی مەزهەبگەرایی و شۆڤێنییەتی نەتەوەی سەردەستەوە دەیەوێت ئەم دەوڵەتە بەڕێوەبەرێت، عێراقی گەیاندۆتە ئەو قۆناخەی وەك لە یەك دوو رۆژ پێش ئێستا نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی پێکرد، دەوڵەتی عێراق لەلایەن حکومەتێکی فاشیل و گەندەڵەوە بەڕێوەدەبرێت. بۆیە پرسیاری گرنگ کە رووبەڕووی هەموو لایەکمان دەبێتەوە، ئەوەیە: دەوڵەتێك کە حکومەتێکی فاشیل و گەندەڵ بەڕێوەی ببات، ئایا ئێمەی کوردستانی چۆن دەتوانین بڵێین لەم حکومەتەدا شەریك، یان هاوبەشین، یان ئەو مافانەی هەمانە ئەو حکومەتە فاشیل و گەندەڵە دەیسەلمێنێت؟ بێگومان ئەمە هیچ مومکین نییە، لەبەر ئەوەی ئەوان خۆیان پێ بەڕێوەناچێت، چۆن بتوانن کێشەکانی ئێمە چارەسەربکەن؟!

عێراقی ئێستا لەبەرامبەر کورد بریتییە لە سیاسەتی ئەقڵییەتی شۆڤێنیی عەرەبی بەرامبەر بە کورد، لە نێو خۆشیاندا بە سەر مەزهەبی شیعە و سوننەدا دابەش بوون، هەر بۆیە هەر هەنگاوێك کە هەڵیدەگرن وەك ئەوەی ئێستا ناویان لێناوە چاکسازی و حکومەتی تەکنۆکرات، ئەمەش جۆرێکە لە درێژەدان بە هەمان سیاسەت، ئەگەرنا پرۆسەی چاکسازی بە گۆڕینی وەزیرێك بە یەکێکی دیکە، هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت، بەڵام سەرکردایەتی ئێمە تێدەگات کە پرسەکە ئەمە نییە و حکومەتەکە هەر هەمووی لە بناخەوە گەندەڵە و لەبەریەك هەڵوەشاوە.

زاڵبوونی هەردوو ئەقڵییەتی شۆڤێنی و مەزهەبگەرایی بە سەر حکومەتی عێراقدا بارودۆخەکەی گەیاندۆتە پاشاگەردانییەکی تەواو، ئێمەی کوردیش بەشێك نین لە ململانێی نێوان عەرەبی سوننە و شیعە، بەڵام ئێمە بووینە قوربانیی ئەو ململانێ مەزهەبییەی لە نێوان سوننە و شیعەدا هەیە، هەر بۆیە ئەم واقیعە پێمان دەڵێت، عێراقێك ناسنامەکەی ئەمە بێت، عێراقێك بە درێژای مێژووی خۆی و مێژووی حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی یەك بیرکردنەوەیان بەرامبەر کورد هەبێت، ئەوا کورد وەك گەلێکی ئازادیخواز و دیموکراتخواز چیدیکە ناتوانێت لەگەڵ ئەو جۆرە ئەقڵییەتە پێکەوە بژی.

## ● تێڕوانینی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەرکی ئێمە وەك نەتەوەیەکی ئاشتیخواز

ئەوەی جێگەی داخە، ئەوەیە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واقیعەی عێراق، سیاسەتێکی لێڵ و تەمومژاوی هەیە و هەتا ئێستاش لەسەر ئاستی پێوەندییە دیپلۆماتییەکان پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵنەوە، بەڵام ئەم ئومێدەی سەرمێزی دیپلۆماتییەت لەگەڵ واقیعی راستەقینەی ئێستای عێراق یەك ناگرێتەوە و لە سەر ئەرزی واقیع عێراقی یەکگرتوو بوونی نەماوە و جارێکی دیکەش هێچ هێزێك ناتوانێت یەکی بخاتەوە.

لەوانەیە هێزە نێودەوڵەتییەکان و لە سەرووی

**سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و لە سەرووی هەمووشیانەوە شەخسی سەرۆکی هەرێمی کورستان، بەهەموو جیهانیان راگەیاندووە، پێویستە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتییانە بێت و دوور بێت لە شەڕ و توندوتیژی، بێگومان ئەم پرۆسەیەش پێویستی بەوەیە لەگەڵ بەغداو تاران و ئەنکەرا و تەنانەت دیمەشقیش ئەگەر حکومەتێکی دیکەی تیا دروستبوو، راشکاوانە دیالۆگی لەسەر بکرێت**

**دەبێت پارێزگای نەینەوا دابەش بکرێت بۆ ٣ پارێزگای تازە و بریتی دەبن لە پارێزگای شنگال، کە دەبێتە پارێزگایەک لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارێزگای دەشتی نەینەوا بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی کریستیان و ئێزیدی و کوردی شەبەک و ئەوانی دیکە، ئەم پارێزگایە دەکرێت خۆیان بڕیار بدەن لەگەڵ هەرێمی موسڵ دەبن، یان دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەگەڵ پارێزگایەک لە سەنتەری شاری موسڵ بۆ عەرەبی سوننە**

هەمووشیانەوە ئەمەریکا، نەتوانن بە ئاشکرا واقیعی عێراق چۆنە رایبگەیەنن، بەڵام ئێمە وەك کە خۆمان لەناو ئەو راستییەدا دەژین، دەبێت هەوڵی خۆمان لە سەر هەموو ئاستەکانی ناوخۆ و دەرەوە بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم واقیعە بە هەموو لایەك رابگەیەنین و بیانگەیەنینە قەناعەت و پێیان بڵێین، هەتا ئەم دەوڵەتە گەندەڵ و رووخاوە بە یەکگرتووی بمێنێتەوە، ئاسایشی ناوچەکە و جیهانیش ئۆقرەی بە خۆیەوە نابینێت و هەموو نەهامەتییەکانیش دەرەنجامی ئەو عێراقەیە کە بە زۆر پێکەوە لکێندراوە.

دیارە کە دەڵێم پێویستە ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان لەگەڵ هەموو لایەك و لەسەر هەموو ئاستێك بخەینەگەڕ، لەو روانگەیەوە دەڵێم کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و لە سەرووی هەمووشیانەوە شەخسی سەرۆکی هەرێمی کورستان، بەهەموو جیهانیان راگەیاندووە، پێویستە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بە رێگەی دیالۆگ و ئاشتییانە بێت و دوور بێت لە شەڕ و توندوتیژی، بێگومان ئەم پرۆسەیەش پێویستی بەوەیە لەگەڵ بەغداو تاران و ئەنکەرا و تەنانەت دیمەشقیش ئەگەر حکومەتێکی دیکەی تیا دروستبوو، راشکاوانە دیالۆگی لەسەر بکرێت و لەگەڵیاندا بگەینە جۆرێك لە تێگەیشتن و رێککەوتن، بەوەی ئەم رێگەیە باشترین رێگەیە بۆ ئەوەی مێژووی خوێناوی رابردوو دووبارە نەبێتەوە و قۆناخێکی نوێ لە گەشەسەندن و پەرەپێدانی بەردەوام بۆ هەموو پێکهاتەکانی عێراق بێتەئاراوە و لە بری شەڕ و دوژمنایەتی لەگەڵ یەکتری، قۆناخی هەماهەنگی و هاریکاری و یەکتری قبووڵکردن لەسەر بنەمای هاوسێیەتیی باش بێتەئاراوە.

ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چارەکە سەدەی رابردوودا ئەو راستییەی بۆ جیهان سەلماندووە، تەنانەت لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٣ کە رژێمی سەدام حوسێن-یش لە دەسەڵاتدا بوو، کوردستان وەك دیفاکتۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە و خەتی ٣٦ بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سنووری نێوان کوردستان و رژێمی سەدام حوسێن بووە، هەروەها جۆری ئەو پارەی مامەڵەی پێدەکرا لە دەوڵەتەکەی سەدام حوسێن دیناری چاپی عێراقی بوو، بەڵام لە کوردستان دیناری چاپی سویسری بوو، ئەوکات لەگەڵ ئەوەی کوردستان لە ژێر دوو گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتی و بەغداشدا بوو، بەڵام هەنگاوەکانی بونیادنانەوە و پیادەکردنی ئەزموونی دیموکراتی و رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری بە شێوەیەکی زۆر باش لەچاو ئەو بارودۆخەدا هەنگاوی بەرەوپێشەوە هەڵدەگرت، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ش کە بە حیساب عێراقی نوێ دامەزرێنەرایەوە و لە دەستووری عێراقدا بە فەرمی هەرێمی کوردستان چەسپێندرا و بڕی ١٧٪ لە بودجەی عێراقی بۆ دیاریکرا، بەڵام بە شێوەی کرداری هەرگیز لە رێژەی ١٠-١٢٪ تێپەڕی نەکردووە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین بەو بڕە پارە دیاریکراوە هاتۆتە کوردستان، ئەوا پرۆژەکانی پەرەپێدان و بووژانەوەی کوردستان بە بەراورد بە هەموو بەشەکانی دیکەی عێراق، زۆر جیاوازترە. هەر بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی هەولێر بە بەغدا بکەین، ئەوا هەموو جیهان شاهیدی ئەوە دەدەن هەولێر لە پەرەپێداندا گەیشتۆتە کوێ و بەغداش ئەگەر ناوچەی سەوزی لێ دەربکەین، دەبینین چۆن گەڕاوەتەوە بۆ دواوە و بێجگە لە شارێکی پیس و پۆخڵی بێ خزمەتگوزاری شتێکی دیکە نییە.

## ● رێکخستنەوەی سیاسەتی ناوخۆ و ئامادەباشی بۆ ئەگەر و مەترسییەکان

لێرەوە ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەم واقیعە، باری سیاسی و ناوخۆی کوردستان بخوێنینەوە، ئەوا ئەو واقیعە سیاسییەی هەیە، لەسەر هەموو لایەنە سیاسییەکان و تەواوی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فەرزی دەکات، کە دەبێت هەموومان پێکەوە دەستی پێوە بگرین و بیپارێزین. راستە ئێستا لە کوردستان کێشەیەکی سیاسی هەیە، بەڵام بە بۆچوونی من نەدەبوو ئەم کێشەیە ئەوەندە درێژەبکێشێت، لەبەر ئەوەی ئەو کێشە سیاسییەی ئێستا لە کوردستان بوونی هەیە، نە ئەوەندە کێشەیەکی قووڵە چارەسەر نەکرێت، نە ئەوەندەش سەرەکییە کە واقیعی ئێستامان لەبیر بەرێتەوە، ئەو کێشەیە لە بنەڕەتدا بەرەنجامی توندڕەوی لایەنێکی سیاسییە کە هەموو ئامانجی ئەوە بووە بەرامبەرەکەی رەتبکاتەوە و بیشکێنێت،هەر خۆشیان سوور بوون لەسەر ئەوەی ئەو تەنگژە سیاسییە تا ئێستا درێژەی هەبێت. بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو حزبە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێکەوە خۆمان لە بەردەم بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی و ئەخلاقی ببینین و بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی ئێستا و ئایندەمان بخوێنینەوە.

**لەووو پێشیش لە سەعدیە و جەلەولا و ئێستاش لە شنگال هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی بەناوی جۆراوجۆر دژی پێشمەرگە خەڵکانێک چەکدار بکەن و پارەیان دەدەنێ بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ کوردستان دروست بکەن و شەڕ و دوژمنایەتی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی دروست بکەن**

**زاڵبوونی هەردوو ئەقڵییەتی شۆڤێنی و مەزهەبگەرایی بە سەر حکومەتی عێراقدا بارودۆخەکەی گەیاندۆتە پاشاگەردانییەکی تەواو، ئێمەی کوردیش بەشێک نین لە ململانێی نێوان عەرەبی سوننە و شیعە، بەڵام ئێمە بووینە قوربانیی ئەو ململانێ مەزهەبییەی لە نێوان سوننە و شیعەدا هەیە**

**کاتێک ئەقڵییەتە شۆڤێنییەکە لە روانگەی مەزهەبگەرایی و شۆڤێنییەتی نەتەوەی سەردەستەوە دەیەوێت ئەم دەوڵەتە بەڕێوەبەرێت، عێراقی گەیاندۆتە ئەو قۆناخەی وەک لە یەک دوو رۆژ پێش ئێستا نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی پێکرد، دەوڵەتی عێراق لەلایەن حکومەتێکی فاشیل و گەندەڵەوە بەڕێوەدەبرێت**

پێش هەموو شت دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە ئێستا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم وەرچەرخانێکی گەورە و خێرادایە و ئەمساڵ ١٠٠ ساڵی تەواو بە سەر رێککەوتنە شوومەکەی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت، ئەو دەوڵەتانەی خۆیان ئەندازیاری ئەو رێککەوتنەن، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی هەتا نەخشەی سایکس پیکۆ درێژەی پێبدرێت، نە ناوچەکە سەقامگیری بە خۆیەوە دەبینێت و نە چیتر بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش پارێزراو دەبێت، بۆیە گرنگە لەم واقیعەدا کورد لەو ئاستەدا بێت کە بتوانێت ئیرادەی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندی نێودەوڵەتی و ئاشتی و ئاسایشی جیهانی گرێبداتەوە.

## ● پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ و قۆناخی دوای داعش

لایەنێکی دیکەی واقیعی سیاسیی ئێستا، بێگومان ئەوەیە کە ئامادەباشییەکی تەواو هەیە بۆ ئازادکرنەوەی شاری موسڵ، ئەمەش مانای ئەوەیە بە ئازادکرنەوەی ئەو شارە، قۆناخی دوای داعش دەست پێدەکات، کە هەم قۆناخێکی تازە دەبێت، هەمیش قۆناخێکی هەستیار و ئاڵۆز دەبێت، بۆیە لەم راستەوە پێویستە کورد تەواو ئامادەباشی خۆی رێکبخات، ئایا دوای ئازادکردنی موسڵ بارودۆخەکە چۆن دەبێت؟ ئەوەندەی من ئاگادارم سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە تێکڕای کۆبوونەوەکانی لەگەڵ ئەو شاندانەی دێنە کوردستان و هەروەها لە کۆبوونەوەکانیشی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، قۆناخی دوای ئازادکردنەوەی موسڵ چی دەبێت و ئایا چۆن ئیدارەی پارێزگای نەینەوا بەڕێوەدەبرێت؟ ناوچە کوردستانییەکانی ناو جوگرافیای پارێزگای نەینەوای ئێستا چۆن دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان؟ لەمەش زیاتر دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا دوای ئازادکردنەوەی موسڵ، لەگەڵ عێراقدا پێوەندیمان چۆن دەبێت؟ ئایا حەشدی شەعبی مەترسی لەسەرمان دروست دەکات، یان نە؟ هەموو ئەم پرسیارانە و چەندانی تریش، بەرپرسیاریەتی هەموو حزبەکانی کوردستان دەبێت بە یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی وەڵامی بدەنەوە. دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین ئەوەی لەچەند رۆژی رابردوو لە نێوان هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی لە خورماتوو روویدا، ئەوە یەکەمجار نییە و دوایین جاریش نابێت، لەبەر ئەوەی لەوەو پێشیش لە سەعدیە و جەلەولا و ئێستاش لە شنگال هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی بەناوی جۆراوجۆر دژی پێشمەرگە خەڵکانێك چەکدار بکەن و پارەیان دەدەنێ بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ کوردستان دروست بکەن و شەڕ و دوژمنایەتی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی دروست بکەن، ئەگەر ئەمە نییەتیان نییە بۆچی بە درێژایی مێژوو کورد و تورکمان پێکەوە لە خورماتوو ژیاون و شەڕ لە نێوانیاندا دروست نەبووە؟ بۆچی هەتا حەشدی شەعبی لەو شارۆچکەیە پێکنەهێنرابوو، پێشمەرگە بەرگری لە خورماتوو دەکرد، ئەم کێشانە بوونی نەبوو؟ بە هەمان شێوە لە دوای ئازادکردنی موسڵ مەترسیی عەرەبی سوننەش دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی هەموو عەرەبی سوننە وەك ئەو بەشە بیرناکەنەوە کە دەیانەوێت لەگەڵ کورد لە ئاشتی بژین، بۆیە ترسی ئەوەش هەیە، ئەوانیش کێشە دروست بکەن.

بۆ هەموو ئەم ئەگەرانەی ئێستا پێشبینییان دەکرێت، دەبێت ئێمە وەڵامدانەوە و بەرنامەی پێویستمان هەبێت. سەبارەت بە پارێزگای نەینەوا، من وای بۆدەچم، دەبێت پارێزگای نەینەوا دابەش بکرێت بۆ ٣ پارێزگای تازە و بریتی دەبن لە پارێزگای شنگال، کە دەبێتە پارێزگایەك لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارێزگای دەشتی نەینەوا بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی کریستیان و ئێزیدی و کوردی شەبەك و ئەوانی دیکە، ئەم پارێزگایە دەکرێت خۆیان بڕیار بدەن لەگەڵ هەرێمی موسڵ دەبن، یان دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەگەڵ پارێزگایەك لە سەنتەری شاری موسڵ بۆ عەرەبی سوننە. سەبارەت بە مەترسییەکانی حەشدی شەعبی و ئایندەی پێوەندییەکانیشمان لەگەڵ عێراق، ئەوا دەبێت هەموومان لەسەر ئەو راستییە پێداگیر بین، بەوەی راستە ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ عێراق بە ئاشتی و دیالۆگ جیاببینەوە و وەك دوو دەوڵەتی هاوسێی یەکتری پەیڕەوی سیاسەتی هاوسێیەتی باش لەگەڵ یەکتری بکەین، بەڵام ئەم ئومێدەی ئێمە بەندە بەوەی چۆن خۆمان رێکدەخەینەوە و چۆن بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی رووبەڕووی تەحەدییەکان دەبینەوە و چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان دەدۆزینەوە.

---

*** راوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**ئەگەر بەراوردی هەولێر بە بەغدا بکەین، ئەوا هەموو جیهان شاهیدی ئەوە دەدەن هەولێر لە پەرەپێداندا گەیشتۆتە کوێ و بەغداش ئەگەر ناوچەی سەوزی لێ دەربکەین، دەبینین چۆن گەڕاوەتەوە بۆ دواوە و بێجگە لە شارێکی پیس و پۆخڵی بێ خزمەتگوزاری شتێکی دیکە نییە**

**کاتی ئەوەیە هەموو حزبە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێکەوە خۆمان لە بەردەم بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی و ئەخلاقی ببینین و بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی ئێستا و ئایندەمان بخوێنینەوە**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە تێکڕای کۆبوونەوەکانی لەگەڵ ئەو شاندانەی دێنە کوردستان و هەروەها لە کۆبوونەوەکانیشی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، قۆناخی دوای ئازادکردنەوەی موسڵ چی دەبێت و ئایا چۆن ئیدارەی پارێزگای نەینەوا بەڕێوەدەبرێت؟ ناوچە کوردستانییەکانی ناو جوگرافیای پارێزگای نەینەوای ئێستا چۆن دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان؟**



**ستێڤن ڤان ئێڤێرا**

**پسپۆڕی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:**

# ئەمەریکا باش دەزانێت حکومەتی بەغدا شکستخواردووە و ناتوانێت حوکمڕانی بکات، بۆیە دەبێت پشتگیری لە دابەشکردنی عێراق بکات

**چیدیکە جگە لە وەسفی گەندەڵ و شکستخواردوو بۆ نازناوی دەوڵەتی عێراق، شتێکی زیاتر نییە. عێراق وەك دەوڵەت و حوکمڕانی سەلماندی کە ناتوانێت نوێنەرایەتی هەموو ئەو پێکهاتانە بکات کە لە نێو ئەو وڵاتەدا دەژین. هەروەك چۆن لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو یوگسلافیا سەلماندی دەوڵەتێکی شکستخواردووە و ناتوانێت حوکمڕانیی پیکهاتە جیاوازەکانی بکات، پشتگوێخستنی دابەشبوونی وڵاتانی وەك یوگسلافیای پێشوو و عێراقی ئێستا، زیاتر کارەساتی گەورەتر و خوێناویتری لە نێوان پێکهاتەکانی هێناوەتەئاراوە، پاشانیش هەر ناچار بوون پەنا بۆ رێگەچارە گونجاوەکە بەرن کە دابەشکردن و لێکجیاکردنەوەی ئەو پێکهاتانەیە کە ناتوانن چیدیکە پێکەوە بژین. لە ئێستادا عێراق بەرەو دواقۆناخەکانی خۆی وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەچێت، لەسەر ئەرزی واقیع ئەو دەوڵەتە وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو بوونی نەماوە، بەڵام هەتا ئێستاش سیاسەتی ئەمەریکا پێداگیری لەوە دەکات ئەم وڵاتە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆرستێڤن ڤان ئێڤێرا هەڵگری بڕوانامەی زانستی سیاسەت لە زانکۆی کالیفۆڕنیا کرد. پرۆفیسۆر ئێڤێرا کە ئێستا وانەبێژ و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی تەکنیکی ماسیۆشیتد، تایبەتمەندە لەسەر هۆکار و رێگریکردن لە شەڕ، ناکۆکیی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، پێوەندییەکانی ئەمەریکا و جیهانی سێ و ستراتیژیەتی سەربازی و سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەم وتووێژەدا لە بارەی شیکردنەوەی تێڕوانینی ئەمەریکا لە ئاست عێراق و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە سەر عێراق و رۆڵی خراپی میلیشیا توندڕەوەکان، بەمجۆرە وەڵامی پرسارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بەشی زۆری چاودێرانی سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بۆ عێراق، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئیدارەی ئۆباما لە ماوەی هەشتساڵی رابردوو سیاسەتێکی سەرکەوتووی بەرامبەر عێراق پیادە نەکردووە، ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراقیش بەشێکی بەهۆی پشتگوێخستنی عێراق بووە لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم چەند مانگەی لە ئیدارەکەیدا ماویەتی، زیاتر هەوڵی خۆی لە سەر عێراق چڕکردۆتەوە، ئایا ئەمە بۆ ئەوە نییە پارتی دیموکراتی ئەمەریکا لە هەڵبژاردنەکاندا تێکنەشکێت؟**

- ئەوەندەی من تێگەیشتووم لە سیاسەتی سەرۆك ئۆباما بەتایبەتیش لە سیاسەتی دەرەوەی ئەم ئیدارەیە، ئەوەیە سەرۆك ئۆباما هیچ هەنگاوێك بەو ئامانجە هەڵناگرێت بۆ ئەوەی پێگەی پارتی دیموکراتی ئەمەریکا باشتر بکات، یان مەبەستی

**سوننەکانی ناوچەکانی ژێردەستی داعش هەر جۆر حوکمڕانییەکی قبووڵ دەکەن، ئەویش لە بەشێکیدا لەبەر ئەوەی پێیانوایە ئەو حکومڕانییە هەرچییەک بێت، لە حوکمڕانیی شیعە باشترە، بەڵام بە دابەش بوونی وڵاتەکە ئەوا چیتر نیگەران نابن لە بارەی شیعە و چیتر حکومەتی شیعە حکومڕانیان ناکات و ئەو کاتە باشتر لە دژی داعش دەوەستنەوە**

**تاکە ئامرازێک کە بەغدا بە دەستیەوە ماوە بۆ گرتنەوەی موسڵ بریتییە لە میلیشیا ئایینییەکان، یان میلیشیا توندڕەوەکان کە مافی هەموو لایەک پێشێل دەکەن، ئەمەش کێشەیەکە کە وەک پێویست لە واشنتۆن باس نەکراوە**

**پێویستە ئەمەریکا پێداگیری لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی جیاواز لە بەغدا بکات کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق بکات، نەک تەنیا شیعەکان، بەڵام کەس گوێ بەمە نادات**

پارێزگاریکردن بێت بە سەرمایەی سیاسی خۆیەوە، ئەو لەسەر ئەو بنەمایە هەنگاو هەڵدەگرێت کە لەبەرژەوەندی ئەمەریکا و جیهانیشدا بێت، راستە ئەو هەڵەی گەورەی کرد لە عێراق و سووریادا، من ئومێدی ئەوەم دەخواست کە چارەسەرێکی ئاشتییانەی لە سووریادا بهێنایەتەئاراوە کە دابەشبوونی وڵاتەکەی لەخۆ بگرتایە و ئەو دابەشبوونەش بە مانای ئازادی بهاتایە بۆ کوردی سووریا، واتە وڵاتەکەی لەسەر زۆنی ئیتنی و ئایینی دابەش بکردایە، زۆنی عەرەبە سوننەکان و زۆنی عەلەوییەکان- یاخود ڕەنگە عەلەوی و مەسیحییەکان- و زۆنی کورد. هەروەها پێموایە پێویستە بیرکردنەوەیەکی هاوشێوەی هەبێت لە ئاست عێراقدا، بۆ من مایەی نائومێدییەکی گەورە بوو کە سەرۆك ئۆباما وەك پێویست فشاری لەسەر بەغدا نەکرد بۆ ئەوەی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەموو بەشەکانی عێراقدا بکات. کێشەی بەغدا لە تێڕوانینی شۆڤێنییانەی حکومەتەکەی مالیکیدا بوو، هەروەها حکومەتەکەی ئێستاش کە نەیتوانیوە مامەڵەیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ عەرەبی سوننە و کورددا بکات، کەواتە ئەگەر حکومەتێك نەتوانیت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی خۆیدا کە عێراقە بکات، ئەوا دەبوو ئیدارەی ئەمریکی کار بۆ دابەشکردنی وڵاتەکە بکات.

*** بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردن و پرسیارە ئەوەیە، بۆچی ئەمەریکا پێداگیری لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکات، چونکە ئەوەی ئێستا لە سەر ئەرزی واقیع بەدی دەکرێت بە کردەیی وڵاتەکە دابەش بوو و پارچە پارچە بووە، بەڵام بۆچی ئەمەریکا ڕێگری دەکات لەوەی ئەم دابەشبوونە قاڵبێکی رەسمی وەربگرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، کە گفتوگۆیەکی کەمی لەبارەوە دەکرێت لە رۆژنامەکانی ئەمەریکادا، راستە بۆ چەندین ساڵ باسکراوە، مەزەندەی من ئەوەیە کە فشاری تورکیا لەسەر ئەمەریکا ڕێگر بووە لەوەی بە شێوەیەکی فراوان و کراوە باس لە واقیعی ئێستای عێراق بکرێت و بیر لە ڕێگەچارەیەك بکرێتەوە کە ئەویش دابەشکردنی عێراقە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تورکیا ترسی لەوە هەیە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە عێراقدا کاریگەری هەبێت لەسەر ڕەوتە سەربەخۆخواز و جوداخوازەکانی نێو کوردی تورکیا. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە ئەمەریکا لە رووی مێژووییەوە هەمیشە سیاسەتی بەوشێوەیە بووە لە ئاستی پێویستی دابەشکردنی وڵاتان بۆ چارەسەکردنی کێشەی ئەو پێکهاتانەی لەو وڵاتەدا دەژین و چیدیکە ناتوانن پێکەوە بژین، ئەمەریکا لەم حاڵەتانەدا چاوی خۆی نووقاندووە و نەیویستووە ببێتە بەشێك لەو پرۆسەیە، بێگومان لەسەر پرسی بۆسنیا-ش ئەمەریکا زۆر دوودڵ بوو، بۆیە زۆر بە سستی هەنگاوی هەڵدەگرت و زۆر درەنگ گەیشتە قەناعەت کە پێویستە بۆسنیا دابەش بکرێت، لە کاتێکدا بە بۆچوونی من دەبوو بۆسنیا لە ساڵانی نەوەتەوەکاندا بۆ سێ بەش دابەش بووایە. هەروەها ئەمەریکا سست بوو لە درککردن بە پێویستی دابەش بوونی سووریا و بەشدار نەبوو لە ئیدارەدانی ئەو دابەشبوونە. لەبەر ئەوە من ئەم دوودڵییە، یان رەتکردنەوەی دابەشبوونە- وەك چارەسەرێك بۆ شەڕی ناوخۆیی- لە لایەن ئەمەریکاوە بە کارێکی ناعەقڵانی دەزانم و نازانم هۆکارەکەی چییە. لەبەر ئەوەی دەوڵەتێك گەیشتە ئەو ئاستەی شکستخواردوو بێت و مامەڵەی خراپ لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی بکات، بێگومان بەردەوامی ئەو دەوڵەتە شکستخواردووە ئاکام و کارەساتی خراپتری لێدەکەوێتەوە. ئەمە وایکردووە من وەك رای شەخسی خۆم پشتیوانی دابەشکردن و لێکجیاکردنەوەی ئەو لایەنە پێکناکۆکانە بکەم کە لە وڵاتێکدا ناتوانن چیدیکە پێکەوە بژین، ئەمەش پێچەوانەی زۆرێك لەو کەسانەیە کە لە ناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکا کاردەکەن. راشکاوانەتر بۆچوونی من بەو جۆرەیە ئەگەر پێوەندی و مامەڵە لە نێوان حکومەت و پێکهاتەکاندا گەیشتە ئەم حاڵەتە خراپە، بۆچی جیانەبنەوە؟ ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکی ناتوانێت گوشار بخاتە سەر بەغدا بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کورد و سوننە و هەمواندا بکات، ئیدی بۆچی ئەمەریکا دان بەوەدا نانێت کە ئەم حکومەتە شکستی هێناوە و پێویستە وڵاتەکە دابەش بێت. من هاوڕام لەگەڵ پرسیارەکەتاندا.

*** لە ئێستادا کورد و سوننە لە حوکمڕانی شیعە لە بەغدا ناڕازین، لە لەلایەکی دیکەوە ئێران کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە لەم وڵاتەدا، پرسیارەکە ئەوەیە هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی و لە سایەی حوکمڕانی شیعەدا کە لە ژێر کاریگەری ئێراندا بێت، ئایا خزمەت بە پرۆژەکەی ئێران ناکات بۆ دروستکردن و تەواوکردنی هیلالی شیعە لە ناوچەکەدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی جێی سەرنجە کە عێراقێکی یەکگرتوو دەبێتە ئامرازێك بە دەست ئێرانەوە و بەردەوامبوونی عێراقیش وەك وڵاتێکی یەکگرتوو زەمینە بۆ ئێران دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لە ناوچەکەدا و خۆ ئەگەر عێراقیش دابەش بێت، ئەوا ئێران تەنیا کاریگەری لەسەر بەشە شیعەکەی دەبێت. هەرچۆنێك بێت ئەوەی پێوەندی بە برەودان، یان بە کەمکردنەوەی کاریگەری ئێرانەوە هەبێت، ئەوا پێموایە بەرپابوونی ئاشتی لە عێراقدا دەستڕۆیشتویی ئێران لەم وڵاتەدا کەم دەکاتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی شیعە و سوننە لە ناکۆکیدان لەگەڵ یەکدا و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی هەوڵ بدەن هاوکاری لە دەرەوە وەربگرن، ئەمەش حاڵی سوننەکانە لەگەڵ داعشدا، چونکە سوننەکان پێویستیان بە هاوکاری لایەنێك هەیە لە دژی بەغدای شیعە، هەروەها شیعە ئامادەن بۆ ئەوەی لەلایەن ئێرانەوە هاوکاری بکرێن. کەواتە ئەوە راستە کە ئێران دەستڕۆیشتوویەکی قووڵی هەیە لە عێراقدا و عێراق وەك ئامرازێك بۆ سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا بەکار دەهێنێت. ئەمەش لە بەشێکیدا لەبەر ئەوەیە عەرەبە شیعەکان پێویستییان بە هاوپەیمانێکە چونکە لە شەڕدان.

*** بەڵام بۆچی ئەمەریکاش بە هەمان شێوەی ئێران سوورە لە سەر پاراستنی یەکێتیی عێراق، یاخود بۆچی ئەوەندە پشتیوانی حکومەتی عێراق دەکات لە کاتێکدا ئەم حکومەتە لە ژێر کاریگەرییەکی زۆری ئێراندایە؟**

- خاڵێکی باشتان ورووژاند، حکومەتی ئێستای عێراق لە ژێر کاریگەری گەورەی ئێراندایە، ئەوەی لای من جێگەی هەڵوەستە و سەرنجە ئەمەریکا مەیلێکی زۆری بۆ ئێران نییە، بەڵام بۆچی ئەمەریکا ئەوە قبووڵ دەکات کە حکومەتی عێراق بەو ئاستە لە ژێر کاریگەری ئێراندا بێت، من ئەمەم لا سەیرە، بۆیە منیش هاوڕام کە ئەمە ستراتیژیەتێکی خراپە.

*** لە ئێستادا عێراق سوپایەکی کارای نییە کە توانای ئازادکردنەوەی شوێنە داگیرکراوەکانی هەبێت، بەتایبەتی موسڵ، بۆیە ناچارە پەنا بۆ هێزەکانی میلیشیای حەشدی شەعبی بەرێت، هەر شەڕێکیش حەشدی شەعبی بیکات، کارەساتی مرۆیی لێدەکەوێتەوە، هەروەك ئەو کارەساتە مرۆییانەی لە دوای ئازادکردنی ڕوومادییەوە دروست بوون. پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر عێراق ئەم سوپایەی نەبێت کە بتوانێت خاکەکەی بپارێزێت، ئایا ئەم میلیشیایانە نابنە سەرچاوەی کێشە و کارەسات؟ ئایا دەبێت هەڵوێستی ئەمەریکا لەم رووەوە چی بێت؟**

- من بە تەواوەتی هاوڕام لەگەڵتاندا، هەر لەبەر ئەوە بوو کە وتم پێویستە ئەمەریکا پێداگیری لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی جیاواز لە بەغدا بکات کە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق بکات، نەك تەنیا شیعەکان، بەڵام کەس گوێ بەمە نادات. کەواتە هەر وەك ئێوە دەڵێن ئایا عێراق چ هێزێکی بەدەستەوە ماوە بۆ گرتنەوەی موسڵ جگە لە شیعە توندڕەوەکان، کە ئەم میلیشیایانە بە چەشنی داعش کۆمەڵکوژی و جینۆسایدیان ئەنجام داوە. تاکە ئامرازێك کە بەغدا بە دەستیەوە ماوە بۆ گرتنەوەی موسڵ بریتییە لە میلیشیا ئایینییەکان، یان میلیشیا توندڕەوەکان کە مافی هەموو لایەك پێشێل دەکەن، ئەمەش کێشەیەکە کە وەك پێویست لە واشنتۆن باس نەکراوە.

*** ئایا ئەمەریکا پلانی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکە، یان تەنیا کاردانەوەی هەیە بۆ ئەو رووداو و پەرەسەندنانەی روودەدەن؟ ئایا چارەسەری دوورمەودای کێشەکانی عێراق لە چیدا بەرجەستە دەبێت؟**

- بۆ من جێی سەرسوڕمانە کە حکومەتی ئەمەریکا و داڕێژەرانی سیاسەت کار لەسەر ئەوە دەکەن بە هۆی میلیشیا توندڕەوەکانەوە رووبەڕووی داعش ببنەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت بە تێڕوانینی من دابەشکردنی ئەم وڵاتە باشترین رێگاچارەیە. پێموایە سوننەی ناوچەکانی ژێردەستی داعش هەر جۆر حوکمڕانییەکی قبووڵ دەکەن، ئەویش لە بەشێکیدا لەبەر ئەوەی پێیانوایە ئەو حکومڕانییە هەرچیەك بێت، لە حوکمڕانیی شیعە باشترە، بەڵام بە دابەش بوونی وڵاتەکە ئەوا چیتر نیگەران نابن لە بارەی شیعە و چیتر حکومەتی شیعە حکومڕانیان ناکات و ئەو کاتە باشتر لە دژی داعش دەوەستنەوە. کەواتە یەکێك لە رێگاکانی لە ناوبردنی داعش سەرەتا دەبێت سیستمێکی نوێ بێتەئاراوە و دابەشبوونێك بۆ سێ بەش رووبدات، ناوچەکانی سوننە و شیعە و کورد، ئەو کاتەش هاوکاری ئەو سوننانە بکرێت کە ئامادەن بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، ئەمە باشترین رێگایە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

**عێراقێکی یەکگرتوو دەبێتە ئامرازێک بە دەست ئێرانەوە و بەردەوامبوونی عێراقیش وەک وڵاتێکی یەکگرتوو زەمینە بۆ ئێران دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی برەو بە دەسترۆیشتوویی خۆی بدات**

**ئەم دوودڵییە، یان رەتکردنەوەی دابەشبوونە- وەک چارەسەرێک بۆ شەڕی ناوخۆیی- لە لایەن ئەمەریکاوە بە کارێک ناعەقڵانی دەزانم و نازانم هۆکارەکەی چییە**

**فشاری تورکیا لەسەر ئەمەریکا رێگر بووە لەوەی بە شێوەیەکی فراوان و کراوە باس لە واقیعی ئێستای عێراق بکرێت و بیر لە رێگەچارەیەک بکرێتەوە کە ئەویش دابەشکردنی عێراقە**

**مایەی نائومێدییەکی گەورە بوو کە سەرۆک ئۆباما وەک پێویست فشاری لەسەر بەغدا نەکرد بۆ ئەوەی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەموو بەشەکانی عێراقدا بکات**

# بنچینەکانی دەوڵەت و دەوڵەتی کوردستان



پ. د. فوئاد حەمە خورشید

تایبەت بە گوڵان نووسیوبەتی

دەوڵەت، یان ئەوەی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە دەوڵەتی نەتەوەیی ناسراوە، بریتییە لە قەوارەیەك کە سروشتێکی یاسایی هەیە و، لە سایەی یاسای نێودەوڵەتیی کلاسیکدا خاوەنی چەند ماف و ئەرکێکە، هەروەك ئەوەی لە پەیماننامەی مۆنتیڤیدیۆ-دا هاتووە کە ئەم پەیماننامەیەش لە **١٩٣٣/١٢/٢٦** لە ئۆرۆگوای واژۆ کراوە و مەرج و بنچینە پێویستەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی بەم مەرجانەی خوارەوە دیاری کردووە:[١]

١. دانیشتووانێکی هەمیشەیی.
٢. خاك (نیشتمان)ێکی دیاریکراو.
٣. بوونی حکومەتێك کە توانای کۆنترۆڵکردنی ڕاستەقینە (سەروەری)ی بەسەر خاکەکەیدا هەبێت.
٤. توانای دروستکردنی پێوەندیی نێودەوڵەتی هەبێت.

ئەمەش بەو مانایە دێت کە دەوڵەت لە سەر بناغەی جوگرافی و مرۆیی و جیوپۆلەتیکی دادەمەزرێت.

نە لە جوگرافیای سیاسی و نە لە زانستە سیاسییەکاندا، پێناسەیەکی دیاریکراو نییە بۆ دەوڵەت کە هاوڕایی لەسەر بێت، بەڵکو دەیڤید ئیستۆن ئەوەی بەدی کردووە کە (١٤٠) پێناسە کراوە بۆ دەوڵەت، ڕەنگە لەوەش زیاتر بێت، کە ئەم پێناسانەش لە ماناکانیاندا جیاوازن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیا و بنەڕەتە فکری و سیاسییەکانی خاوەنی ئەو پێناسانە.[٢] بەڵام لەسەر ئاستی جیهانی دەوڵەت وا پێناسە دەکرێت کە (یەکەیەکی سیاسیی سەربەخۆیە، دەسەڵاتی بە سەر هەرێمێکدا هەیە کە دانیشتووانێکی هەمیشەیی هەیە و، خودان دەسەڵاتێکی سەروەری تەواوە بە سەر کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیەوە.)[٣]

لە فەرهەنگی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە کە دەوڵەت چەمکێکی یاساییە بۆ گروپێکی کۆمەڵایەتی کە لە خاکێکی دیاریکراودا نیشتەجێ دەبن، لە سایەی دامەزراوەیەکی سیاسیی گشتی و حکومەتێکی کارادا ڕێکخراوە، دەوڵەتیش لە ڕووی یاساییەوە ئەو کاتە دێتەئاراوە کە ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانیپێدا دەنێن.[٤] بەڵام سپراوت دەڵێت: دەوڵەت بریتییە لە ڕێکخستنێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، یاسایی تەواوکار بۆ گروپێکی مرۆیی، کە چەند خەسڵەتێکی گشتی و هاوبەشی هەیە وەك: دانیشتووان، حکومەت، ئابووری و کەلتووری نەتەوەیی، دەوڵەتێك نییە بە بێ بوونی ئەم خەسڵەتانە.[٥]

ئەمە لە کاتێکدا هەر یەکە لە (چاندەر) و( ئارورا) ئاماژە بەوە دەکەن کە سێ توخمەکەی سیستمی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ کە بناغەی سیستمە نێودەوڵەتییەکە پێکدەهێنن، هەر لە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، بریتین لە سەروەری و یەکپارچەیی خاك و یەکسانبوونی دەوڵەتان لە ڕووی یاساییەوە. لای ئەوان سەروەری بە واتای ئەوەی حکومەتەکان بریتین لەو یاسا باڵایەی کە دەسەڵاتەکان لەسەر خاکەکەیان دروستی دەکەن، بەو مانایە کە چەمکی سەروەری لای ئەوان بریتییە لە دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت کە مافی ئەوەی پێدەدات پەیماننامە و ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی ئەنجام بدات و داوای مافەکانی بکات بە چەشنی دەوڵەتە سەربەخۆکانی دیکە بە چاوپۆشین لە قەبارەی دەوڵەت و ژمارەی دانیشتووانەکەی و هێزی سوپاکەی و سەروەتە سروشتییەکانی، هەموو دەوڵەتێك لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا یەکسانە لە ماف و ئەرکەکاندا.(٦)

## ● بناغەی بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی

پەیماننامەی ویستڤالیای واژۆکراو لە ساڵی ١٦٤٨ لە نێوان هێزە ئەورووپییەکاندا، کە کۆتایی بە جەنگی ئایینی سی ساڵەی ( ١٦١٨-١٦٤٨) نێوان دەوڵەتە ئەورووپییەکان هێنا، بە یەکەم بناغەی ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەی ئێستا دادەنرێت کە لەسەر بنەمای سەروەری دەوڵەتی نەتەوەیی و دەستوەرنەدان لە کاروبارەکانی دەوڵەتانی دیکە دامەزراوە، کە دانی بە دەسەڵاتی حکومەتی دەوڵەتدا ناوە پتر لەو دەسەڵاتە ئایینیەی کە لە سیستمەکانی پێش پەیماننامەکەدا لە ئارادا بوو، بەو پێودانگەی کە تەنیا بە بوونی دەسەڵات و سەروەری دەسەڵات نیزام دێتەئاراوە، هەروەها ئازادییەکان بە بێ بوونی هەیمەنەی- ئەو دەسەڵاتە- ناچەسپێن.(٧) بەم شێوەیە دەوڵەتی نەتەوەیی جێی ئیمپراتۆریەتە دەرەبەگایەتییەکانی گرتەوە.

## ● سەروەریی دەوڵەت

کلاسنەر دەڵێت: دەوڵەت بریتییە لە شوێن(٨). شوێن، یان هەرێم تەوەری بایەخپێدانی جوگرافیای سیاسی و سەرکەوتنیەتی لە توێژینەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ کە لەسەر بنەماگەلێکی نەتەوەیی دامەزراوە. کە بریتییە لە گرنگترین شێوازی حکومرانی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چوار سەدە پێش ئێستا، کە دەرهاویشتەکەی لە ئەوروپا بریتی بوو لە سیستمی فیدراڵی بە شێوازی (regnum) یان سەروەری بۆ کەسێك دەگەڕێتەوە و، هەنگاو بە هەنگاو گۆڕدرا بۆ چەمکی (dominium) واتە سەروەری نیشتمانی، یان نەتەوەیی، ئەمەش بە واتای ئەوەی لەبری ئەوەی دانیشتووانەکەی ملکەچی سەروەریی کەسی بن (پاشا، یان دۆك، یان ئەمیر) دەچنە ژێرباری سەروەریی دەوڵەت، یان حکومەتەکەیەوە، واتە بۆ ناسنامەی هەرێمایەتی سیاسیی دەوڵەتەکە.(٩)

ئەو بناغە جیوپۆلەتیکییەی کە پەیماننامەی ویستڤالیا بۆ سیستمی نێودەوڵەتی دایناوە بەوەی کە نابێت دەوڵەتێك دەستێوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی دەوڵەتانی دیکەدا بکات، خەسڵەتێکی نوێی دیاری کرد کە پێشتر لە نێو دەوڵەتاندا لە ئارادا نەبوو، کە ئێستا پێی دەوترێت: «سەروەری» و هەموو دەوڵەتە هاوچەرخەکان خاوەن سەروەرین.(١٠)بیرۆکەی سەروەری درێژ بۆوە بۆ ئەوەی ئاماژە بێت بە سەربەخۆیی تەواوی دەوڵەت لە کاروبارە دەرەکییەکان و کاروبارە ناوخۆییەکانیدا.

واتە دەسەڵاتی باڵا و ڕەهای دەوڵەت بەسەر هەرێمە جوگرافیەکەیدا.(١١) هەروەها ئەمەش مانای پێدانی ئازادی تەواوە بە دەوڵەت لە پێوەندییەکانیدا لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمەش مانای سەربەخۆییە.(١٢) لەو ڕوانگەیەوە دەوڵەتی نەتەوەیی لە پەیماننامەی وستڤالیاوە قەوارەی باڵادەستە لە سیستمی نێودەوڵەتی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەهۆی ئەو هێزەی کە چەمکی سەروەری هەیەتی. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی ڕەها و سەربەخۆیی تەواوی —بە دەوڵەت- بەخشی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە پێوەندیدا بە کاروبارە دەرەکی و ناوخۆییەکانەوە، ئیدی ئەو دەوڵەتە نوێنەرایەتی خەڵك بکات، یان حکومەتێکی داپلۆسێنەری دیکتاتۆری بێت.(١٣)کە وابێت سەروەری بووە تاکە هێزێك کە بتوانێت یەکێتی سیاسی دەوڵەت بێنێتەدی، کە لەبەرامبەریدا هاووڵاتیەکانی تەنیا ملەکەچی و گوێڕایەڵی بۆ دەکەن، بەو پێیە، سەروەری واتا دەسەڵات.

## ● ئەندامێتیی دەوڵەت لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا

لە ماددەی چواری میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە (١٤)

یەکەم: ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕێگەپێدراوە بە سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی دۆستی ئاشتین و، خۆیان پابەند دەکەن بەو ئیلتیزاماتانەی لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، کە کۆمەڵەی نەتەوەکان پێیوایە دەتوانێت ئەم ئیلتیزاماتانە جێبەجێ بکات و پەرۆشە بۆیان.

دووەم: قبووڵکردنی هەر دەوڵەتێك لەم دەوڵەتانە لە ئەندامێتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان دەبێت، ئەویش لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی ئەنجومەنی ئاسایش.

**دروستکردنی دەوڵەتانی تورکیا و عێراق و سووریا بە بێ ئەوەی گەلی کورد دەوڵەتێکی هەبێت، هەروەها دارووخانی بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دەوڵەتانە و سەرقاڵ بوونی زۆربەیان بە ململانێی ناوخۆیی و شەڕەکانەوە، پێویستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەو نەخشەیەدا دووپات دەکەنەوە**

**گەڕانەوەی —بەغدا- بۆ مومارەسەکردنی سیاسەتی شۆڤێنی و تەعریبکردن لە ئاست کورد و کوردستاندا و پشتگوێخستنی کورد وەک دووەک پێکهاتەی سەرەکی لەم وڵاتەدا، سەرەڕای بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و گێچەڵکردنی سەربازی بە ناوچە کوردییەکان، هەموو ئەمانە پاساوی دوژمنکارانەی جددی نەبوونی حکومەتی بەغدا ڕوون دەکاتەوە بۆ پێکەوەژیانی برایانە و هاوبەش لەگەڵ گەلی کورددا و هەڵگەڕانەوەی سیاسەتەکانی بە ئاڕاستەی دوژمنایەتیکردنی ئاواتەکانی گەلی کورد و گەڕانەوە بە کار و کردەوەکانی بۆ سەردەمی دیکتاتۆریەت**

**بەهۆی دابەشکردنی زۆرەملێی کوردستان و گۆڕینی بۆ چوار پارچە لە نێو چوار دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، قورس بوو بۆ گەلی کورد کە تاکە سەرکردایەتییەکی هەبێت و ڕابەرایەتی گەلی کورد و خەباتەکەی لە کوردستانی گەورەدا بکات، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی لە بواری سیاسیدا**

**باڤیج دەڵێت: «زۆربەی جار سەربەخۆبوونی زۆرێک لە دەوڵەتان بە پلەی یەکەم گرێدراوە بە قەیرانە نێودەوڵەتییەکانەوە، وەک ڕوودانی جەنگ، کە بە زۆری هاوشان دەبێت بە ڕوودانی چەندین گۆڕانکاری و پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی**

**لە ئێستادا لە کوردستانی باشوور حکومەتێکی فیدراڵی هەیە کە بە ئەرکەکانی دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ هەڵدەستێت لە پەیوەندی بە کاروبارە ناوخۆییەکانی و ڕێکخستنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی و کاروبارە ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی، بەو پێیە دەکرێت دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە یەکێك لە هەرێمەکانی کوردستاندا دابمەزرێت، بە چەشنی زۆرێک لەو دەوڵەتە عەرەبییانەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دامەزران**

نەتەوە یەکگرتووەکان نە حکومەت و نە دەوڵەتە، بۆیە دەسەڵاتی ئەوەی نییە دانبنێت بە دەوڵەتاندا، بەڵکو ئەمە تەنیا لە دەسەڵاتی دەوڵەت و حکومەتەکاندایە، بەڵام توانای بە ئەندام وەرگرتنی دەوڵەتی نوێی هەیە، یان قبووڵکردنی بەڵگەنامەی ڕێگەپێدانی نوێنەرانی حکومەتە نوێیەکانی هەیە، ڕێکارە پیادەکراوەکانیش بۆ پێشکەشکردنی ئەندامێتی بریتین لە: [١٥]

١. دەوڵەتەکە داواکارییەك پێشکەش بە سکرتێری گشتی دەکات، لەگەڵ نامەیەکدا کە داواکاری ڕەسمی لەو بارەوە لەخۆدەگرێت.

٢. ئەنجومەنەکە لە داواکارییەکە دەڕوانێت و، پێویستە داواکارییەکە ٩ دەنگی بەڵێ لە کۆی ١٥ دەنگەکەی ئەنجومەنەکە بەدەست بهێنێت، بەو مەرجەی هیچ ئەندامێکی هەمیشەیی لە دژی داواکارییەکە دەنگ نەدات.

٣. دوای ڕاسپاردەی ئەنجومەنەکە بە قبووڵکردنی داواکارییەکە ڕەوانەی کۆمەڵەی گشتی دەکرێت کە دەبێت لەوێدا دوو لەسەر سێ –دەنگەکان- بەدەست بهێنێت.

٤. ئەندامێتی لە ڕێککەوتی پەسەندکردنی بڕیارەکەوە بەرکار دەبێت.

### ● شێوە و قەبارە و ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەت

لە یاسای نێودەوڵەتیدا مەرجێکی دیاریکراو نییە بۆ شێوەی دەوڵەت، یان قەبارەکەی (ڕووبەرەکەی) یان ژمارەی دانیشتووانەکەی، مودی دەڵێت: «پێوەرگەلێکی سروشتی چەقگرتوو نییە بۆ شێوەی دەوڵەت و سروشتە جوگرافییەکەی، بەڵکو تاکە پێوەر بۆ حوکمدان لەسەر پێگەیشتوویی دەوڵەت بریتییە لەوەی تا چەند دانیشتووانەکەی سەروەری ئەو دەوڵەتە قبووڵ دەکەن، لە ڕێگای ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی بۆ دانان و جێبەجێکردنی یاساکان.»[١٦]

لە جیهانی ئێستادا ١٩٦ دەوڵەتی سەربەخۆ ئەندامن لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەڵام ئەم دەوڵەتانە جیاوازن لە یەکتری لە ڕووی ئەم ڕواڵەتە جوگرافیانەوە، بەو پێودانگە لە پرسی پەیوەست بە دەوڵەت بووندا بە هیچ شێوەیەك ڕووبەری خاکەکەی لەبەرچاو ناگیرێت- واتە هەر چەندە ڕووبەرەکەی گەورە، یان بچووك بێت-، دەوڵەتگەلێك هەن ڕووبەرێکی مەزنیان هەیە وەك ڕووسیا کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (١٧ ملیۆن) کیلۆمەتر دووجا، دەوڵەتی دیکەش هەن ڕووبەریان بچووکە وەك بەحرەین کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٦٦٧) کیلۆمەتر دووجا.


هەروەها ژمارەی تاکەکەسەکانی ئەو نەتەوە، یان میللەتەش ڕەچاو ناکرێت کە دەیەوێت بڕیار لە




چارەنووسی خۆی بدات لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، ژمارەی دانیشتووانی چین (١٤٠٠ ملیۆن) کەسە، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی ڤاتیکان تەنیا (٧٩٩) کەسە. هەروەها شێوەیەکی ئەندازەیی دیاریکراو نییە بۆ نەخشەی ئەو دەوڵەتەی بە سەربەخۆیی دەگات، هیچ یەکێك لەمانە مەرجی پێشوەخت، یان پێویست نین بۆ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی.

### ● دەوڵەتی کوردستان لە جوگرافیای سیاسیدا

کەواتە ئایا ئەم پێوەر و بنەمایانە بەسەر گەلی کوردستان و نیشتمانەکەی جێبەجێ دەبن؟ بواری نکۆڵیکردن نییە لە بوونی نەتەوەیەکی دێرین و گەورە و یەکگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە نەتەوەی کوردە و خاوەنی وڵاتێکی شاخاوییە بە درێژایی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ...تۆرۆس و هەر لە بەرەبەیانی




(٥٠٠،٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشە[١٧] و لە ڕووی جوگرافییەوە درێژ دەبێتەوە و ئەو سێگۆشەیە پێکدەهێنێت کە کەنداوی عەرەبی و دەریای ناوەڕاست و هەرێمی قەوقاز بە یەك دەگەیەنێت. لە نەخشەی هاوپێچی کوردستان بڕوانە، ئەدمونز دەڵێت: کوردستان هەرێمێکە کوردی تێدا نیشتەجێیە وەك گرووپێکی پێکەوەپەیوەست کە زۆربەی دانیشتووانەکەی پێکدەهێنن، لە رۆژگاری ئێستاشدا دابەش بووە لە نێوان ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا، لەگەڵ ناوچەگەلێکی کوردی لە (باشووری قەوقاز)[١٨].

● ٢. گەل، یان دانیشتووان:

گەلی کورد یەکێکە لە دێرینترین گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لویس دەڵێت: «لە نێو سەرجەم کەمینە زمانەوانی و ئیتنییە گرنگەکاندا، تەنیا کورد

مێژۆوەوە کردوویەتە نیشتمانی خۆی و لە سەروەختی نەمانی ئیمپراتۆریەتی میدییەکانەوە لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایینەوە تا ئێستا لە بەربەرەکانێی داگیرکەراندایە لە پێناو بەدەستهێنانی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بە چەشنی نەتەوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان. شۆڕشە کوردییە یەك لە دوای یەکەکانیش لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان گوزارشتن لە داواکردنی ئەم مافە زەوتکراوە.

**● پێوەرە جوگرافییەکانی دەوڵەتی کوردستان:**

● ١. هەرێم، یان شوێن:

کە بریتیە لە کوردستان، واتە نیشتمانی نەتەوەیی کورد کە کورد وەك گرووپێکی ڕەگەزی و ئیتنی یەکگرتوو تێیدا نیشتەجێن و دەکەوێتە نێوجەرگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و ڕووبەرەکەی دەگاتە

لە نێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ماوە و بەڵگەی هەیە لەبارەی بوونی ئەوانەوە لە سەردەمە کۆنەکانەوە.[19] ئەوەی پەیوەست بێت بە ژمارەی کوردەوە، ئەوا سەرەڕای ئەنجامنەدانی هیچ سەرژمێرییەك لەلایەن حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ کوردی وڵاتەکانیان، ئەوا مەزندەی سەرچاوە جیاوازەکان ئەوەیە کە ژمارەی کورد لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ ملیۆن کەس بێت، ئەگەر زیاتریش نەبێت. کە بەردەوام بێبەش بوون لە مافە زەوتکراوەکەیان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان.»

● ٣. دەسەڵات، یان سەرکردایەتی:

لە ئێستادا و بەهۆی دابەشکردنی زۆرەملێی کوردستان و گۆڕینی بۆ چوار پارچە لە نێو چوار دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، قورس بوو بۆ گەلی کورد کە تاکە سەرکردایەتییەکی هەبێت و ڕابەڕایەتی گەلی کورد و خەباتەکەی لە کوردستانی گەورەدا بکات، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی لە بواری سیاسیدا، بەڵام لەگەڵ ئەم حاڵەتەشدا دەکرێت بە چەشنی دەوڵەتە عەرەبییەکان دەوڵەتێکی کوردی لە یەکێك لە هەرێمەکانیدا دروست بکرێت، ئەگەر هاتوو پێگەیشتوویی و کامڵبوونی سیاسی لە یەکێك لەو هەرێمانەدا گەیشتە ڕاددەیەك کە ئیدارەی ئەو هەرێمە هەڵبستێت بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی دەوڵەت.

بۆنین دەڵێت: «کورد و کوردستان یەکەیەکی ئیتنی کلاسیکی پێکدەهێنن، بەڵام ئەوان لە ئێستادا بەم شێوەیە نین، لە ئێستادا کوردستان چەند بەشێکی گەورە لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا پێکدەهێنێت، زۆرێك لە سیاسەتە ڕەسمییەکانی ئەو چوار حکومەتەش لە ئاست کورددا لەسەر بنەمای ترس لە یەکبوونی ئیتنی کورد دامەزراون، ئەمەش بە مانای ترس دێت لە بوونی کوردستانی گەورە. هۆکاریشی ئەوەیە کە هەموو ئەم دەوڵەتانە بەرهەڵستی بوونی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ دەکەن، تەنانەت ئەگەر لەسەر هەر پارچەیەك لە پارچەکانی کوردستان دابمەزرێت.»[20]

## ● ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان لە یەکێك لە هەرێمەکانی کوردستانی گەورەدا

لە ئێستادا لە کوردستانی باشوور حکومەتێکی فیدراڵی هەیە کە بە ئەرکەکانی دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ هەڵدەستێت لە پێوەندی بە کاروبارە ناوخۆییەکانی و ڕێکخستنی پێوەندییە دەرەکییەکانی و کاروبارە ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی، بەو پێیە دەکرێت دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە یەکێك لە هەرێمەکانی کوردستاندا دابمەزرێت، بە چەشنی زۆرێك لەو دەوڵەتە عەرەبییانەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دامەزران.

هەروەك بافیج دەڵێت: «زۆربەی جار سەربەخۆبوونی زۆرێك لە دەوڵەتان بە پلەی یەکەم گرێدراوە بە قەیرانە نێودەوڵەتییەکانەوە، وەك ڕوودانی جەنگ، کە بە زۆری هاوشان دەبێت بە ڕوودانی چەندین گۆڕانکاری و پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی.»[21]، کە ئەمەش بەندە بە هاتنەدی مەرجە بابەتییەکانی دیکەوە لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی. چونکە ڕاگەیاندنی ئەم دەوڵەتە کوردییە هاوشان دەبێت بە دانپێدانانی دەوڵەتان پێی و بە قبووڵکردنی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

لە گفتوگۆکانی کۆنفرانسی ئاشتی پاریس لە ساڵی ١٩١٩ و لە چوارچێوەی پەیماننامەیەکی واژۆکراو لەگەڵ تورکیا لە سیڤەر لە ڕۆژی ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٢٠ دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە هەرێمێکی بچووکدا کە تەنیا لە ١٧٪ی کوردستانی باکوور بگرێتەوە، دروست بوو، کە دوای ساڵێکیش ویلایەتی موسڵی بخرێتەپاڵ، بەڵام ئەم دانپێدانانە نێودەوڵەتییە نەهاتەدی بەهۆی هاوپەیمانێتییەکان و پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییەکانەوە کە تاوەکو ساڵی ١٩٢٣ بەردەوام بوو. هاوپەیمانان پەیماننامەی سیڤەریان لە ساڵی ١٩٢٠ لەگەڵ حکومەتی سوڵتانە لەکارلادراوەکەدا واژۆ کرد، لەبەر ئەوەی ئەوان حیساباتی خۆیان لەسەر ئەگەری شکستهێنانی کەمالییەکان بنیاد نابوو.

خۆ ئەگەر ئەمە بهاتایەتەدی، ئەوا خەونی ئینگلیز لە دروستکردنی هەردوو دەوڵەتی ئەرمینیا و کوردستان جێبەجێ دەبوو.[22] بەڵام دوای سەرکەوتنە سەربازییەکانی ئەتاتورك لە ئەنادۆڵ، هاوپەیمانان سیاسەتی خۆیان لە ئاست کورددا گۆڕی و ساڵی دواتر پەیماننامەگەلێکی نۆێیان لەگەڵ حکومەتەکەیدا ئەنجامدا، لە ٢٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٣دا بەریتانیاش پەیماننامەی لۆزانی لەگەڵدا ئەنجامدا، کە بە تەواوەتی ئەو سێ ماددەیەی لە پەیماننامەی سیڤەردا هەڵوەشاندەوە کە پەیوەست بوون بە دەوڵەتی کوردییەوە.

لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی دەوڵەتی کوردی و ڕازی بوون بە دابەشکردنی کوردستان (بەشە عوسمانییەکەی) بۆ سێ بەش، بەشێکی بخرێتەپاڵ تورکیا و دوو بەشەکەی دیکە بخرێنەپاڵ ناوچەکانی ئینتیدابی هەر یەك لە فەڕەنسا لە سووریا و بەریتانیا لە عێراق. کامەران بەدرخان دەڵێت: «بێگومان، هێزە گەورەکان، کە بێ دوودڵی قوربانییان بە مافەکانی

بواری نکۆڵیکردن نییە لە بوونی نەتەوەیەکی دێرین و گەورە و یەکگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە نەتەوەی کوردە و خاوەنی وڵاتێکی شاخاوییە بە درێژایی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ...تۆرۆس و هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە کردوویەتە نیشتمانی خۆی و لە سەروەختی نەمانی ئیمپراتۆریەتی میدییەکانەوە لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایینەوە تا ئێستا لە بەربەرەکانێی داگیرکەراندایە

پەیماننامەی وستفالیای واژۆکراو لە ساڵی ١٦٤٨ لە نێوان هێزە ئەوروپییەکاندا، کە کۆتایی بە جەنگی ئایینی سی ساڵەی ( ١٦١٨-١٦٤٨) نێوان دەوڵەتە ئەوروپییەکان هێنا، بە یەکەم بناغەی ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەی ئێستا دادەنرێت کە لەسەر بنەمای سەروەری دەوڵەتی نەتەوەیی و دەستوەرنەدان لە کاروبارەکانی دەوڵەتانی دیکە دامەزراوە، کە دانی بە دەسەڵاتی حکومەتی دەوڵەتدا ناوە پتر لەو دەسەڵاتە ئایینییەی کە لە سیستمەکانی پێش پەیماننامەکەدا لە ئارادا بوو

کورد دا و ڕازی بوون بە دابەشکردنی کوردستان بۆ سێ بەش، ئەوانیش بە تەواوەتی بەرپرسن لەوە.»[٢٣]

لەبەر ئەوە گەلی کورد بەردەوام بوو لەسەر خەباتکردن و پێشکەشکردنی قوربانیی زیاتر لە پێناو بەدەستهێنانی ئەم مافەدا، لەبەر ئەوەی (بووە قوربانییەك لە قوربانییەکانی کۆنفرانسی ئاشتی و، لەبەر ئەوەی تاکە گەلە کە دەوڵەتی بۆ مسۆگەر نەکرا و لەبەرامبەر داپڵۆسینی ئەو دەسەڵاتانەدا پارێزگاری لە بوونی خۆی کرد.[٢٤]

پاساوەکانی بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی باشووردا دوای خراپبوونی بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەکانی عێراق دێت، هەروەها لە دوای خۆدزینەوەی بەغدا لە بەندەکانی دەستوور دێت، ئەو دەستوورەی کە مافەکانی کوردی لە یەکێتییەکی ئارەزومەندانەدا لەگەڵ عێراق دەستەبەر کردبوو، لەگەڵ گەڕانەوەی —بەغدا- بۆ مومارەسەکردنی سیاسەتی شۆڤێنی و تەعریبکردن لە ئاست کورد و کوردستاندا و پشتگوێخستنی کورد وەك دووەك پێکهاتەی سەرەکی لەم وڵاتەدا، سەرەڕای بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و گێچەڵکردنی سەربازی بە ناوچە کوردییەکان، هەموو ئەمانە پاساوی دوژمنکارانەی جددی نەبوونی حکومەتی بەغدا ڕوون دەکاتەوە بۆ پێکەوەژیانی برایانە و هاوبەش لەگەڵ گەلی کورددا و هەڵگەڕانەوەی سیاسەتەکانی بە ئاڕاستەی دوژمنایەتیکردنی ئاواتەکانی گەلی کورد و گەڕانەوە بە کار و کردەوەکانی بۆ سەردەمی دیکتاتۆریەت، کە هەموو ئەمانە پێچەوانەن لەگەڵ دەستوور و سیستمی فیدراڵی و شەراکەتی ئارەزوومەندانە لە بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە.

لەوەش زیاتر، بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی باشوور دوای داڕووخانی ئەو نەخشە سیاسییە دێت کە پەیماننامەی سایکس-پیکۆ بەرهەمی هێنا لە دابەشکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ناوچەی داگیرکردن و ئینتیداب لە نێو هێزە گەورەکانی ئەو کاتەدا و دواتر دروستکردنی دەوڵەتانی تورکیا و عێراق و سووریا بە بێ ئەوەی گەلی کورد دەوڵەتێکی هەبێت، هەروەها داڕووخانی بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دەوڵەتانە و سەرقاڵ بوونی زۆربەیان بە ململانێی ناوخۆیی و شەڕەکانەوە، پێویستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەو نەخشەیەدا دووپات دەکەنەوە، لەگەڵ داڕشتنی سنووری نوێ و دووبارە گەڕاندنەوەی مافی زەوتکراوی کورد بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان.

پەراوێز:


1- www.ilsa.org. (Montevidio Convention on the Rights and Duties of States), Article

2- Stansfield, Gareth R., Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy, Routledge Curzan, London, 2003, P.14.

3- Fellmann, Jerome D., Human Geography: Landscape of Human Activities, McGraw Hill, Boston, 2005, P.144.

4- Plano, Jack C. and Roy Olton, The International Relations Dictionary, 4th Edition, Longman, Santa Barbara, 1988, P.277.

5-Harold Sprout & Margaret Sprout, (Foundation of International Politics), D. Van Nostran Co., Toronto, New York, 1963, P.79.

6- Parkash Chander and Prem Arora, (Studies in International Relations), Cosmos Boothive, New Delhi, 1989,p .10-11.

7- Edgar B. Westey, (The Record of Mankind), D.C. Heath and Co., Boston, 1954, P.217.

8- Martin Ira Glassner, (Political Geography), John Wiley & Sons, New York, Chi Chester, 1993, P.35.

([9]) Ibid, P.13.

9- Ibid, P.13

10- Peter J. Taylor, (A Brief Political Geography of State and Governments in the Twentieth Century), Seminar Paper, University of Newcastle upon Tyne, Dept. of Geography, April, No.56, P.3-4.

11- Daniel Philpott, (Revolutions in Sovereignty: How Ideals Shaped Modern International Relations), Princeton, Princeton University Press, 2000, P.16.

١٢- رايموند كارفيلد كيتيل، المصدر السابق، ص٢٧٤.

13- Alan G. Stolberg, (The International System in the 21st Century), P.122, PDF, Mercury eth2. ch.

١٤- الأمم المتحدة، (ميثاق الأمم المتحدة والنظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية)، نيويورك، بدون سنة طبع، ص٧.

١٥- عدنان السيد حسين، (نظرية العلاقات الدولية)، مطبعة سيكو، بيروت، ٢٠٠٣، ص٥٠.

١٦- أ.أ. موديء، (الجغرافية من وراء السياسة)، ترجمة: روفائيل جرجس، دار الهلال، القاهرة، بدون سنة طبع، ص٢١.

17- Memorsndum sur la situation des kurdes et leurs revend ications, paris, 1948,p.6

18- .Edmonds ,C.J., Kurdish Nationalism, Journal of contemporary history, vol.6, No.1,1971, p.87

19- Lewis, Bernard, The shaping of modern Middle East ,Oxford University press,1994,p.19

20- Bonine, Michael E., The Kurds and Kurdistan: A commentionary ,  Eurasian Geography and Economics, vol.44,No.3-4, July-October,1949,p.243-244

٢١- بافيج ، كردستان والمسألة الكردية، ترجمة برو ، بدون مكان الطبع، شباط ١٩٧٨، ص ١٠

٢٢- لازاريف،م.س. ،المسألة الكوردية ١٩١٧-١٩٢٣، دار الرازي ،لندن،١٩٩١، ص ٢٦٤

23- Bedrkhan,Kamuran Ali, The kurdish problem, Journal of Royal Central Asian Society, Vol. xxxv1,part.3-4,July- October,2949,pp.243-244.

24- Gottlieb,Gidon, Nations without states, , Foreign Affairs,vol.73no.3,1994,p.104


**گەلی کورد یەکێکە لە دێرینترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لویس دەڵێت: «لە نێو سەرجەم کەمینە زمانەوانی و ئیتنییە گرنگەکاندا، تەنیا کورد لە نێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ماوە و بەڵگەی هەیە لەبارەی بوونی ئەوانەوە لە سەردەمە کۆنەکانەوە**

**گەڕانەوەی —بەغدا- بۆ مومارەسەکردنی سیاسەتی شۆڤێنی و تەعریبکردن لە ئاست کورد و کوردستاندا و پشتگوێخستنی کورد وەک دووەک پێکهاتەی سەرەکی لەم وڵاتەدا، سەرەڕای بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و گێچەڵکردنی سەربازی بە ناوچە کوردییەکان، هەموو ئەمانە پاساوی دوژمنکارانەی جددی نەبوونی حکومەتی بەغدا ڕوون دەکاتەوە بۆ پێکەوەژیانی برایانە و هاوبەش لەگەڵ گەلی کورددا و هەڵگەڕانەوەی سیاسەتەکانی بە ئاڕاستەی دوژمنایەتیکردنی ئاواتەکانی گەلی کورد و گەڕانەوە بە کار و کردەوەکانی بۆ سەردەمی دیکتاتۆریەت**



**مایكڵ نایتس**

**پسپۆڕ لە كاروباری سەربازی و ئەمنیی عێراق بۆ گوڵان:**

# ناوشاری موسڵ ٢٠ ئەوەندەی تكریت و ٨ ئەوەندەی روومادییە، بۆیە پلانی ئازادكردن و بەڕێوەبردنی شارەكە بەپەلە ناكرێت و كاتی زیاتری دەوێت

**ئیدارەی سەرۆك ئۆباما كە چەند مانگێكی ماوە كۆتایی بێت، نایەوێت ئەو عێراقەی بە یەكپارچەیی لە سەرۆك بوشی وەرگرت، بە ٣ پارچەیی تەسلیمی سەرۆكی داهاتووی ئەمریكای بكاتەوە، ئەوجا ئەو سەرۆكە لە پارتی كۆماری بێت، یان دیموكراتی، هەر بۆیە هەموو هەوڵی خۆی چڕكردۆتەوە بۆ ئەوەی هەر چۆنێك بێت لەماوەی ئەو چەند مانگەی ئەم ئیدارەیە لە دەسەڵاتدا ماویەتی شاری موسڵ ئازاد بكاتەوە، بەڵام هەموو ئەوانەی شارەزای عێراقن و لە پرسەكانی سەربازی و ئاسایش تایبەتمەندن، پێیانوایە ئەو پەلەپەلەی ئیدارەی ئۆباما دەیكات بۆ ئازادكردنەوەی ئەم شارە گەورەیە، كاتی زیاتری دەوێت، لەبەر ئەوەی پرسی ئازادكردنەوەی موسڵ تەنیا دەركردنی داعش نییە لەو شارە، بەڵكو دانانی بەرنامە و پلانە بۆ قۆناخی دوای داعش و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو شارەیە. بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ مایكڵ نایتس پڕۆفیسۆر و توێژەری باڵا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی نزیك ئەنجامدا. پرۆفیسۆر نایتس یەكێكە لەو پسپۆڕانەی كە بە شێوەی ئەكادیمی و مەیدانی كار لە سەر پرسی كوردستان و عێراق دەكات، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار سەردانی عێراق و كوردستانی كردووە و لەناو ئامۆژگای واشنتۆن-یش بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی كاروباری ئەمنی و سەربازییەكانی عێراق و ئێران و وڵاتانی كەنداوە. پرۆفیسۆر نایتس لەم وتووێژەی لەگەڵ گوڵان-دا راشكاوانە جەختی لەسەر هەستیاریی پرۆسەی ئازادكردنەوەی موسڵ كردەوە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.**

**سوپاسی کورد و پێشمەرگە دەکەم بۆ کارەکانیان لە دەوروبەری موسڵ و لە شنگال و لە کەرکووک و ئێمە لە ئەمەریکا ئەو پشتیوانییە سەربازییە بەرز دەنرخێنین کە پێشمەرگە دەستەبەری کردووە**

**پێویستە کورد بگاتە جۆرێک لە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا کە ئەمەریکا پشتیوانی لێبکات و دەبێت ئەم کارەش بە خێرایی ئەنجام بدرێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە ئێستادا ئەمەریکا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستی بە کوردە، بۆ شەڕی موسڵ و بۆ پشتیوانیکردنی لە سووریا، کە دەبێت ئەم کاریگەریەش بەکار بهێنێت**

**ئەوەی زیاتر پێشبینی دەکرێت ئەوەیە هێزە چەکدارەکانی عەرەبی سوننە لە چوارچێوەی حەشدی وەتەنیدا بەشداری بکەن و دوای ئازادکردنەوەی شارەکەش ئەوان زیاتر لەناو شارەکەدا بمێننەوە**

*** بەپێچەوانەی ئەو ٨ ساڵەی کە هەردوو ئیدارەی ئۆباما عێراقی فەرامۆش کردبوو، لە ئێستادا بایەخپێدانێکی زیاتری ئیدارەی ئەمەریکا بە عێراق بەدی دەکرێت. پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەم گرنگیپێدانە لەم کاتەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا پەیوەستە بە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا، یان هۆکاری دیکەی هەیە؟**

- پێموایە لە ئێستادا تەرکیزی سەرەکیی ئەمەریکا لەسەر تێکشکاندنی داعش و گرتنەوەی موسڵە، ئەمەش تەرکیزکردنێکی عەمەلییە و ئەوان نایانەوێت لە دوای گرتنەوەی موسڵ جارێکی دیکە داعش بگەڕێتەوە. لەبەر ئەوە ئیدارەی ئۆباما دەیەوێت لەو چەند مانگەی کە لە دەسەڵاتدا ماوە، کارەکە تەواو بکات. هەر کارێکیش کە ئەنجامی دەدات، ئیدی قەرزی سندوقی نێودەوڵەتی دراو بێت بۆ عێراق، یان دەستەبەرکردنی هاوکاری سەربازی بێت، هەموو ئەمانە بە ئامانجی ئەوەیە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە داعش بە سەرکەوتوویی درێژەیان هەبێت، لە ئێستادا ئەمە تەرکیزی ئیدارەی ئەمەریکایە.

*** ئێمە دەزانین لە ئەگەری بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە پرۆسەی گرتنەوەی موسڵدا ئەوا بە هەمان شێوەی ناوچەکانی دیکە کە لە دەست داعش رزگارکران، لەسەر دەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کارەساتی مرۆیی و پاکتاوی نەژادی روودەدات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا چ پلانێکی بۆ گرتنەوەی موسڵ هەیە کە ئەو کارەساتانە دووبارە نەبنەوە؟**

- لە ئێستادا لەگەڵ لایەنی عێراق و لایەنی کوردیدا گفتوگۆ ئەنجام دەدرێت بۆ گەڵاڵەکردنی پلانی شەڕی موسڵ و سەقامگیرکردنەوەی شارەکە دوای گرتنەوەی، هەموو کەس دەزانێت کە موسڵ ٢٠ ئەوەندی تکریت و ٨ ئەوەندەی روومادی گەورەیە و ئەمەش تەحەددییەکی بێ پێشینەیە. کەواتە ئەوان دەیانەوێت پلانێکی شەڕ ئامادەبکەن کە هەموو لایەنە جیاوازەکان بە شێوەیەکی ئیجابی کۆبکاتەوە و پلانیان هەبێت بۆ سەقامگیرکردنەوەی موسڵ لە دواییدا. پێدەچێت ئیدارەی ئەمەریکا بیەوێت لە ساڵی ٢٠١٦دا شەڕی موسڵ تەواو بکات، یان بە لای کەمەوە دەستی پێبکات، کە من پێموایە ئەمە ئامانجێکی بەرزەفڕانەیە و پلانی شەڕ و دوای شەڕ کاتی زیاتری دەوێت.

*** پێشبینی دەکرێت لە شەڕی گرتنەوەی موسڵدا نزیکەی ٥٠٠ هەزار ئاوارە رووبکەنە هەرێمی کوردستان، ئایا ئەمەریکا پلانی ئەوەی هەیە بۆ لە خۆگرتنی ئەو ژمارەی زۆرەی ئاوارەکان هاوکاری کوردستان بکات؟**

- لەم پرۆسەیەدا مەسەلەی ئاوارەبوونی خەڵك لەبەر چاو گیراوە، لەبەر ئەوەی ئەمە یەکێکە لەو حاڵەتانەی پێشبینی دەکرێت، هەر بۆیە ماوەیەکە پلانی باش دانراوە بۆ لەخۆگرتنی ئاوارەی زیاتر لە رۆژهەڵاتی موسڵەوە، بۆ ئەمەش ئەوەی من ئاگادارم پێشمەرگە و پارێزگای دهۆك پلانی باشیان لەو بەرەیەدا هەیە. بەڵام خاڵی جیاواز لە مەسەلەی موسڵدا بە بەراورد بە هەردوو شاری تکریت و روومادی، ئەوەیە کە سەرنج دەدرێت زۆربەی موسڵاوییەکان لە موسڵدا ماونەتەوە و لە ژێر دەسەڵاتی داعشدان، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەی وەك فەللوجە و تکریت حاڵەتەکە پێچەوانە بوو، زۆربەی خەڵکەکە شارەکەیان جێهێشتبوو، بەڵام زۆربەی خەڵکی موسڵ لە شارەکەیاندا ماونەتەوە، لەبەر ئەوە مەرج نییە لەگەڵ رزگارکردنی موسڵدا ئەوەندە خەڵك ئاوارە بن، کە پێشبینی دەکرێت.

*** ئایا ئەمە لەو روانگەیەوە دەڵێت کە خەڵکی موسڵ مانەوەی داعشیان پێ باشتر بێت لە بەشداریکردن حەشدی شەعبی شیعە لە گرتنەوەی شارەکەیاندا، بە دیوێکی دیکەدا ئایا ئەمە ئەوەی لێ ناخوێندرێتەوە عەرەبی سوننەی موسڵ لە دژی حەشدی شەعبی پشتگیری داعش بکەن؟**

- حەشدی شەعبی لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشداری شەڕی ئازادکردنەوەی موسڵیش بکات، ئەوا ئەگەری ئەوە کەمترە کە حەشدی شەعبی ژمارەیەکی زۆری چەکدارەکانیان لە موسڵدا جێگیر بکەن، واتە هەتا ئەگەر بەشداریش بکەن، چەکدارەکانیان لەناو موسڵ ناهێڵنەوە، بۆیە ئەم گریمانەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە رەنگە ئەو مەترسییە بەو ئاستە نەبێت. ئەوەی زیاتر پێشبینی دەکرێت ئەوەیە هێزە چەکدارەکانی عەرەبی سوننە لە چوارچێوەی حەشدی وەتەنیدا بەشداری بکەن و دوای ئازادکردنەوەی شارەکەش ئەوان زیاتر لەناو شارەکەدا بمێننەوە. هەر بۆیە پێموانییە ژمارەیەکی زۆری حەشدی شەعبی شیعە بەشداری لە شەڕی موسڵدا بکەن، کەواتە خاڵی یەکەم ئەو میلیشیایە لەوێ نابن. خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئێمە دەبینین داعش موسڵی کۆنترۆڵ کردووە و خەڵکەکە لە ژێردەسەڵاتیدان، بەڵام خاڵی هەستیار و گرنگ ئەوەیە کاتێك ئەو خەڵکەی دەوروبەری موسڵ دێنەوە ناو موسڵ و ئەو هێزەی موسڵ ئازاد دەکات، دەبینن هێزێکی گەورەیە و زیاتر لە ٦ لیوای پێشمەرگە و نزیکەی ٨ بۆ ٩ لیوای سوپای عێراق بە پشتیوانی هێلیکۆپتەرەکانی ئاپاچی هێرش دەبەن، ئەوا ئەمە دەبێتە تاقیکردنەوەی کۆنترۆڵکردنی موسڵ لە لایەن داعشەوە، راشکاوانەتر

مەبەستم ئەوەیە ئەو كات چەكدارانی داعش چۆن پلانێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزە دادەنێن، یان خەڵكەكە بەكاردەهێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كاتێك لە شوێنەكانی وەك تكریت و رومادی و بێجی هێرش كرایە سەر چەكدارانی داعش بۆ ئازادكردنەوەی ئەو شارانە، ئەوا خەڵكی ئەو شارانە خۆشحاڵ بوون بە رزگاربوونیان لە دەستی تیرۆریستانی داعش، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو بەشی زۆری خەڵكی ئەو شارانە لەگەڵ هاتنی چەكدارانی داعش شارەكانیان جێهێشتبوو، هەر بۆیە كاتێك ئەو هێزانە نزیك دەبوونەوە بۆ ئازادكردنەوەی شارەكانیان، خەڵكە ئاوارەكە هاوكاری ئەو هێزەی دەكرد، بۆ ئەوەی لە ئازادكردنەوەی شارەكەدا سەركەوتوبن، هەر بۆیە هاوكاری ئەو هێزەیان دەكرد هەتا ئەگەر ئەو هێزە ملیشیاكانی حەشدی شەعبیش بووبن، بۆیە وا مەزندە دەكرێت خەڵك هێندە لە تیرۆریستانی داعش بێزار بووبێت، كە ئەو مەزندەیە دوور بێت كە داعش تەفزیل بكەن بە سەر ملیشیا شیعەكاندا، خەڵكی موسڵیش هەر دەبێت ئەو بڕیارە بدەن و هاوكاری ئەو هێزە بكەن كە شارەكەیان ئازاد دەكات.

*** ئایا گرنگی و بایەخی بەشداریكردنی پێشمەرگە لە شەڕی رزگاركردنەوەی موسڵدا چۆن هەڵدەسەنگێنن، بەتایبەتی كە لە رۆژهەڵات و باكوور و رۆژئاواوە پێشمەرگە لە هەر چوار دەوری موسڵ بوونی هەیە؟**

- پێشمەرگە رۆڵێكی گرنگی لەپرۆسەی ئازادكردنی موسڵدا دەبێت، بەڵام رۆڵی سەرەكیی پێشمەرگە زیاتر هاوكاریكردنی هێزەكانی نوجەیفی و هێزەكانی شەبەك و ئێزیدییەكان و هەندێ لە میلیشیا سوننەكان دەبێت بۆ ئەوەی ئەو هێزانە بچنە رۆژهەڵاتی موسڵەوە، هەروەها رۆڵی پشتیوانییان دەبێت لە ناوچەی تلكێفەوە بۆ فشارخستنەسەر داعش، هەروەها لە تەلەعفەر، بە هەمان شێوە لە شەنگالیش فشار دروست دەكەن. واتە رۆڵی سەرەكیی پێشمەرگە كردنەوەی بەرەی دیكە دەبێت لە دژی داعش بۆ ئەوەی سوپای عێراق بەرەو شارەكە بچێت. رۆڵی كوردستان لەم شەڕەدا یەكلاكەرەوە دەبێت، لەبەر ئەوە هێرشی هێلیكۆپتەرەكان لە كوردستانەوە دەبێت، تۆپەكان لە كوردستاندا جێگیر دەكرێن و هەر لەوێشەوە پشتگیری هێرشەكان دەكات، لەمەش زیاتر پشتیوانی لۆجیستی و دەستەبەركردنی فریاگوزاری پزیشكی هەر كوردستانەوە بۆ هێزەكان دابین دەكرێن.

*** كوردستان هێشتا لەسەر نەخشەی سیاسی بەشێكە لە عێراق، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع دەوڵەتێكی سەربەخۆیە و زۆر زەحمەتیشە بتوانرێت جارێكی دیكە بكرێتەوە بە بەشێك لە عێراق، ئایا بە رای ئێوە سەربەخۆیی كوردستان نەبۆتە ئەمری واقیع، ئەگەر بوار بە سەربەخۆیی كوردستان نەدرێت، چۆن شەڕ لە دژی داعش سەركەوتوو دەبێت؟ ئایا پێشبینی دەكرێت ئیدارەی داهاتووی ئەمەریكا لەم رووەوە هەڵوێستێكی جیاوازی هەبێت؟**

- پرسی كوردستان لەلایەك پەیوەستە بەوەی ئایا شەڕی موسڵ پێش ئەوەی هەڵبژاردنەكانی ئەمریكا بكرێت و سەرۆكی نوێ دەست بەكاربێت، تەواو دەبێت، یان شەڕەكە دەست پێدەكات و بە هاتنی سەرۆكی نوێ شەڕەكە تەواو دەبێت، یاخود شەڕی ئازادكردنەوەی موسڵ لەگەڵ هاتنی سەرۆكی نوێی ئەمریكا دەست پێدەكات و تەواو دەبێت، لە حاڵەتێكدا ئەگەر شەڕی ئازاكردنەوەی موسڵ تەواو نەبێت، هەتا سەرۆكی نوێ دەست بەكار دەبێت، ئەوا سەرۆكی داهاتووی ئەمریكا كە من پێشبینی دەكەم هیلاری كلینتۆن بێت، درك بەوە دەكات كە چەند پێویستی بە كوردە، بەڵام با گریمانەی ئەوە بكەین كە سەرۆكی داهاتووی ئەمەریكا كار لەگەڵ كورددا بكات لە شەڕی موسڵدا، ئەمە بۆ كوردستان گرنگە، چونكە كۆنگرێسی ئەمەریكا لەگەڵ كورددایە، كەواتە ئەگەر واقیعبینانە قسە بكەین، ئایا دەتوانرێت تا ئەو كاتە چی بەدەست بهێنرێت، بە بۆچوونی من پێویستە كورد بگاتە جۆرێك لە رێككەوتن لەگەڵ بەغدا كە ئەمەریكا پشتیوانی لێبكات و دەبێت ئەم كارەش بە خێرایی ئەنجام بدرێت، هۆكارەكەشی ئەوەیە كە لە ئێستادا ئەمەریكا زیاتر لە هەر كاتێكی دیكە پێویستی بە كوردە، بۆ شەڕی موسڵ و بۆ پشتیوانیكردنی لە سووریا، كە دەبێت ئەم كاریگەریەش بەكار بهێنێت. لەبەر ئەوە نابێت كات بەفیڕۆ بدرێت و پێویستە كورد و بەغدا -بە میانگیری ئەمەریكا- بگەنە رێككەوتن لەسەر پرسی ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان و ئاوێتەبوونی ئابووری، پێویستە ئەمە لە ئێستادا ئەنجام بدرێت، پێموانییە باشترین رێگا لە ئێستادا بۆ كوردستان گرتنەبەری رێگای سەربەخۆبوونی ئابووری و ئەنجامدانی ریفراندۆم بێت، بەڵام كوردستان دەسترۆیشتوویی هەیە و دەتوانێت ئەمە لە میانەی گفتوگۆكانیدا لەگەڵ بەغدا بەكار بهێنێت و بگەنە رێككەوتنێكی درێژخایەن لەگەڵ بەغدا.

*** ئەگەر لە دوماهی ئەم وتووێژەدا پرسێك هەبێت و پرسیارمان نەكردبێت، ئایا دەتەوێت چی بە خوێنەرانی گوڵان بڵێیت؟**

من سوپاسی كورد و پێشمەرگە دەكەم بۆ كارەكانیان لە دەوروبەری موسڵ و لە شنگال و لە كەركووك و ئێمە لە ئەمەریكا ئەو پشتیوانییە سەربازییە بەرز دەنرخێنین كە پێشمەرگە دەستەبەری كردووە.

**رۆڵی سەرەكیی پێشمەرگە كردنەوەی بەرەی دیكە دەبێت لە دژی داعش بۆ ئەوەی سوپای عێراق بەرەو شارەكە بچێت. رۆڵی كوردستان لەم شەڕەدا یەكلاكەرەوە دەبێت، لەبەر ئەوە هێرشی هێلیكۆپتەرەكان لە كوردستانەوە دەبێت، تۆپەكان لە كوردستاندا جێگیر دەكرێن و هەر لەوێشەوە پشتگیری هێرشەكان دەكات، لەمەش زیاتر پشتیوانی لۆجیستی و دەستەبەركردنی فریاگوزاری پزیشكی هەر كوردستانەوە بۆ هێزەكان دابین دەكرێن**

**كاتێك لە شوێنەكانی وەك تكریت و رومادی و بێجی هێرش كرایە سەر چەكدارانی داعش بۆ ئازادكردنەوەی ئەو شارانە، ئەوا خەڵكی ئەو شارانە خۆشحاڵ بوون بە رزگاربوونیان لە دەستی تیرۆریستانی داعش، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو بەشی زۆری خەڵكی ئەو شارانە لەگەڵ هاتنی چەكدارانی داعش شارەكانیان جێهێشتبوو، هەر بۆیە كاتێك ئەو هێزانە نزیك دەبوونەوە بۆ ئازادكردنەوەی شارەكانیان، خەڵكە ئاوارەكە هاوكاری ئەو هێزەی دەكرد، بۆ ئەوەی لە ئازادكردنەوەی شارەكەدا سەركەوتوون**

### پیر خدر سلێمان خەلیل
### خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری لالش بۆ گوڵان:

# هەڵوێستی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە وایکرد ئێزیدی چیتر لە ئایندەی خۆی نەترسێت

## چیای شنگال لە چیاکانی کوردستان جیاناکرێتەوە ئێزیدیش بەشێکی سەرەکیی نەتەوەی کوردە

لە دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان و ئەنجامدانی کارەسات و تاوانی گەورەی کۆمەڵکوژی و بردنی ژنان و کچانی ئێزیدی وەك کۆیلەی شەڕ، ناوی ئێزیدی بۆتە ناوێکی دیار لەناو تەواوی میدیای جیهاندا و بۆتە سیمبولی ئەو غەدرەی کە تیرۆریستانی داعش دژی بەشێکی رەسەنی نەتەوەی کوردی کردوویانە، زۆر کەسیش هۆکاری ژینۆسایدی ئێزیدییان لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی ئێزیدی ئایینێکی جیاوازە و ئەو جیاوازیی ئایینییە بۆتە هۆکاری ئەو کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدە، بەڵام داگیرکاران لە هەر سەردەمێکدا هەوڵیاندابێت کوردستان داگیربکەن، لەسەر ناسنامەی کوردبوون کوردیان کۆمەڵکوژ و ژینۆساید کردووە، نموونەی زیندووش لەمبارەوە هێرشە بەدناوەکانی ئەنفالە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردووە کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کوردی موسڵمانیان ئەنفال کرد و کچ و ژنانی کوردی موسڵمانیان کردە کۆیلە و بەسەر خەڵکیدا دابەشیان کردن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تاوانەشی کە دژی بەشێکی دیکەی نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە و هەروەها بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر ئایینی ئێزیدی و تایبەتمەندی ئەم بەشەی نەتەوەکەمان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ پیر خدر سلێمان ئەنجامدا کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بنکەی لالش و سەرۆکی پێشووی بنکەی لالش بووە لە کاتی جیاوازدا و ئێستاش خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری لالش -ە کە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.



*** ئێستا ناوی ئێزیدی لەناو میدیاکانی جیهاندا بۆتە ناوێکی دیار، ئایا بنەما و ریشەی ئێزیدی و رابردووی کۆنی چی بووە؟**

- ئێزیدی لە رووی زمان و کەلتوور و خاکەوە، بەشێکی رەسەنە لە نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان، هەر لە ناوی ئایینەکەشمانەوە دیارە کە ئێزیدی کوردی رەسەنە، هەر ئەمەش وایکردووە کە بە درێژایی مێژوو ناحەزانی کورد و کوردستان هەوڵیانداوە، ناسنامەی ئێزیدی بشێوێنن و لەسەر ناو ئێزیدی کۆمەڵێك چەواشەکاریشیان دروستکردووە، لەوانە هەندێك لە قەڵەم بەدەستی داگیرکەران نووسیویانە ئێزیدی لە یەزیدی کوری معاویەوە هاتووە، هەندێکی دیکە نووسیویانە لە یەزیدی بن خارجی ئێرانەوە هاتووە، بەڵام ئەگەر سەیری تێکستی ئایینی ئێزیدی بکەین، دەبینین لە تێکستی ئەم ئایینە بەمجۆرە هاتووە: (سوڵتان ئێزید خۆ پادشایە. هەزار و یەك ناو خودان هەیە. ناڤی مەزن هەر خودایە. سوڵتان ئێزید دزانیێ ل بەحرا چەند کەشکۆڵ ئاڤا)، بۆیە کەس وەك ئێزیدی ناوی خوای نەهێناوە. بە کوردی ئەز واتە من، ئەزدان واتە خودا، ئێزیدی واتە خوا خوڵقێنەرە و منیش دروستکراوی دەستی خودام.

*** ئایا ئاینداریی ئێزیدییان کە بنەمایەکی کۆنی هەیە، چ قوناخگەلێکی بڕیوە و چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە؟**

- ئایینی ئێزیدی، ئایینێکی کۆنە و پێش دەرکەوتنی ئایینیی زەردەشتی و هەروەها پێش دەرکەوتنی ئایینی کریستیان و ئیسلام هەبووە. ئێزیدی پێغەمبەرێکی دیاریکراوی نییە، هەروەها لەبەر ئەوەی خاوەنی کتێبێکی دیاریکراوی ئاسمانی نین، مرۆڤ بە وردی نازانێت ئایینی ئێزیدی کەی دەستی پێکردووە، بەڵام ئەگەر بێتو دابونەریت و تێکست و جەژنەکانی ئێزیدی شرۆڤە بکەین، ئەوکات دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئایینی ئێزیدی بەرەنجامی رامان و بیرکردنەوەیە لەو توخمانەی لە سروشتدا بوونی هەیە، بۆ ئەمەش دابەش دەکرێت بەسەر سێ قۆناخدا، قۆناخی یەکەمی رامانە لە توخمە سروشتیەکان، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش کە سەرنجیان لە مانگ و رۆژ و ئاگر و باران و با و بەفر و خاك و ئاو و ئاگر و بوون و مردن داوە، ئەم باوەڕەیان بۆ ئێمە بونیادناوە، بۆ هەر یەکێك لەم توخمانەش خودانێکیان ناساندووە، بەڵام توخمی هەرە بەرز لای ئێزیدی چوار توخمی سەرەکییە، ئەم چوار توخمە لە گوتنی زەبوونی مەکسور هاتووە کە دەڵێت: «پادشایە و هەر چوار یاری زەرگوونە»، ئەو چوار یارەش بریتین لە (خاك، ئاو، با و ئاگر)، دیارە ئاگر هێمایە بۆ رۆژیش، هەر بۆیە رۆژ لای ئێزیدی سومبولێکی گەورە و سەرەکییە، کاتێك

**کاتێک بەعس هێرشی کردە سەر کوردستان و ئەنفالی پیادە کرد، کورد موسڵمان بوو، بەڵام مزگەوتەکانی تەقاندەوە و قورئانەکانیشی سووتاند**

**هێرشکردن بۆ سەر ئێزیدی، هێرشکردن بوو بۆ سەر کوردستان و بەمەبەستی کۆمەڵکوژیی کورد بوو**

**ئەو کتێبانەی وەک نارەزاییەک دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان سووتاندم، کتێبی پرۆگرامی خوێندی ئایینی ئێزیدی بوون بۆ پۆلی ١-٦، ئەمەش ئەو پەیامەی هەبوو کە قوتابیان و مامۆستایان کۆمەڵکوژ بکرێن و ئاوارەی بن خێوەتەکان بن، کتێبەکان چ مانایەکیان دەمێنێت**

**لە ساڵی ٢٠٠٧ و لە دیداری سەرۆک بارزانی لەگەڵ بنکەی لالش پێی گوتین چیاکانی کوردستان پشتیوانی چیای ئێزیدییەکانە، ئەگەر ئێزیدی بکەوێتە مەترسییەوە ئامادەم شەڕی لەسەر بکەم، ئەو سۆزەی دابووی، دوای هێرشی داعش جێبەجێی کرد**

بەیانی نوێژی خۆمان دەکەین، روودەکەینە رۆژهەڵات و دوعای خۆمان دەکەین، ئێوارانیش کە نوێژ دەکەین، روودەکەینە خۆرئاوا و نوێژی خۆمان دەکەین. دیارە کاتێك مێژوو دەخوێنینەوە، ئەمە لە ئایینی میترایی هەیە، بە میهروماهی ناوبراوە، هەتا ئێستاش لە شنگال بە مانگ دەڵێن (ماە) بە رۆژیش دەڵێن (میهر)، دیارە ئایینی میترایی پێش زەردەشتی لە ناوچەی میزۆپۆتامیا و کوردستان هەبووە، کاتێك ئایینی زەردەشتی دەرکەوتووە کە زیاتر ئایینێکی میللەتی فارسە، بەشێك لە پەیڕەوانی میهروماهیان بردۆتە نزیك خۆیان و دەسەڵاتیان پێداون بۆ ئەوەی بەرەو لای خۆیان رایانبکێشن و بیانکەن بە زەردەشتی، دیارە ئەوانیش چوونەتە سەر ئایینی زەردەشتی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی میدیا کە دەوڵەتێکی کوردی بووە، هەر لەسەر پێڕەوکردنی ئایینی میترایی ماوەتەوە.

قۆناخی دووەمی ئایینی ئێزیدی، قۆناخی خوداناسییە، لە گوتنی زەبوونی مەکسور هاتووە: ( برایم خان نوقتەیەکی سادقە. هەرسێ حەرفی مەنتیقە. خودێ خۆی ناسکرد هەقە). بێگومان برایم خان مەبەستی ئیبراهیمی خەلیل ـە کە خەڵکی کوردستانی تورکیایە، لەبەر ئەوەی ئیبراهیمی خەلیل بە وردبوونەوە لە توخمەکانی سروشت خوای ناسیوە، بۆ نموونە، رۆژی بینیووە هەڵهاتووە و پاشان ئاوا بووە، مانگی بینیوە هەڵهاتووە و پاشان ئاوا بووە، مرۆڤ لە دایك بووە، پاشان مردووە، بۆیە گەیشتۆتە ئەو راستییەی، ئەوەی رۆژ و مانگ و مرۆڤی دروستکردووە، خوڵقێنەری هەموومانە و خوای تاك و تەنیایە، بۆیە ئێزیدیش لەم قۆناخە خوای تاك و تەنیای ناسیوە. قۆناخی سێیەم، قۆناخی هاتنی عارفی رەبانی شێخ هادی کوردی موسافیرە، لە ناوچەی بیت فاری بەعلەبەکەوە لە سووریا هاتۆتە کوردستان و پاشان هات لالشی ئاوەدان کردەوە، لەبەر ئەوەی پێشتر ئاشوورییەکان لالشیان داگیرکردبوو و کردبوویان بە کەنیسە، بۆیە شێخ هادی هات و سەرلەنوێ لالشی کردەوە بە پەرستگای ئێزیدییان، شێخ هادی وەك ریفۆرمیستێکی ئایینی ئێزیدی ناسراوە و جارێکی دیکە ئایینی ئێزیدی نوێکردووەتەوە.

*** دیارە لەو ماوەیەی دوای هاتنی شێخ هادی تا ئێستا ماوەیەکی درێژە، ئایا لە ئێستادا ئایینی ئێزیدی چۆن پیادە دەکرێت و رێوڕەسمی ئێوە چۆنە؟**

- لەبەر ئەوەی خودا ئەقڵی بە مرۆڤ بەخشیوە، لە هەمانکاتدا دڵ و ئارەزووشی پێبەخشیوە، لە تێکستی ئێمەدا دیالۆگێکی زۆر جوان لە نێوان ( ئەقڵ و دڵ و چاو)دا هەیە، بۆیە ئێمە دەڵێین ئەگەر مرۆڤ بە ئەقڵی خۆی رەفتاری کرد، هەڵە ناکات، لە کۆتاییشدا کە کراسی گۆڕی (مەبەستی مردنە) گیانی پلەیەکی دیکە بەرز دەبێتەوە. لە ئایینی ئێمەدا ئەوە هەیە کە خوا لە تیشکی خۆی حەوت فریشتەی دروستکردووە کە بریتین لە (ئیزرائیل، جوبرائیل، میکائیل، دردائیل، شمائیل، ئیسرافیل و عەزازیل)، کاتێك خوا ئامادە (ئادەم)ی دروستکرد، ئەم فریشتانە لە حزووری خودا راوەستابوون، پەروەردگار ئەمری پێکردن سوجدە بۆ ئامادە بەرن، شەش فریشتە سوجدەیان برد، بەڵام عەزازیل کە ئێمە پێی دەڵێن تاوسی مەلەك (مەلەك تاووس)، ئەو راسپاردەی خودای لە بیر نەکردبوو کە پێی گوتبوون بێجگە لە من سوجدە بۆ کەس مەبەن، بۆیە گوتبووی من لەسەر فەرمانی خۆت سوجدەی بۆ نابەم، لەبەر ئەوەی وتبووت بێجگە لە تۆ سوجدە بۆ کەس نەبەین، راسپاردەی تۆش ناشکێنم. لە ئایینی ئێمە هەیە، کە خودا پێی گوتووە ئەوا من تۆم کردە تاوسی مەلەك، دیارە، تی واتە تیشك کە رۆژە، مەلیك واتە پادشا، واتە پادشای رۆژ. دیارە رۆژیش تیشکی خودایە، ئەمەیە ئەو خاڵەی کە ئایینی ئێزیدی لەگەڵ ئایینەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئایینی ئێمە ئەوەیە هەموو تێکست و داب و نەریت و رێوڕەسمەکانمان بە زمانی کوردییە، تێکستی ئێمە کێش و قافیەی هەیە و لەسەر کێشی پەنجەیە، لای ئێمە جێگەی هەرە پیرۆز بۆ ئێزیدی لالشە، لای ئێمە لالش هەوێنی مەینی زەوییە، واتە پشتر ئاو بووە و لالش وەك هەوێن ئاوەکەی مەیاندووە و زەوی دەرکەوتووە، لە ناو لالش دوو کانی هەیە، یەکێکیان کانی زمزم ـە، ئەو دیکەیان کانی سپی-یە، هەر ئێزیدییەك سەردانی لالش بکات، لە ئاوی زمزم دەخواتەوە و بە ئاوی کانی سپی خۆی مۆر دەکات، واتە پابەندبوونی خۆی بۆ ئایینی میترایی دووپات دەکاتەوە، منداڵ کە لەدایك دەبێت، دەبێت بە ئاوی کانی سپی مۆر بکرێت، واتە حەڵاڵ بکرێت، سەبارەت بە مردنیش، دیارە ئێزیدی بە مردن دەڵێت: کراس گۆڕین، واتە گیان وەك کراسێك لە بەری جەستەدایە، کاتێك دەمرێت، گیانەکەی دەچێتە بەری جەستەیەکی دیکە، ئەمەش مانای ئەوەیە گیانە جەستە دەگۆڕێت، ئەگەر ئەو کەسەی کراس دەگۆڕێت، گیانی پاك بێت، ئەوە پلەیەك بەرز دەبێتەوە و دەچێتە جەستەی کەسیکی خێرەوە، ئەگەر ئەو گیانە پاك نەبێت، دەچێتە جەستەی کەسێکی شەڕخواز، یان گیاندارێکی دڕندەوە

*** هاوسەرگیری لای ئێزیدییان چ تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە و بۆچی بۆ ژن و ژنخوازی داخراوەن؟**

- راستە کۆمەڵگەی ئێزیدی بۆ ژن و ژنخوازی کۆمەڵگەیەکی داخراوە، ژن و ژنخوازی لە نێوان ئێزیدی و غەیری ئێزیدیدا نییە، لەمەش زیاتر ئێزیدی دابەش دەبن بۆ سێ بەش (شێخ، پیر، مورید) لەناو ئەم سێ بەشەشدا ژن و ژنخوازی نییە.

*** بۆنە و جەژنەکانتان چۆنن؟**

- ئێمە چەندین جەژنمان هەیە، جەژنەکانیش دیسان هەر تایبەتن بە توخمەکانی سروشت و وەرزەکان ساڵی، لە ناوەڕاستی مانگی ١٢ جەژنی ڕۆژی ئێزیدیمان هەیە کە ماوەی ٣ ڕۆژ بەرۆژو دەبین، ئەم جەژنە بۆ دوعاکردنە بۆ ڕۆژ لەبەر ئەوەی لە مانگی ١٢ بە تەواوەتی کورت دەبێتەوە، بەڵام لە ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی مانگی ١٢ دووبارە دەست بە درێژبوونەوە دەکات، لە مانگی شوبات جەژنێکی دیکەی ئێمە جەژنی جووتیارە، سەری ساڵی ئێمە یەکەم چوارشەممەی نیسان، مانگی نیسانی ئێمە ١٤ڕۆژ لەگەڵ نیسانی سەری ساڵی زایینی جیاوازی هەیە، بۆیە یەکەم چوارشەممە ساڵی وا هەیە ١٤ یان ١٥ تا٢٠ی نیسانە، ئەمساڵ یەکەم چوارشەممەی ئێمە کە دەکاتە یەکی نیسان، ٢٠ی نیسانی سەری ساڵی زایینیی بوو. سەبارەت بە نەورۆز ئێمە (جەژنێ مارتێ) مان هەیە و دەڵێن: لە ٨ی مارت مەلەك زەیەن هاتە خوارێ دەنگکرد ل بهارێ هەر لێرە تا شنگالی، ئەمەش مانای ئەوەیە لێرە تا شنگال ١٣ ڕۆژە دەکاتە ٢١ی مارت کە دەکاتە یەکی نەورۆز.

*** ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزیدییەکان هات لەسەر دەستی داعش کارەساتێکی هێجگار قورس و گەورە بوو، بەتایبەتی کە پیاوەکانیان کۆمەڵکوژ کرد و ئافرەتیان وەك دیلی شەڕ دەستبەسەر کرد، ئایا ئێوە وەك ئێزیدی خوێندنەوەتان بۆ ئەو شاڵاوە دڕندانەی داعش چییە؟**

- کاتێك باسی دیاردەی داعش دەکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، بزانین ئەم غەزەبە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. خۆتان دەزانن پێش هاتنی ئیسلام، کۆمەڵگەی عەرەبی کۆمەڵگەیەکی جاهیلی بوو، شتێکی باو بوو کە منداڵیان دەبوو ئەگەر کچ بووایە زیندەبەچاڵیان دەکرد، واتە تەنیا کوڕ دەمانەوە، دیارە ئەم کوڕانە دوای ١٣-١٥ ساڵ گەورە دەبوون، هەمووشیان بە شیری حوشتر و خورما پەروەردە کرابوون، بۆیە هەستیان دەکرد سك و بن سکیان برسییە، ئەوجا لە کۆمەڵگەی خۆشیان کچ نەبووە، بۆیە هێرشیان دەکردە سەر هۆزەکانی دەوروبەریان و پیاوەکانیان کوشتووە و ژن و کچ و سەروەت و سامانیشیان بۆ خۆیان دەبرد، کە ئیسلام هات ئەم دیاردەیە هەندێك سنووردارکرا، بەڵام بۆ شەڕ و شۆڕ نەتوانرا دەستبەرداری ببن، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەستبەرداری بوونایە نەیاندەتوانی بەو فراوانییە ئیسلام بڵاوبکەنەوە و نەشیاندەتوانی دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی وەك فارس و ڕۆم بڕوخێنن و ئەو هەموو ئیمپراتۆریەتە دروست بکەن، دیارە دواتریش تورکەکان لە سەردەمی عوسمانییەکان هاتن هەر بە ناوی ئایین دەوڵەتیان بۆ خۆیان دروست کرد و هەمان شتیان دووبارە کردەوە، کاتێکیش هێرشی هێنایە سەر کوردستان ئەوە بوو لە موسڵ بەشێك لە ئێزیدییەکان جزیەیان لەسەر دانان، بەشێکی زۆریش ڕەتیانکردەوە جزیە بدەن، بۆیە هەڵاتن و چوونە چیای شنگال، بۆیە لە مێژووی خۆماندا ئەمە یەکەمجار نییە کە هێرش دەکرێتە سەر ئێزیدی، تەنانەت زەردەشتییەکان بە ئێمەیان دەگوت: «دیوەسنا»، ئەمەش واتای ئەوەیە دیو مانای (دیڤیڵە)، سنا واتا ئایین، ئەم چیایەی خۆمان ئێمە پێی دەڵێین هەکاری، کریستیان پێی دەڵێت داسن، هەروەها ئێمە بە ئێزیدی دەڵێین مەزدە، ئەوان دەڵێن مەزدەداسنی، ئێمە دەڵێین حوسێن بەگی ئێزیدی، ئەوان دەڵێن حوسین بەگ داسنا، ئێمە دەبێژین ئێزیدی خان، ئەوان دەڵێن داسنایە، بۆیە داعش شتێکی نوێ نییە، ئەوان وەختێك هاتوون کوردستان داگیربکەن، هەروەك داعشیان کردووە. ڕژێمی پێشووی بەعس کاتێك پرۆسەی ئەنفالیان ئەنجامدا، کورد موسڵمانی عەیار ٢٤ بوو، کەچی ئەوان گوندەکانی کوردستانیان دەتەقاندەوە و مزگەوتەکانیان بە قورئانەکانیشەوە دەسووتاند. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا کاتێك ١٨٢ هەزار کەسیان ئەنفال کرد، ژن و کچی کوردانی موسڵمانیان نەگەیاندە میسر و خەلیج؟ بۆیە مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئێزیدی ئایینەکەی جیاوازە، بەڵکو داعش هاتبوو کوردستان داگیربکات و ئەم ڕووناکییەی لە کوردستان هەیە بیکوژێنێتەوە و تاریکی خۆی بڵاوبکاتەوە، قەدەری ئێزیدی و پێکهاتە کەم ژمارەکانی دیکەی کوردستانیش ئەوەیە لە سەر سنوورەکانی کوردستانن، بۆیە یەکەم لایەن کە بەرشاڵاوی داعش کەوت بەر ئەو پێکهاتەیە کەوت. ئەوجا ئەمانەی لەگەڵ داعشن، بە چیچانی و پاکستانی و نەیجیری و عەرەب، هەموویان بە هاوشێوەی سەردەمی جاهلییەت سك و بن سکیان برسییە، بۆیە ئەگەر ئەم خەڵکە برسییە فەتوایەکیشی بۆ دەربکرێت، بەوەی کە هێرش بکەن، ئەگەر سەرکەوتن، پیاویان بکوژن و سەروماڵ و کچ و ژنیان بۆ خۆتان و دەبنە غازی، ئەگەریش کوژران ئەوا دەبنە شەهید و دەچنە بەهەشت و هەر یەکەو ٧٢ حۆریتان بۆ حازر کراوە، کرداری دڕندانە ئەوها دەکەن، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوان هاتبوون کوردستان داگیربکەن.

*** وەك بیستوومانە دوای ئەم کارەساتەی بەسەر ئێزیدییەکان هات، کتێبەکانی خۆتت سووتاند، ئایا بۆچی سووتاند و کتێبەکان چی بوون؟**

- ئەوەی بەسەر میللەتی ئێمە هات، شتێکی کەم نەبوو. بۆیە من وەك پرۆتستۆکردنی ئەو تاوانە گەورەیە، کتێبەکانی خۆم سووتاند، هۆکاری یەکەمیشی ئەوە بوو، داعشییەکان ویستیان ئێمە بگێڕنەوە بۆ سەردەمی پێش نووسین، دووەمیان، کتێبەکانم، کتێبی مەنهەجی ئایینی ئێزیدی بوون بۆ قوتابیانی ئێزیدی بۆ پۆلەکانی ١تا٦، دیارە ئەم کتێبانەش دوای ئەوە ئامادەم کرد کە لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو مافەی بۆ قوتابیانی ئێزیدی پەسەند کرد

**سەرۆک بارزانی پێش هەمووان خۆی و ئەوجا کوڕ و براکانی هاوشانی هێزی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕدا بوون بۆ ئەوەی گوند و شاری ئێزیدی ئازاد بکەنەوە، ئەمەش ئازاری دڵی ئێزیدییەکانی زۆر سووک کرد**

**پەکەکەش هاوشێوەی داعش کچانی ئێزیدی دەبات و بەزۆر دەیانکات بە گەریلا و ڕێگەنادات کەسوکارەکانیان بیانبینن، یان بیانگێڕنەوە، بۆیە ئێمەی ئێزیدی وەک داعش سەیری پەکەکە دەکەین لەبەر ئەوەی هەردووکیان بە زۆر کچی ئێمە دەبەن**

**ئێزیدی پێشتر سایکۆلۆژیەتی ترسی هەبوو لەبەر ئەوەی ئێمە بێ خاوەن بووین، بەڵام ئێستا چیاکانی کوردستان پشتیوانی چیای شنگالە، ئێستا سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بەرگری لە ئێزیدی دەکەن**

که وانەی ئایینی ئێزیدی بخوێنن، بەڵام کاتێك ئەم کارەساتە روویدا و قوتابییان یان کەوتنە دەستی داعش، یان ئاوارە بوون، مامۆستاکان، یان کوژران، یان ئاوارە بوون، بۆیە بیرم کردەوە، کتێبەکان چ بایەخێکیان هەیە.

*** بەڵام سەبارەت بەم کارەساتەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هات، سەرۆك بارزانی لە هەموو کەس زیاتر نیگەران بوو، تەنانەت هەر دوای ئەم کارەساتە بڕیاری شەڕی سەرتاسەری لە دژی داعش راگەیاند و خۆی راستەوخۆ لەبەرەکانی شەڕ بوو، هەتا چیای شنگال ئازاد کرا، پاشانیش هەر بە سەرپەرشتی بەڕێزیان ناو شاری شنگالیش ئازاد کرا. ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی دەکەن؟**

- پێش ئەوەی باسی هەڵوێستی سەرۆك بارزانی لەسەر کارەساتی ئەم دواییەی ئێزیدییەکان بکەم، دیارە ئێمە زۆر جار وەك کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بنکەی لالش بە دیداری جەنابیان شاد بووین، لەبیرمە لە ٢٠٠٧ چووینە دیداری و لەو دیدارەدا لێمانی پرسی: ئایا کێشەی سەرەکیی ئێوە چییە؟ ئێمەش پێمانوت: ئێمە سایکۆلۆژییەتی ترسمان هەیە و هەموو کات لە ئایندەی خۆمان دەترسین، مێژووی ئێمە هەمووی تراژیدیایە، باوەڕمان بە خۆمان نییە، بە ناوی ئایین چەندین جار کۆمەڵکوژ کراوین، تەنیا ئەوەمان لە باب و باپیرانمانەوە بۆ ماوەتەوە. لەبەرامبەردا سەرۆك بارزانی پێیگوتین: بە شێخی خۆتان بڵێن، چیاکانی کوردستان پشتیوانی چیاکانی ئێوەیە و هەموو میللەتی کوردیش پشتیوانی ئێوەن، گوتیشی: ئێمە شەڕمان زۆر کردووە و قوربانیشمان زۆر داوە، بڕیارمانداوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگ بگرینەبەر، بەڵام ئامادەین بۆ پاراستنی ئێوە جارێکی دیکەش شەڕ دەست پێبکەینەوە. بۆیە کاتێك ئێمە ئەو کارەساتەمان بەسەردا هات، جەنابی سەرۆك بارزانی بەڵێنی خۆی هێنایەدی، بەوەش هەندێك سەبوریمان هات و خەمی ئێمەی کەم کردەوە، تەنیا خەمێك کە دڵی ئێمە و دڵی جەنابی سەرۆك بارزانی سارێژ نابێت، ئەوەیە ئەو کچ و ژنانەی ئێمە لەبەر دەستی داعش بە یەخسیری ماون، بەڵام سەرۆك بارزانی جیا لەوەی کە خۆی راستەوخۆ لە بەرەکانی شەڕ بوو، لە هەمانکاتدا کوڕ و برا و کەسە نزیکەکانی هەمووی پێکەوە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا بوون، جیاوازیی سەرۆك بارزانی لەگەڵ هەر سەرۆکێکی دیکە ئەوەیە، سەرۆك بارزانی خۆی لە کۆشکی سەرۆکایەتی دانەنیشتووە و لەوێوە کوڕی خەڵك بنێرێت بۆ شەڕ، ئەو پێش هەمووان کوڕ و برای خۆی رەوانەی بەرەکانی شەڕەکە دەکات و خۆیشی راستەوخۆ لە ناو شەڕەکە ئامادە دەبێت.

*** هەر سەبارەت بە پرسی شنگال هەست دەکەین پەکەکە دەستێوەردان لەو شارە دەکات و دەیەوێت شنگال لە کوردستان داببڕێت. ئایا ئێوە وەك ئێزیدی چۆن سەیری ئەو دەستێوەردانەی پەکەکە لە شنگال دەکەن؟**

- کاتێك پەکەکە وەك پارتێکی کوردستانی هاتە مەیدان، ئێمە زۆر دڵمان پێی خۆش بوو، لەبەر ئەوەی ئەو رەخنەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتەکانی دیکەی باشووری کوردستان دەگرت و دەیگوت ئەوان تەنیا بۆ بەشێك خەبات دەکەن، بەڵام ئێمە بۆ کوردستانی مەزن خەبات دەکەین، بەڵام ئەم دروشمە لە پراکتیکدا وادەرنەکەوت، لە راستیدا پەکەکە دەیەوێت هێندەی دیکە کوردستان پارچەپارچە بکات، ناشیەوێت لە ژێر ئالای کوردستاندا خەبات بکات، ئالایەکیان هەڵکردووە نازانم هی کام دەوڵەتە، هیچ هێمایەکی تێدا نییە کە رەنگدانەوەی خۆمانی تیا ببینمەوە، ئەمە لە کاتیکدا لە پێناوی شەکانەوەی ئالای کوردستاندا بە سەدان هەزار شەهیدمان داوە، پەکەکە ئەمە یەکەمجاری نییە دەستێوەردانی لەمجۆرە دەکات، لە ساڵی ١٩٩٢ش هاتبوو بەڕێوەبەری ناحیەیەکی لە بامەڕنێ دانابوو، پرسیار ئەوەیە بامەڕنێ دەڤەرێکی رزگارکراوە، ئەگەر پەکەکە ئەوەندە جوامێرە، با بڕوات ناوچەیەکی باکووری کوردستان ئازاد بکات، مخابن ئێستا دێت لە شنگال دەڵێت: دەبێت بەغدا بە من بڵێت، ئینجا دەڕۆم، ئەم رەفتارەی پەکەکە بەداخەوە زیندووکردنەوەی سیستمی چەتەگەراییە کە لای سلێمانی پێی دەڵێن جاشایەتی، بۆیە چەکدارانی پەکەکە زۆر ئازاری ئێمەی ئێزیدی دەدەن، من پێش دوو هەفتە لە شنگال بووم، ئەوان بەزۆر کچی ئێمەیان کردووە بە گەریلا، کاتێك ئەو کچە دەیەوێت بگەڕێتەوە ڕێگەی نادەن، یان کەسوکاری کچکە دەچن کچەکەیان ببینن، کچەکەی لێ دەشارنەوە، بۆیە راشکاوانە دەڵێم ئەم رەفتارەی پەکەکە بەرامبەر کچانی ئێزیدی دەیکات لە چاوی ئێمەدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ داعش نییە، لەبەر ئەوەی داعش هات کچی ئێمەی بە زۆر برد و یەخسیری کردن، ئێستاش پەکەکە بە زۆر کچی ئێمە دەبات و دەیکاتە گەریلا. سەبارەت بەوەی کە پەکەکە دەیەوێت شنگال لە کوردستان دابڕێت، من لێیان دەپرسم: ئایا ئێوە دەتوانن ماسی لە ئاو جیابکەنەوە، ئێزیدی لە مێژووی خۆیدا چەندین کارەساتی تراژیدی بەسەردا هاتووە، دەیان جار هەڵیانکوتاوەتە سەر ئێمە و کچ و ژنی ئێمەیان رفاندووە، بەڵام ئەو کات ئێمە بێ خودان بووین، ئەوکات براکوردەکانی ئێمەش لە ژێر کاریگەری ئایینیدا شمشێریان لەسەر ئێمە گەرم بوو، بەڵام ئێستا چیاکانی کوردستان پشتی چیای شنگالن، چیای شنگال لە چیاکانی کوردستان جیاناکرێتەوە، ئێستا ئێمە سەرۆکێکمان هەیە کە ئامادەیە لەسەر ئێمە شەڕی مان و نەمان بکات، ئێمە هێزی پێشمەرگەمان هەیە بەرگری لە ئێمە دەکات، ئەوەی خەمی سەرشانی

**ئێزیدی نیو ملیۆن کەسن لە کوردستان، بەڵام تا ئێستا میدیایەکی سەربەخۆمان نییە، ئێمەی ئێزیدی خۆمان دەزانین چۆن بەرگری لە خۆمان دەکەین، بۆیە پێویستە میدیایەکی سەربەخۆمان هەبێت**

**سەرۆک بارزانی خۆی پێی گوتووین بۆ بەرگریکردن لە مافی ئێزیدی من نوێنەری ئێوەم، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لە نزیک سەرۆک کەسێکمان هەبێت بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانی سووک بکەین و یارمەتیدەری بین**

**پەکەکە دەیەوێت شنگال لە کوردستان داببڕێت، ئێمە وەک ئێزیدی لێیان دەپرسین: ئایا دەکرێت ماسی لە ناو ئاو جیا بکەیتەوە؟ چیای شنگال یەکێکە لە چیاکانی کوردستان و هەرگیز لێی جیانابێتەوە**

ئێمەی سووکردووە، هەڵوێستی جەنابی سەرۆك بارزانی و قارەمانی پێشمەرگەیە، بەڵام بەداخەوە نیومالّی کورد درزی تێدایە، بەشێك لە میدیاکانی کوردستان ژەهر دەڕێژن، ئەوجا ئەو ەژهررشتنە، یان بە مەبەستە، یان لە بێ ئاگاییەوە ژەهر دژی ئێزیدی بڵاودەکەنەوە.

*** مەبەستت چییە لەوەی کە گوتت هەندێك میدیا ئازارەکانی ئێزیدی دەکولێننەوە، یان ژەهربارانتان دەکەن؟**

- دیارە هەمووتان ئاگادارن نۆ ساڵ لەمەوبەر کچێکی ئێزیدی بە ناوی دوعا بەغەدر کوژرا، ئەوکات من ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووم و لەگەڵ میری ئێزیدییان چووینە سەر تەلەفزیۆن و سەرکۆنەمان کرد، ئەو کات ئیدعای ئەوە کرا ئەو کچە بۆتە موسڵمان و شووی بە کوڕێکی موسڵمان کردووە، دەرچوو ئەو کچە نە بۆتە موسڵمان و نە گرێبەستی هاوسەرگیریشی هەبووە، بە هەرحاڵ غەدری لێکرا و غەدرەکەشمان سەرکۆنە کرد، بەڵام ئەمساڵ دوای ۹ ساڵ جارێکی دیکە لەناو ئەو هەموو کارەساتەی تێیکەوتووین، مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەروەها ئالا تاڵەبانی ئەم پرسەیان وروژاندەوە، ئەم پرسە ئێمەی وەك ئێزیدی زۆر ناڕەحەت کرد، تەنانەت هەندێك لەو ئێزیدیانەی لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانیدا بوون زۆر نیگەران بوون کە کادری خۆیان ئێزیدی بەوجۆرە بریندار دەکەن، دوای ئەوەش کە هێرۆخان هات و سەردانی لالشی کرد، بەداخەوە ئەویش نە مەلا بەختیار و نە ئالا تاڵەبانی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو، کە هاتە لالشیش تەنیا لایەنگرانی یەکێتی کۆکردەوە کە دەبوو دڵنەوایی هەموو ئێزیدییەکانی بکردایە.

*** باشە ئێزیدی لە کوردستاندا ژمارەی نزیکەی نیو ملیۆن کەسن، چۆن تائێستا خۆتان دەزگایەکی راگەیاندن، یان تەلەفزیۆنێکتان نییە، بۆ ئەوەی خۆتان بەرگری لە خۆتان بکەن؟**

- ئەگەر سەرنجتان دابێت رۆژانە هەندێك میدیا بەگشتی و میدیای پەکەکە بەتایبەتی، برینەکانی ئێمە دەکولێننەوە، ئێمە وەك بنکەی لالش چەندین جار داوامان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە کەناڵێکی سەتەلایت بۆ ئێزیدییان بێتە دامەزراندن، دووساڵ بەسەر ئەو داواکاریەمان تێپەڕبوو رەزامەندی درا، بەڵام گوتیان قەیرانی دارایی هەیە و ناتوانین بۆتان دابمەزرێنێن، ئێستا سێ تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی و زاگرۆس تیڤی و وار تیڤی رۆژانە نیو سەعات بەرنامەیان بۆ ئێزیدییان هەیە، بڕوا بکەن بەرنامەکەی زاگرۆس تیڤی کە ناوی ئێزیدی خانە، کوردانی ئێزیدی زۆر دڵخۆش کردووە، بۆیە دووبارەی دەکەینەوە، ئەگەر ئێمە خۆمان تەلەفزیۆنی خۆمان هەبێت، ئەوکات خۆمان بەرگری لە خۆمان دەکەین و رێگە نادەین ئەو میدیایانە ژەهرەمان بەسەردا بڕێژن و دەزانین چۆن وەڵامیان دەدەینەوە.

*** بەڵام لە رووی بەرگریکردن لە مافی ئێزیدییەکان، وەك خۆشتان ئەو شاهیدییە دەدەن، سەرۆك بارزانی بە هەموو شێوەیەك بەرگری لە مافی ئێوە دەکات، ئایا دەتانەوێت سەرۆك بارزانی چیدیکە بۆ ئێزیدی بکات؟**

- ئێمەی ئێزیدی تەنیا لە باشوری کوردستان ژمارەمان زیاتر لە نیو ملیۆن کەسین، راستە ئێمە ئەوەمان لە جەنابی سەرۆك گوێ لێبووە کە خۆی گوتوویەتی من نوێنەری ئێوەم، بەڵام ئێمە دەمانەوێت کەسێك هەبێت لە نزیك سەرۆك ئەرکی سەرشانی سەرۆك سووك بکات، لەساڵی ۲۰۰۲ لە کۆنگرەی لەندەن و لەساڵی ۲۰۰۳ لەدیداری پاریس بۆ ئۆپۆزسیۆن جەنابی سەرۆك بە منی گوت، پیر خدر وەك ئێزیدی چیتان هەیە بیخەنەڕوو، تا من بەهەموو توانام بەرگریتان لێ بکەم، بۆیە سەرۆك هەموو کات بەرگریکاری ئێمەبووە، بەڵام ئێمە پێویستمان بەوەیە خۆمان بەرگری لە خۆمان بکەین و ئەرکی سەرشانی جەنابی سەرۆك بارزانی سووك بکەین و یارمەتیدەری بین.

*** دوای ئازادکردنی شنگال هەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیش سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوایان کردووە شنگال بکرێت بە پارێزگا، ئایا ئێوە ئەمە بە دەستکەوت نازانن بۆ ئێزیدی؟**

- بۆ ئێمە جێگەی شانازییە کە جەنابی سەرۆك بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانی سۆزیان داوە شنگال ببێتە پارێزگا، بەڵام ئەم پرسە هەتا ئێستاش پێوەندی بە رەزامەندی ناوەندەوە هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەین هەتا دەبێتە پارێزگا، شنگال ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەبێت، پاش ئەوەی کارەساتی ئێزیدییان بە ژینۆساید ناسێندرا، دەست دەکرێت بە ئاوەدانکردنەوەی شنگال، داوای خەڵکی شنگال لە جەنابی سەرۆك بارزانی و جەنابی سەرۆکی حکومەت ئەوەیە شنگالی ئێستا وەك پیشاندانی سیمبولی ئەو غەدرەی دژی ئێزیدی کراوە، وەك خۆی بمێنێتەوە لە شوێنێکی دیکە شنگالێکی دیکە دروست بکرێتەوە، ئەم وێرانکارییە با بمێنێت بۆ ئەوەی هەموو جیهان بزانێت چی بەسەر شنگالییەکان هاتووە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە مەترسییەکی دیکەمان هەیە، لەوانەیە دوای نەمانی داعش ئەو غەدرە لە سەرمان دووبارە ببێتەوە، ئێستا باس لەوە دەکرت دوو پارێزگای دیکە لە ناو پارێزگای نەینەوا دروست دەکرێت، یەکێکیان شنگالە و ئەوی دیکەیان دەشتی نەینەوایە، بۆ پێکهاتە کەم ژمارەکانی دیکە وەك کریستیان و کوردی شەبەك و تورکمان و ئێزیدی، ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە لەو پارێزگا تازەیەش غەدر لە کوردی ئێزیدی بکرێت و لەو ناوچانەی کە ئێزیدی زۆرینەن مافی خۆیان پێ نەدرێت، بۆیە داوا دەکەین لە ئێستاوە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت.

**پەکەکە لە ساڵی ١٩٩٢ش هاتبوو بەڕێوەبەری ناحیەیەکی لە بامەڕنێ دانابوو، پرسیار ئەوەیە بامەڕنێ دەڤەرێکی رزگارکراوە، ئەگەر پەکەکە ئەوەندە جوامێرە با بڕوات لە باکووری کوردستان ناوچەیەکی دیکە ئازاد بکات، مخابن ئێستا دێت لە شنگال دەڵێت: دەبێت بەغدا بەمن بڵێت، ئینجا من دەڕۆم**

**کاتێک ١٨٢ هەزار کوردی موسڵمانیان ئەنفال کرد، ژن و کچی کوردانی موسڵمانیان گەیاندە میسر و خەلیج، بۆیە مەسەلەکە ئەوە نیە کە ئێزیدی ئاینەکەی جیاوازە، بەڵکو داعش هاتبوو کوردستان داگیربکات و ئەم رووناکیەی لە کوردستان هەیە بیکوژێنێتەوە و تاریکی بڵاوبکاتەوە**

# بارزانی دەیەوێت لە ڕێگەی گشتپرسییەوە بەجیهان بڵێت گەلی کورد بڕیاری سەربەخۆیی دەدات



د. حەسەن سابیر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

دوای چەندین شۆڕش، دوای مۆرکردنی چەندین بەیاننامە و ڕێککەوتننامە لەگەڵ حکومەتی ناوەند و پاشان هەڵوەشاندنەوەیان، دوای زیاتر لە سەدان هەزار شەهید و شاڵاوی دڕندانە و جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران و تەختکردن و سووتاندنی گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستان، هێشتا بانگەوازی پڕۆژەیەکی مۆدێرنی وەك ریفراندۆم کە داوادەکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئەورووپا، ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و .. خۆیان بێن و بزانن ئەم گەلە ستەمدیدەی باشووری کوردستان بۆ چارەنووسی خۆی چی دەوێت، بەرهەڵستی دەکرێت، میللەتێکی وەك گەلی کورد چی دەوێت و دەیەوێت چۆن بیر لە ئەنجامدانی گشتپرسییەك بکاتەوە کە ئاخۆ گەلی کورد بڕیاری سەربەخۆیی بدات، یان ژیانە ناچارییەکەی بەتەنیشت بەغداوە درێژە پێبدات. بەداخەوە هێشتا گشتپرسی هەنگاوێکی جددی نەبڕیوە، لەپاڵ دوژمنانی کورددا لەنێوخۆی عێراق و ناوچەکە، چەندین ڕووناکبیر و خاوەن قەڵەمی کورد بە کارێکی ناواقیعی و ناعەقڵانی و نایاسایی دادەنێن و دەڵێن: ریفراندۆم ناکرێت، چونکە ڕێمان نادەن! یان دەڵێن: ریفراندۆم بۆ ئەمڕۆ کارێکی عەمەلی نییە و کاتی نەهاتووە و لە ڕووی یاساییەوە بەربەستی لەبەردەمدایە و کارێکە بۆمان ناچێتەسەر و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوێمان لێناگرن! یان دەڵێن: ریفراندۆم پڕۆژەیەکە سۆز و خەیاڵ بە سەریدا زاڵە و عەقڵانییەتی تێدا نییە و پەسەندکردنی «برا گەورەی» دەوێ و دەبێت بۆ چارەنووسی خۆت پرس و ڕەزامەندیی دەوڵەتی ناوەند وەربگریت!

من جیاواز لە ئینیتمای فیکری و سیاسیم ئەوە دەخەمەڕوو بۆ ئەوانەی پێیانوایە ریفراندۆم پڕۆژەیەکە سۆز و خەیاڵ بەسەریدا زاڵە و عەقڵانییەتی تێدا نییە، سەرەتا بوونی گەلی کورد لە عێراقدا وەك گەلێکی ستەمدیدە کە بە دەیان ساڵ چەوسێندراوەتەوە و مافە نەتەوایەتییەکانی لێ زەوتکراوە و سیاسەتی جینۆسایدی بەرامبەر پەیڕەوکراوە، هۆکارێکە بۆ قایلکردنی رای گشتیی جیهان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان و گشت پشتیوانانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا، بەپێی هەموو ئەو بەندانەی لە پەیماننامە و بەیاننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی مافی گەلان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان پەسەندیان کردووە، بوار بەم گەلە بدەن خۆی بدوێت و گوزارشت لە خۆی بکات و بە بێ سانسۆر و سایەی حکومەتی ناوەند، ئیرادەی خۆی بۆ دەستنیشانکردنی دوارۆژ و چارەنووسی خۆی بەکاربهێنێت. لەو روانگەیەشەوە خوێندنەوەی من ئەوەیە کە بارزانی هەنگاوی جددی ناوە لەو رووەشەوە توانیویەتی لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی کاربکات و هەر لە ڕێگەی عەقڵەوە زەمەنی جووڵاندنی رای نێودەوڵەتی لە ڕێگەی سۆزەوە تێپەڕێنێت لەسەر کار لەسەر بنەمای عەقڵانی بکات بۆ بەدیهێنانی خەونی دێرینی نەتەوەی کورد کە دەوڵەتە.

ئەوەی من دەیبینم و دەیخوێنمەوە، ئەوەیە کە بارزانی یەکێکە لەو سەرکردە حەکیمانەی کات بەفیڕۆ نادات، بەردەوام کاتەکانی تەرخان دەکات بۆ بەرژەوەندی گشتیی میللەتەکەی. بۆ نمونە ئەو لە کاتێکدا لەبەرەکانی جەنگدا، لە یەك سەنگەردا لەگەڵ پێشمەرگەدا دژی دوژمنانی کورد دەجەنگێت، هەر لەو سەنگەرانەدا کار لەسەر ئەوە دەکات ئەوە بەدنیای دەرەوە بگەیەنێت، کە مێژوو سەلماندوویەتی جەنگ نەیتوانیوە کورد لەسەر نەخشەی سیاسی بسڕێتەوە، لە هەمان کاتدا جەنگ ناتوانێت وا لە کورد بکات دەستەبەرداری مافەکانی ببێت و لەکاتی جەنگ و ئاشتیدا هەنگاو دەنێت بۆ ئایندەیەك کە خەونی لە مێژینەی خۆی تێدا دەبینێت، کە ئەویش هەڵکردنی ئاڵای سەربەخۆییە لەسەر سنگی ئەو خاکەی کەپێی دەگوترێت کوردستان.

ریفراندۆم لە عێراق بۆ جیاکردنەوەی باشووری کوردستان تەنیا ئالیەتێکی یاساییە کە دەبێت کورد پێیدا تێپەڕێت، بەڵام وەڵامی خەڵکی کوردستان پێویست نییە لە لاپەڕێکی سپیدا بە تەنیا (بەڵێ)یەك وەربگیرێت، مێژووی ئەو عێراقە، کە کورد تێیدا بەشێك بووە، دەبێت ببێتە پێناسە جۆری وەڵامی ریفراندۆم کە تێیدا نەهامەتییەکانی گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بخرێتە بەردەم هەموو دونیا، هیچ واتایەکیشی نییە، نەتەوەیەك بەجۆرەها کوشتن و لەناوبردن تاقیکرابێتەوە، پێی بڵێیت: تۆ لەگەڵ عێراق دەمێنیتەوە، یان دەوڵەتی کوردستانت دەوێت؟ ئەوانەی کە پێیانوایە ریفراندۆم ئەو پێناسەیەی تێدا جێگیر دەکرێت، هەڵەن، ریفراندۆم لە کوردستاندا، تەنیا وەڵامی نەهامەتییەکانی کوردستانی تێدا دەنووسرێت، جگە لەمەش هیچ واتایەك بۆ ریفراندۆم نییە بۆ کورد، چونکە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێویستی بەوە نییە لە گەلی کوردستان بپرسیت: لەناو عێراقی تاوانبار بە ئەنفال و کیمیاباراندا دەمێنیتەوە، یان دەوڵەتی خۆتت دەوێت؟ بارزانی دەیەوێت ئەو هەنگاوە ببڕێت، بۆ ئەوەی بە دۆست و دوژمنی کورد بڵێت کورد لە مێژوودا هەموو ئەو قوربانییانەی داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیر لە تۆڵەکردنەوە ناکاتەوە و ڕێگەی عەقڵ هەڵدەبژێرێت و بڕیاری خۆی بە ئاشتی دەدات، پێویستە وەڵامی ئەو بڕیارەی کورد هەر بە ئاشتی بدرێتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، بارزانی لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات هەموو تاکەکانی کورد، بە شێوەی هاوچەرخانە، ئیرادەی خۆیان یەکدەخەن و یەکدەنگ داوا دەکەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە خۆیان بپرسن چییان دەوێت و شێوەی ژیانی داهاتوویان چۆن بنیاد دەنێن، ئەوا هیچ پاساوێك بۆ پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی ئیرادەیان نابێت و، هیچ هێزێکی دەوڵەتی کە بە تەنگ راستگۆیی خۆیەوە بێت لە بانگەشەکردنی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ناتوانێ چاو لە ئاستی ملیۆنان کورد بنووقێنێت، ئەو کاتە مەحەکی عەقڵانییەتیش بۆ دەزگا نێودەوڵەتییەکان بەپیرەوەچوونی ئەو داواکارییە و سالماندنی رەوایی ئەو ئیرادە یەکگرتووە دەبێت. سەلماندنی ئەو ئیرادەیە بارودۆخێکی سیاسیی وەها دەخولقێنێ کە هیچ دەوڵەتێك، یان هێزێك نەتوانێ رێی لێبگرێت .

ریفراندۆم پڕۆژە و پاشان پڕۆسەیەکە کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی راست دەتوانن لە دەوری کۆببنەوە و تواناکانی خۆیانی بۆ یەکبخەن. بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ پرۆژەکەی بارزانی، ئەمە بۆ خۆی زەمینەی نزیکبوونەوە لە یەکتری خۆش دەکات و ناکۆکییەکان بەرتەسك دەکاتەوە،و کوردستانیش لەو دوو زۆنگەوە کە چەند ساڵە خەڵکی پێوەی ماندوون، رزگار دەکات .

ریفراندۆم، گەلی کورد لە بەردەم دوو ئەلتەرناتیڤدا رادەگرێت و چاوەڕوانی وەڵامی لێدەکات، چاوەڕێی وەڵامێکی روونی لێدەکات لەسەر دوارۆژی سیاسیی دۆزی کورد. لەم راپرسییە گشتییەدا یەك ئەلتەرناتیڤی سیاسی بۆ چارەنووسی کورد دەنگی زۆرینەی جەماوەری کورد وەردەگرێت، لەبەر ئەوە بواری سات و سەودا و موزایەدەی سیاسی نامێنێت و دوودڵی و ڕاڕایی و گومان جێگەیەکیان لە بزووتنەوەی سیاسیی نێو کوردستاندا بۆ نامێنێتەوە . دیارە ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتی گەلی کورد، بۆ جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کورد، بۆ هێزە سیاسییەکانی کورد، چ ئەوانەی هەن و چ ئەوانەی لەدایك دەبن کە بە عەقڵییەتێکی نوێ و بەرنامەی نوێ و سیاسەتێکی نوێوە بێنەمەیدان و مێژوویەکی نوێ بۆ دوارۆژی کورد بنەخشێنن .

لە کۆتاییدا دەڵێم، ریفراندۆم سەبارەت بەوەی پڕۆسەیەکە جەماوەر ئەنجامی دەدا و گەل تێیدا لە ئەنجامەکەی سەرپشك دەکرێت، یەکگرتوویی چین و توێژەکانی کوردستان و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی پێویستە، بەبێ ئەوە هەرگیز ریفراندۆم سەرکەوتن بەدەستناهێنێت. بە رای من گەل هەمووی لەگەڵ ریفراندۆمە، سەرکەوتنی ریفراندۆمیش ئەو یەکگرتنە لە بەرامبەر جیهاندا بەرجەستە دەکات و رێز و پایە و کێشە نەتەوایەتییەکەی کورد بە ئاستێکی باڵا دەگەیەنێت.

**بەداخەوە هێشتا گشتپرسی هەنگاوێکی جدی نەبڕیوە، لە پاڵ دوژمنانی کورددا لەنێوخۆی عێراق و ناوچەکە، چەندین ڕووناکبیر و خاوەن قەڵەمی کورد بە کارێکی ناواقیعی و ناعەقڵانی و نایاسایی دادەنێن و دەڵێن: ریفراندۆم ناکرێت، چونکە رێمان نادەن!**

**دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێویستی بەوە نییە لە گەلی کوردستان بپرسیت: لەناو عێراقی تاوانبار بە ئەنفال و کیمیاباراندا دەمێنیتەوە، یان دەوڵەتی خۆتت دەوێت؟ بارزانی دەیەوێت ئەو هەنگاوە ببڕێت، بۆ ئەوەی بە دۆست و دوژمنی کورد بڵێت کورد لە مێژوودا هەموو ئەو قوربانییانەی داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیر لە تۆڵەکردنەوە ناکاتەوە و ڕێگەی عەقڵ هەڵدەبژێرێت و بڕیاری خۆی بە ئاشتی دەدات**

# با هەڕەشەکان بگۆڕین بۆ دەرفەت

گەلانی جیهان پێشی ئێمە و لە ئێستاشدا تووشی دەیان قەیران و کێشەی نێوخۆیی جیاجیا بوونەتەوە، هەندێکیان سەرکەوتووانە لێی دەرچوون، چونکە توانیویانە ژیرانە هەڕەشەکان بگۆڕن بۆ دەرفەت، هەندێکیشیان بە باجدانێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لێی دەربازبوون.

ئەمڕۆ ئێمەی کوردستانییان لەم هەرێمەی کە تاکە بەشێکی کوردستانی گەورەیە هەڵی ئەنجامدانی ریفراندۆم و دەستخستنی بڕیاردانی مافی چارەنووسی هەبێت، تووشی قەیرانێکی دارایی و سیاسیی ئەوتۆ بووینەتەوە کە هەندێکیان پەیوەستن بە هۆکارە دەرەکییەکانی وەك هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و مامەڵەی خراپی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، هەندێکیشیان پەیوەستن بە هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆمانەوە، وەك گەندەڵی ئیداری و دارایی و بەکارهێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکان بۆ بەرژەوەندیی تایبەت و تاکەکەسی لەلایەن هەندێکەوە، هەروەها تەشەنەکردنی دیاردەی نامۆی وەك بەهەدەردانی سامانی گشتی و خراپ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و کەمتەرخەمی لە پاراستنی ماڵی گشتی و . تاد.

بۆیە بەرەنگاربوونەوەی ئەم قەیرانە پێویستی بە چەندین هەنگاوی گرنگ هەیە، وەك:

● **یەکەم: ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان**

لەبەر ئەوەی شەقامی کوردی بە پلەی یەکەم شەقامێکی حزبییە، بۆیە بەرپرسیارێتی سەرەکی لە ئەستۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستانە بۆ هێنانەدی ئیرادەیەکی سیاسی بە مەبەستی:

١. حزبە سیاسییەکان کە پێکهێنەری سەرەکیی سەرکەوتن وقەیرانەکانیشن لەهەمان کاتدا پێویستییان بە بەخۆداچوونەوەیەکی قووڵ هەیە.

٢. خێرا ئەنجامدانی کۆبوونەوەی بەرهەمداری ئەو حزبانەی کە حکومەتیان پێکهێناوە و بەشدارن لە هۆکار و ئەنجامەکانی ئەم قەیرانە.

٣. ڕۆڵ بینینی ئەو حزبانەی کە ئەندامیان وەك نوێنەری گەل لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، بۆ دۆزینەوەی ئەو میکانیزمانەی کە هەرچی زووترە دەبنە هۆی کۆبوونەوە و بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان وەك دەزگای یاسادانان و چاودێری کە زۆربەی چاکسازییەکان پێویستییان بە پەرلەمان هەیە.

٤- زانینی ئەو ڕاستییەی کە ڕۆڵی حزب لەکاتی ئاشتیدا پێشبڕکێیە بۆ بردنەوە، بەڵام لە کاتی قەیراندا هەوڵدانە بۆ سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی.

**راستە وەك پێویست لە ماوەی رابردوودا پەرلەمان و حکومەت گوێیان لە هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان نەگرتووە، ئەگەر گوێشیان لێگرتبن، لەوانەیە زۆرجار بەگوێیان نەکردبن، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستەبژێری کۆمەڵگە و مامۆستایانی زانکۆ و زانایانی ئایینی و رۆشنبیرانی گەل هەمیشە ئینتیمایان بۆ خاك و تاکی کوردستان بووە، پێویستە ئەو هەڵوێستانەی ئاماژەمان پێکردن، ساردیان نەکەنەوە لەئاست خستنەڕووی پێشنیاری بەسوود و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی گەلان و دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانەی ئێستا.**



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گولان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com

**• دووەم: دەستەبژێری کۆمەڵگە و مامۆستایانی زانکۆ و زانایانی ئایینی و رۆشنبیران.**

راستە وەك پێویست لە ماوەی رابردوودا پەرلەمان و حکومەت گوێیان لە هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان نەگرتووە، ئەگەر گوێشیان لێگرتبن، لەوانەیە زۆرجار بەگوێیان نەکردبن، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستەبژێری کۆمەڵگە و مامۆستایانی زانکۆ و زانایانی ئایینی و رۆشنبیرانی گەل هەمیشە ئینتیمایان بۆ خاك و تاکی کوردستان بووە، پێویستە ئەو هەڵوێستانەی ئاماژەمان پێکردن، ساردیان نەکەنەوە لەئاست خستنەڕووی پێشنیاری بەسوود و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی گەلان و دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانەی ئێستا.

**• سێیەم: رۆڵی هەمیشە جوانی جەماوەری خۆڕاگری کوردستان**

جەماوەری خۆڕاگری کوردستان کە هەمیشە هەڵگیرسێنەری شۆڕشە مەزنەکانی کورد بوون و خۆیان بە خاوەنی ئەم ئەزموونە دەزانن و لە روانگەی خەمخۆریشیەوە هەندێك جار دەگاتە ئاستی هەڵچوون و تووڕەبوون لەو حکومەتەی کە خۆیان هەڵیانبژاردووە، ئەم جەماوەرە دڵسۆزە ئەمڕۆ لە گشت رۆژێك زیاتر داوالێکراوە کە بەوپەڕی هەستیاری و ئاگادارییەوە داوای مافە رەواکانیان بکەن ە هەر تاکێکی ئەم جەماوەرە وەك یاریزانێکی سەرەکیی نێو گۆڕەپانەکە لە خەمی پاراستنی گشت یاریزانەکان و پاراستنی یاریگاکەشدا بێت، بە مەبەستی:

١. ناسین و ناساندنی هەڕەشەی راستەقینە لەسەر ئێمە و ئەزموونەکەمان.
٢. گەیشتن بە کۆدەنگییەك بۆ چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشەیە.
٣. درککردن بە کاریگەرییەکانی هەڕەشەکان لە سەر سەقامگیریی ناوخۆیی وڵاتەکەمان.
٤. زیادکردنی هەماهەنگیی لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکاندا وەك رێگەیەك بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتیی
٥. رەتکردنەوەی دووبەرەکی و هزری ئاژاوەگێڕی.
٦. روانین لە خاڵە گەشەکان و کارکردن بۆ ئایندە و تێپەڕاندنی رۆژگارە رەشەکان.
٧. مامەڵەکردنی هەستیارانە و ئاگاداربوون لە باری دەروونیی هاوڵاتیان و سایکۆلۆژیای کار و کاردانەوەکان.
٨. خۆدوورگرتن لە بڵاوکردنەوەی کەلتووری ترس و گومان .
٩. هەماهەنگی و هاریکاری بۆ کردنەوەی پەنجەرە داخراوەکان، نەك شکاندنیان.
١٠. پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەفەسی درێژ و بەردەوام.

# بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بەرژوەندیی هەموو لایەکدایە



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

**• گرنگیی نەوت و غاز**

نەوت و غاز دیارترین پێکهاتەی سەرەکیی ئابووریی جیهانن، بۆیە ئابووریی جیهان لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت بۆ ماوەیەکی درێژ یەکنا گرێتەوە، چونکە وەبەرهێنانی جیهانی لە کەرتی نەوت و وزەو پیشەسازیی نەوت و ئابوورییەکانی دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت تێکدەدات. هەروەها گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤەکانی نەوت تێچوونی زۆرە و بەخێرایی پێویست نییە، چونکە پێویستی بە پارەیەکی قەبە و تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو هەیە.

**• دیارترین کاراکتەر و رکابەر لە دەستگرتن بەسەر بازاڕەکانی نەوتدا**

ئەو سێ دەوڵەتەی کە دەست بەسەر بەرهەمهێنانی و نرخی نەوت و غاز لە جیهاندا دەگرن، بریتین لە (سعودیە، رووسیا و ئەمەریکا) دواتر ئێران و عێراق وەك هەوڵێك بۆ ئەوەی مەیدانی نەوت بۆ ئەو سێ دەوڵەتە چۆڵ نەکرێت.

دابەزینی نرخی نەوت هەڕەشە لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت و پیشەسازیی نەوت لە جیهاندا دەکات، هەروەها قەبارەی قورساییەکەی بەو رادەیە نییە بۆ سەر بەرهەمهێنانی نەوت، چونکە لەبەر دابەزینی نرخی نەوت ٢٥-٣٥٪ی خەرجیی پرۆسەی نەوتی تۆمارکرد لە ئەمەریکا لە بەرامبەر ١٠-٢٥٪ لە دەوڵەتانی دیکەی جیهان (رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) مەترسیی ئەمەش زیاتر دەبێت بۆ سەر دەرهێنانی نەوت لە رۆنە لیتە لە ئەمەریکا ئەگەر نرخی هەر بەرمیلێك لە ٦٠ دۆلار بمێنێتەوە، هەروەها کێڵگەکانی نەوت لە دەریای باکوور هەمان قەیرانی ئەمەریکای هەیە، بۆیە زەحمەتە پاراستنی ئاستی بەرهەمهێنان لە هەر یەك لە ئەمەریکاو دەریای باکوور بەدرێژایی کات وەك دۆخی ئێستای بەردەوام بێت، ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوت لە ٦٠ دۆلار بمێنێتەوە.

قەبارەی مەترسییە ئابوورییەکان بۆ سەر دەوڵەتانی کەنداو (ئۆپیك) لە ئەنجامی دابەزینی نرخ کاریگەریی بەراوردییەکەی کەمترە لەبەرامبەر حەوزی دەریای باکوور و ویلایەتە یەکگرتووەکان (دەرهێنانی نەوت لە رۆنە لیتە و لە ئاوی قووڵایی دەریا) بۆیە ناکۆکییەکان لە نێوان دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت بە هۆی دابەزینی زۆری نرخی نەوت بۆ کەمتر لە ٦٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك توندتر دەبن.

**• عەرەبستانی سعودیە**

عەرەبستانی سعودیە پێشنیار دەخاتە بەردەم دەوڵەتانی

بەرهەمهێن ئەوانەی لە دەرهێناندا گرانیان لەسەر دەوەستێت، (ئەو دەوڵەتانەی کە یەدەگی مسۆگەریان هەیە، بەڵام بە تێچووی بەرز- زیاتر لە ٥٠-٦٠ بۆ هەر بەرمیلێك، کە گۆڕەپانەکە بە کراوەیی جێ بهێڵن بۆ ئەو بەرهەمهێنانەی کە ئازاترن، تێچووی کەمیی بەرهەم- دەوڵەتانی حەوزی کەنداو، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی نەوت لە دەریای باکوور١٧ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك)، هەروەها بە ٧٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لە ڕۆنە لیتە، کە دواتر ڕووبەڕووی هەرەسهێنان دەبێتەوە لە بەرهەمی زیادەی ئێستای نەوتی لیتە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەنجامی (مایەپووچیی کۆمپانیاکان بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت بۆ کەمتر لە تێچووی بەرهەمهێنان).

پێشنیارەکەی سعودیە زیاتر سیاسییە لەوەی کە ئابووری بێت، چونکە نەوت ٩٠٪ی داهاتی بودجەی گشتیی سعودیە پێکدەهێنێت. ئەو وڵاتەساڵانە نزیکەی ١٢٨ ملیار دۆلار زەرەردەکات ئەگەر نرخی بەرمیلێك ٥٠ دۆلار بێت، ئەو زیانە لەئێستادا زیاترە، چونکە نرخی نەوت بۆ ٤٠ دۆلار دابەزیوە، وێڕای ئەگەری سستیی گەشە لە زۆربەی ئۆپێکدا، دەوڵەتانی بەرهەمهێن لە حەوزی کەنداو نزیکەی ٥٧٤ ملیار دۆلاریان وەك پوختەی داهاتی هەناردەی نەوت لە ساڵی ٢٠١٣ زەرەرکردووە، بە بەراورد بە ٤٥٢ ملیار دۆلار لە ٢٠١٤ دا واتا بە نزیکەی ١٢٪ لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٣ وەدەستیان هێناوە، هەروەها داهاتی نەوت بۆ ٣٤٠ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٥ دابەزی لەسەر بنەمای نرخی یەك بەرمیل بە ٦٠ دۆلار بە درێژایی ساڵی ٢٠١٥.

داهاتی عێراق لە نەوت لە ساڵی ٢٠١٣ نزیکەی ٨٦ ملیار دۆلار بوو بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٥ کە ٥٥ ملیار دۆلار بوو، ئەوە وێڕای بەرزبوونەوەی ئاستی بەکاربردنی نەوت لە دەوڵەتانی کەنداو بۆ ٦,٣٨ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، کە ئەمەش بەرامبەر ٣٣٪ی بەرهەمی نەوتە کە بۆ کارەباو بەگەڕخستنی وێستگەکانی شیرینکردنی ئاوی دەریا بەکاردێت. لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٢٠دا پێویستیی بەکاربردنی ناوخۆ دەکاتە ٩,٦٤ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و بۆ ١٧,٩١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٢٠٣٠، ئەمەش دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت لەکەنداو ناچاردەکات هەناردەیان کەم بکەنەوە یان هەندێکیان لە بازاڕی هەناردە بێنە دەرەوە، ئەگەر دەوڵەتانی کەنداو نەیانتوانی بەکاربردنی ناوخۆ لە نەوت و غاز کەم بکەنەوە بە پشتبەستن بە ئەلتەرناتیڤی دیکەی نەوت( وزەی خۆر، ئەتۆمی) بۆ بەرهەمهێنانی کارەباو شیرینکردنی ئاو.

## ● ئێران

ئێران پێویستی بە وزەی ئەتۆم هەیە بۆ ئەوەی شوێنی نەوت و غازی سروشتی بگرێتەوە کە لەم دواییەدا بە ڕادەیەکی زۆر لە بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردەهێندرێن لە پێناو هەناردەکردنی زیاتری نەوت و غازدا. ئێران بەنیازە ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستای بەرزبکاتەوە کە ٣,١٥ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، خوازیاریشە کە وزەی بەرهەمهێنانی وەك ساڵی ١٩٧٤ی لێ بێتەوە، کە ئەو کاتە ڕۆژانە ٦ ملیۆن بەرمیل بوو، سەرباری ئەوەی کە سەرچاوەکانی نەوت و غاز لە کێڵگەکاندا توانای سروشتیی بەرهەمیان لەدەست داوە، کە ئەمەش ڕێگە دەگرێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم بۆ ٦ ملیار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئێران هەوڵدەدات چەکی ئەتۆمی بەدەست بێنێت، چونکە لە حاڵەتی ئەوەی کە ئەگەر ڕووبەڕووی هێرش ببێتەوە لەلایەن ئەمەریکاو ئیسرائیل و یەکێتیی ئەوروپا، ئەوا ئێران جیهان دووچاری قەیرانی نەوت دەکات لە ڕێی داخستنی گەرووی هورمز کە دەروازەی سەرەکیی هەناردەکردنی نەوتی دەوڵەتانی کەنداوە (١٧ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا)، لەبەر ئەوە ئەستەمە ئێران ڕکابەریی سعودیە بکات لە دەستگرتن بە سەر ڕێکخراوی ئۆپێکدا لەمیانی کاراکردنی ڕۆڵی خۆی لە بازاڕی جیهانیی نەوتدا، چونکە یەدەگی سعودیە بە ٢٦٣ ملیار بەرمیل مەزەندەدەکرێت و وزەی بەرهەمی ئێستای ٩,٤٣ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا کە توانای هەیە ئاستی بەرهەم لە ماوەیەکی کەمدا بۆ ١٢ ملیۆن و تەنانەت ٢٢ ملیۆنیش لە ڕۆژێکدا بەرزبکاتەوە، بە بەراورد لەگەڵ یەدەگی نەوتی ئێران بە نزیکەی ١٥٧ ملیۆن بەرمیل، هەروەها یەدەگی مسۆگەر نزیکەی ٣٦ ملیار بەرمیلە، وزەی بەرهەمی ئێستاشی نزیکەی ٣,١٥ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، دەکرێ ئاستی بەرهەم بۆ ٦ ملیۆن بەرمیل لە مەودایەکی دووردا بەرزبکرێتەوە، بەڵام زەحمەتە پارێزگاری لە بەرهەمهێنانی ئەو بڕە بکرێت، بەتایبەتیش لە حاڵەتی دواکەوتن، یان شکستهێنانی پڕۆژەی دۆسیێی ئەتۆمی ئێران، لەبەر ئەوە ئێران هەوڵدەدات تەکنیکی تازەی نەوت بەدەست بهێنێت بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم لە مەودایەکی کورتدا و بەرهەمهێنان بکات لە یەدەگە قەبەکەی لە غازی سروشتیدا، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، ئێران پەنادەباتە بەر گەڕان بەدوای پشکەکانی خۆی

**دابەزینی نرخی نەوت هەڕەشە لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت و پیشەسازیی نەوت لە جیهاندا دەکات، چونکە لەبەر دابەزینی نرخی نەوت ٢٥-٣٥٪ی خەرجیی پرۆسەی نەوتی لە ئەمەریکا لە بەرامبەر ١٠-٢٥٪ لە دەوڵەتانی دیکەی جیهان تۆمارکرد**

**قەبارەی مەترسییە ئابوورییەکان بۆ سەر دەوڵەتانی کەنداو (ئۆپێک) لە ئەنجامی دابەزینی نرخ کاریگەریی بەراوردییەکەی کەمترە لەبەرامبەر حەوزی دەریای باکوور و ویلایەتە یەکگرتووەکان (دەرهێنانی نەوت لە ڕۆنە لیتە و لە ئاوی قووڵایی دەریا)**

لە کێڵگە هاوبەشەکانی لەگەڵ( عێراق – کێڵگەی مەجنون، سعودیە، کێڵگەی سەفانیە، قەتەر- کێڵگە زەمینییەکانی غاز)، هەروەها ئێران هەڕەشە لەو سێ دەوڵەتە دەکات بە ڕێگەگرتن لە هەناردەکانی نەوتیان لە ڕێی گەرووی هورمز ئەگەر سامانی ئەو کێڵگە هاوبەشانەی لەگەڵدا بەش نەکەن.

**● ڕووسیا**

پەیمانی باکووری ئەتڵەنتیك و ئەوروپییەکان نەیانتوانی ئامانجی خۆیان لە ڕکابەریکردنی ڕووسیا بەدی بێنن، یەکێتیی ئەوروپاش بە پشتوانیی ئەمەریکا سووربوو لەسەر ململانێی ناوخۆ لە ئۆکرانیا، ململانێکەش بە لابردنی سەرۆکی بە یاساهەڵبژێردراوی ئۆکرانیا تەواوبوو، هەروەها بەوەی نیمچەدوورگەی قەرەم خرایە سەر ڕووسیا، لەبەر ئەوە سزای بەسەر ڕووسیادا سەپاند، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت و غاز، کە کاریگەریی نەرێنی هەبوو بۆ سەر ئابووریی ڕووسیا، لە ئەنجامی ئەمەدا یەدەگی ڕووسیا لە ٥١٠,٥ ملیار دۆلار لەساڵی ٢٠١٣ بۆ ٣٨٦,٢ ملیار دۆلار لە ساڵی٢٠١٤ دابەزی، ئەمە وای لە ڕووسیا کرد کە هەڵوێستی خۆی لە کاروباری وزەو بازرگانی بگۆڕێ و ڕووی لە ئاسیا کرد لە پێناو زیادکردنی خواست بۆ سەر وزە لە دەوڵەتانی کیشوەری ئاسیا، هەروەها لە بەرزکردنەوەی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان ڕووسیاو چین لە ٩٠ ملیار دۆلار لە ساڵی ٣٢٠١٣ بۆ نزیکەی ٢٠٠ ملیار دۆلار لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٢٠دا، هەڕەشەی ڕووسیا لە کەمکردنەوەی توانای هەناردەکردنی غازی سروشتی بۆ ئەوروپا، هاوکات لەگەڵ پڕۆژەی دامەزراندنی هێڵی بۆریی نەوتی خاوی ڕووسیا-هیندستان کە ڕووسیا لەئەستۆی گرتووە، هەروەها پڕۆژەی هێڵی بۆریی غاز کە دوورگەی سخالینی ڕووسی بە کۆریای باشوور دەبەستێتەوە، لەپاڵ فراوانکردنی هاوکاریی لە بواری وزەدا لەنێوان ڕووسیاو ژاپۆندا، ئەگەر پڕۆژەکانی ڕووسیا لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیا سەربگرن لەسەر حیسابی کەمکردنەوەی هەناردەی نەوت و غاز بۆ دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا، ئەوا ئەوروپا ڕووبەڕووی بەرزبوونەوەیەکی گەورەی نرخی غاز دەبێتەوە، کە ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر گەشەکردنی ئابووریی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا.

شیکردنەوەی پێگەی ڕووسیا لە نەخشەی وزەی جیهانی لە نەوت و غازدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زەحمەتە کارتی نەوت و غاز وەك ئامرازێك بۆ هەڕەشەکردن و لاوازکردنی ڕووسیا لەمەودایەکی دووردا بەکاربهێندرێت، بە حوکمی دەوڵەمەندیی ڕووسیا بە یەدەگێکی زۆری نەوت و غاز و توانای ئەو وڵاتە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت و غاز بۆ بازاڕەکانی جیهان، بە تایبەتیش ڕۆڵی ڕووسیا لە قەیرانە درێژخایەنەکانی وزە بەدەردەکەوێت، ڕووسیا زیاتر لە ٦,٧ تریلیۆن مەتر سێجا غازی هەیە، ڕووسیا نزیکەی ٦٠٥ ملیار مەتر سێجای غازی لە ساڵی ٢٠١٤ بەرهەم هێناوە، هەروەها ١٩١ ملیار مەتر سێجا غازی لە ساڵی ٢٠١٤ هەناردەکردووە، بەشی زۆری ئەوەیە کە بۆ دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا چووە، هاوکات توانای هەیە ئاستی هەناردەکردن بۆ ٢٣١٩ ملیار مەتر سێجای غاز لە ساڵی ٢٠٢٠ بەرزبکاتەوە، هەروەها بۆ ٢٦١,٦ ملیار مەتر سێجا لە ساڵی ٢٠٣٠، لەپاڵ بەکاربردنی غازی سروشتی لە ماوەی نێوان ٢٠١٦-٢٠٢٠ بە بڕی ((٤١٣,٨-٤٢٦,٤ ملیار مەتر سێجا لە غازی سروشتی، لەهەمان کاتدا توانای بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەی نەوتی هەیە لە ٧,٣٦ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ ٦,٦٧ ملیۆن بەرمیل لە ساڵی ٢٠١٠، وێڕای بەکاربردنی نەوتی خۆماڵی لە ماوەی نێوان ٢٠١٠-٢٠٢٠ بە بڕی ٣,٣٥ بۆ ٣,٧ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

**● ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا**

بەرهەمی نەوت و غازی لیتەیی لە ئەمەریکا لەساڵی ٢٠٠٨ لە ٠,٦ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ ٣,٥ ملیۆن بەرمیل لە ساڵی ٢٠١٤ بەرزبۆتەوە، ئەو وڵاتە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە خستنەڕووی داهاتووی نەوت و غاز، بۆیە خستنەڕووی نەوتی جیهان بە ڕێژەی ٣,٥ ملیۆن لە ڕۆژێکدا لەماوەی نێوان ٢٠١٥-٢٠١٦ زیادی کرد، بەڵام ڕێژەکەی ٣٪ی بەرهەمی جیهانی تێناپەڕێنێت، ناشکرێ ئەو بڕەی بەرهەمی نەوت و غازە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت لەبەر دابەزینی نرخی نەوت و غاز لە جیهاندا بەهۆی بەرزبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی، (٧٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك) و شوێنەوارو تەحەددییەکانی ژینگە (پیسبوونی خاك و ئاو)، چونکە بیری نەوتی لیتەیی بۆ ١٥-١٩ ملیۆن لیتری ئاوی تێدەچێت، هەروەها دزەکردنی غاز بۆ چینەکانی ئاوی ژێر زەوی، ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر ئایندەی مانەوەی پڕۆژەکانی نەوت و غازی سروشتی، وێڕای نەبوونی سەرەتاکانی فراوانبوونی ڕووبەری بەرهەمهێنانی نەوت و غاز لە ڕۆنی لیتەیی( نەوتی نا ئاسایی ) کە دەوڵەتانی دیکەش دەگرێتەوە، وەك ڕووسیا ( نەوتی جەمسەر و نەوتی لیتەیی و یەدەگی ئاوی قووڵ لە

**داهاتی عێراق لە نەوت لە ساڵی ٢٠١٣ نزیکەی ٨٦ ملیار دۆلار بوو، بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٥ کە ٥٥ ملیار دۆلار بوو، ئەوە وێڕای بەرزبوونەوەی ئاستی بەکاربردنی نەوت لە دەوڵەتانی کەنداو بۆ ٦,٣٨ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا**

**ئێران پێویستی بە وزەی ئەتۆم هەیە بۆ ئەوەی شوێنی نەوت و غازی سروشتی بگرێتەوە کە لەم دواییەدا بە ڕادەیەکی زۆر لە بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردەهێندرێن لە پێناو هەناردەکردنی زیاتری نەوت و غازدا، بەنیازیشە ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستای کە ٣,١٥ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا بەرزبکاتەوە**

نەوتی نا ئاسایی) بە هۆی پەرەسەندنی پیشەسازیی نەوت و بازاڕ.

پیشەسازیی نەوتی لیتەیی لەوەتەی پێنج ساڵە بەرهەم دەهێنرێت، واتا لەنێوان ٢٠١٠-٢٠١٥) رووبەڕووی قەیرانێکی توند بۆتەوە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠١٤، وێڕای دابەزینی تێکڕای بەرهەمی بیرە نەوتییە لیتەییەکان بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی نەوت لە بیرە ئاساییەکان لە کێڵگەکانی نەوت و غاز لە دەوڵەتانی دیکەی بەرهەمهێنی نەوتدا.

ئەمەریکا ناتوانێت نەوت و غازی لیتەیی بەرهەم بهێنێت وەك رکابەرێکی دەوڵەتانی دیکەی بەرهەمهێنی نەوت، بە تایبەتیش رکابەریی دەوڵەتانی ئۆپێك کە دەتوانن ئاستی بەرهەم بەرزبکەنەوەو رووبەڕووی نرخی نەوت ببنەوە تا رادەی ٥٠-٦٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، لەکاتێکدا دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوتی لیتەیی دەتوانن تا رادەی کەمتر لە ٦٠-٧٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك بەرهەم بهێنن، هەروەها توانای ئۆپێك لەسەر کەمکردنەوەی نرخ بۆ پەکخستنی سەرچاوە تازەکان (وەك نەوتی لیتەیی) بۆ خستنەڕوو پەیوەستە بە بەربوونەوەی خاڵەکانی هاوسەنگی لە بودجەکانی بەرهەمهێنانی دەوڵەتانی ئەندام لە ئۆپێك لە ئەنجامی جیاوازیی بەرچاوی شێوەو ناسنامەی رژێمە حوکمڕانەکان لە دەوڵەتانی ئۆپێك، هاوکات خێرابوون و تێکەڵبوونی رووداوەکان لە دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت بە شێوەی لاوازکردنی سەربەخۆیی زۆربەی دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت و غاز لە وەرگرتنی بڕیاری بەکۆمەڵ بەناوی رێکخراوی ئۆپێك لە دەستگرتن بەسەر نرخی نەوت لەمیانی بەڕێوەبردن و رێکخستنی پێوەندیی نێوان خواست و خستنەڕووی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

## ● ئەو فاکتەرانەی رۆڵیان لە نرخی نەوتدا هەیە

(خستنەڕوو، خواست و دروستی و جیاوازیی گەشەی ئابووریی جیهانی لە دەوڵەتانی بەرهەمهێن و بەکاربەری نەوت و غاز و سیاسەتی نێودەوڵەتی و ژینگەی نەختینەیی و رێکخستنی جیهانی) دیارترین فاکتەرن کە کاریگەرییان لە دیاریکردنی نرخی سووتەمەنیی وزە لەوانە نەوت و غازدا هەیە.

دە دەوڵەت لە جیهاندا هەن کە گرنگترین بەرهەمهێنی نەوتن بەپێی سەنتەری زانیارییەکانی وزە، کە بریتین لە (رووسیا، عەرەبستانی سعودی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، چین، کەنەدا، عێراق، ئێران، ئیماراتی عەرەبی، کوێت، مەکسیك)، کە توانای ئەو دە دەوڵەتە لە ساڵی ٢٠١٤ زیاتر لە ٥٠ ملیۆن بەرمیل بووە لە رۆژێکدا لە کۆی بەرهەمی نەوتی جیهانی، کە بە نزیکەی ٥,٩١ ملیۆن بەرمیل لە ساڵی ٢٠١٤ مەزەندە دەکرێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئێستای بەرهەمی نەوتی جیهان کە دەگاتە ٩٣,٤ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.

تایبەتمەندییەکانی ئەو دە دەوڵەتە چەندین کێشە هەڵدەگرن، کە ئەمەش رەنگدانەوەی ناسەقامگیریی بارودۆخی ئەو دەوڵەتانەو دەوروبەریانە کە خۆی لە خۆیدا لە نرخی نەوتدا رەنگ دەداتەوە. نرخی دابەزیوی نەوت بە شێوەی جیاجیا بەشێکی زۆری کێشەی ئەو دەوڵەتانە پێکدێنێت، چونکە تێچووی بەرهەم لە نرخی فرۆشتنی نەوت بە شێوەیەکی زۆرتر بەرزدەبێتەوە، نەخاسمە لەسایەی چەقبەستنی ئابووریی دەوڵەتانی بەکاربەری نەوت، هەروەها سەقامگیریی نرخی نەوت دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی لە دەوڵەتانی بەرهەمهێن، بەتایبەتیش لەو دەوڵەتانەی کە داهاتەکانیان پشت بە زیاتر لە ٨٠٪ی نەوت دەبەستێت( دەوڵەتانی حەوزی کەنداو).

زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێ توخمی سەرەکی دەستیان لە ئاراستەی جووڵەی نرخی نەوت لە جیهاندا هەیە دیارترینیان( بەرهەمی دە دەوڵەتەکەی نەوت، ئایندەی بەرهەمی نەوتی لیتەییی ئەمریکی، بەرهەمی نەوتی کەنەدی، بەرهەمی نەوت لە عێراق و ئێران و چین، ئاسایشی وزە).

ئاسایشی وزە یەکێکە لە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیربوونی نرخی نەوت لە مەودایەکی دووردا، ئەمەش پشت بە پاراستنی ئاسایشی خستنەڕووی نەوت دەبەستێت (کە لە ماوەی ٤٠-٥٠ ساڵدا روو لە کەمیی دەکات) لەبەر گەشەی جیهانی بە تێکڕای ١,٣ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ساڵێکدا و ئەو رێچکەیەی دەوڵەتانی بەکاربەری نەوت گرتوویانەتەبەر وەك سەرچاوەگەلی دیکەی وزە ( ئەتۆمی، خۆری، رەشەبای ئاوی، هایدرۆجین).

## ● گرنگترین هۆکارەکانی دابەزینی نرخی نەوت لە جیهاندا:

١. زیادبوونی نەوت لە بازاڕی نەوتی جیهانی لە ئەنجامی زیادکردنی بەرهەم نەوت لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی ئۆپێك کە لە پشکی بەرهەمهێنانیان تێدەپەڕێت.

٢. زیادبوونی بەرهەمی نەوتی لیتەیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ماوەی پێنج ساڵی دواییدا کە بۆتە هۆی فراوانبوونی بۆشایی نێوان خستەڕوو و خواست بۆ نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

**ئەگەر پرۆژەکانی رووسیا لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیا سەربگرن لەسەر حیسابی کەمکردنەوەی هەناردەی نەوت و غاز بۆ دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا، ئەوا ئەوروپا رووبەڕووی بەرزبوونەوەیەکی گەورەی نرخی غاز دەبێتەوە، کە ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر گەشەکردنی ئابووریی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا**

**بەرهەمی نەوت و غازی لیتەیی لە ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ لە ٠,٦ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بۆ ٣,٥ ملیۆن بەرمیل لە ساڵی ٢٠١٤ بەرزبۆتەوە، ئەو وڵاتەش رۆڵی بەرچاوی لە خستنەڕووی داهاتووی نەوت و غاز هەبووە**

٣. جێگیرنەبوونی بەرهەمهێنانی نەوت لە دەوڵەتە ناسراوەکان و لە هەریەك لە عێراق و ئێران و چین، وێڕای جێگیرنەبوونی لە لیبیا و سووریاو یەمەن و مەکسیك.

٤. سستیی گەشەی ئابووری لە چین و هیندستان و یەکێتیی ئەوروپا، کە بووەتە هۆی کەمبوونی خواست لەسەر نەوت.

٥. بڕیارە هەڵەکانی ئۆپێك دەربارەی کەمکردنەوەی بەرهەم( ٢ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا ) بۆ هەڵمژینی زیادەی بازاڕ، هەروەها کەمتەرخەمیی رووسیا و مەکسیك لە کەمکردنەوەی بەرهەم بە سنووری یەك ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی ئۆپێك بەسە بۆ بەدیهێنانی جێگیربوونی نرخی نەوت.

٦. سستیی سیاسی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و سعودیە بۆ کەمکردنەوەی نرخی نەوت بەمەبەستی فشارخستنە سەر رووسیاو ئێران، تاکو زیان بە ئابووریی ئێران بگات و قەڵەمڕەویی ئەو وڵاتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز بکات، (یەمەن، سووریا، عێراق، سعودیە و فەڵەستین). هەروەها لە دژایەتیکردنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، هاوکات لاوازکردنی ئابووریی رووسیا و توندکردنی سزا بەسەریدا بەهۆی بارودۆخی ئۆکرانیاو سەپاندنی دەسەڵات بەسەر دوورگەی قەرەم بە زەبری هێز، ئەمەریکا بە هاوکاریی سعودیە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا هەمان سیاسەتی ئێستای پەیڕەوکرد لە بەهەدەردانی سامانی دارایی یەکێتیی سۆڤیەت، ئەویش لە رێگای کەمکردنەوەی نرخی نەوت و غاز بە مەبەستی خێراکردنی رووخان و هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت.

## ● پلانی پراکتیکی بۆ رووبەڕووبوونەوەی کاتەکانی دابەزینی نرخی نەوت

لەسەر دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت لەوانەش دەوڵەتانی حەوزی کەنداو (عێراق و هەرێمی کوردستان) پێویستە کە رێوشوێن بگرنەبەر بۆ ئیدارەدانی قەیرانە داراییەکانی نەوت لە رێی کەمکردنەوەی خەرجیی بۆ رووبەڕووبوونەوەی کەمکردنەوەی داهاتەکانی نەوت لەگەڵ رەچاوکردنی کەمکردنەوەی خەرجیی بەشێوەیەك کە بە نەرێنی کارنەکاتە سەر دانیشتوان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، وەك تەندروستی و پەروەردە.

**لەسەر دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت لەوانەش دەوڵەتانی حەوزی کەنداو (عێراق و هەرێمی کوردستان) پێویستە کە رێوشوێن بگرنەبەر بۆ ئیدارەدانی قەیرانە داراییەکانی نەوت لە رێی کەمکردنەوەی خەرجی بۆ رووبەڕووبوونەوەی کەمکردنەوەی داهاتەکانی نەوت**

گرتنەبەری رێوشوێنی کورتخایەن و درێژخایەن، ئەم هەنگاوە لەوەدایە کە حکومەتەکان رێوشوێنی کورتخایەن بگرنەبەر لە کەمکردنەوەی خەرجیی حکومی لە میانی دامەزراندنی سەندووقێکی سیادی کە پارەیەکی تێدا دابنرێت بە شێوەیەك بەرامبەر زیانی داهاتی هەناردەی نەوت بێت. راگرتنی پڕۆژەکانی ئاینده، زیادکردنی باج لەسەر بەرهەمەکان وەك (بەنزین)، نەهێشتنی زێدەخەرجیی لە هەموو سەرچاوە داراییەکانی دەوڵەتدا. ئەوەی کە پەیوەستە بە رێوشوێنی درێژخایەن بریتییە لە پەسندکردن و پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆو پاراستنی لەهەمبەر بەرهەمی دەرەکی، هەمەجۆرکرنی سەرچاوەکانی وزە (وزەی خۆر، ئاو بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ) هەروەها پشتبەستن بە غاز و زەی خۆر لەجیاتی نەوت و بەرهەمەکانی، ئەمەش پارەیەکی زیاتر لە هەناردەکردنی نەوت و غاز دابین دەکات، سەرباری هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزارو توانای مرۆیی لە سایەی دامەزراندنی دەزگاگەلێکی سەردەمیانە کە ئیدارەیەکی بەتواناو دابەشکردنێکی دادپەروەرانەو رێکخستنێکی گرنگی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت و غاز مسۆگەربکەن، لەوانەش لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. کاتێکیش گەشەی ئابووریی جیهانی لە کێبڕکێدا دەبێت نیشانەکان لەسەر سستیدا دەردەکەوێت و کێشەی زیادەی نەوت سەرهەڵدەدات، لێرەدا نرخی نەوت دادەبەزێت، ئەگەر فاکتەرەکانی سیاسی و ململانێکانی نێودەوڵەتی لە مەسەلەی نەوت نەیەنە پێشەوە، زۆربەی چالاکییە نێودەوڵەتییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە دەوروبەری سەرچاوەکانی نەوتی جیهان و رێگاکانی هەناردەکردنی نەوت و غاز بۆ بازاڕەکانی نەوت و غاز جێگیرن، ناکرێ ئابووریی جیهان لەگەڵ کەمبوونەوەی نرخی نەوتدا بۆ ماوەیەکی درێژ بگونجێت، لەبەر ئەوە دەوڵەتانی پیشەسازی کێبڕکێ دەکەن لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و لاوازکردنی چالاکییەکانی بۆ سەر دەوڵەتانی خاوەن سەرچاوەکانی نەوت و غاز و گەڕاندنەوەی سەقامگیریی بارودۆخەکانیان، کە لەگەڵ سیستەمی گلۆبالیزم لە جیهاندا بگونجێت بۆ ئەوەی هێزێکی زیاتر بداتە بەر گەشەی ئابووریی جیهان و دواتر گەڕاندنەوەی بووژانەوە لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ ئەوەی لە کۆتایی ئەم ساڵدا هەر بەرمیلێکی بگاتە ٧٠ دۆلار لە حاڵەتی لاوازکردنی رۆڵی فاکتەرە سیاسییەکان و ململانێ نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر نەوت و سەرچاوەکانی دیکەی وزە.

**ناکرێ ئابووریی جیهان لەگەڵ کەمبوونەوەی نرخی نەوتدا بۆ ماوەیەکی درێژ بگونجێت، لەبەر ئەوە دەوڵەتانی پیشەسازی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و لاوازکردنی چالاکییەکانی بۆ سەر دەوڵەتانی خاوەن سەرچاوەکانی نەوت و غاز کێبڕکێ دەکەن**

---

* راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان

# قسەیەک لەمەڕ قسەکانی کاک عەدنان و عامری



**شازاد ئەنوەر**

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

دوای ئەو پشێوییانەی دوایی لە خورماتوو کە حەشدی شەعبی نایەوە و بە هۆیەوە دەیان خانەوادەی کورد دەربەدەر بوون و شەهید و برینداریشمان بەخشی، لە ژێر ناونیشانی (کۆبوونەوەی یەکلاکەرەوە) ڕۆژی ٤/٢٧ دانیشتنێکی سێ قۆڵی لە نێوان کورد و ئێران و حەشدی شەعبی لە فڕۆکەخانە کۆنەکەی ئەو شارە بەڕێوەچوو. دوای چوار کاتژمێر لە پرێس کۆنفرانسێکدا بەڕێز عەدنانی حەمەی مینە و هادی عامری قسەیان بۆ ڕۆژنامەنووسان کرد و باسیان لەوە کرد دەبێ خورماتوو ئاسایش و پۆلیس بیپارێزێ و پێشمەرگە و حەشد لە دەرەوەی شار بن، بەڵام تا ڕێژەی پێویستی ئەو هێزە ناوخۆییانە تەواو دەبێ، پێشمەرگە و حەشد قەزاکە بەڕێوەدەبەن.

لێرەدا هەوڵدەدەم بە کورتی رای خۆم لە بارەی ئەو ئاگربەست و پێوەندییە هاوبەشە دەرببڕم. سەرەتا کاک عەدنان بە جۆرێك لە جۆرەکان گلەیی لە راگەیاندنی کوردستان کرد و دەیویست بڵێ: ڕێی گونجاویان نەگرتۆتەبەر و دەبوایە راگەیاندن و میدیاکاران ڕێنیشاندەر بن، نەك بەو جۆرەی ڕەوشەکەیان رومالْ کرد.

ئەم دەربڕینە جێی هەڵوەستەیە، چونکە ئەگەر میدیا ڕێنیشاندەر بێ، ئاخۆ سیاسییەکان ئیشیان چییە؟ راگەیاندن کاری گواستنەوەی زانیارییە بۆ هاووڵاتیان نەك ڕێپیشاندان، ڕەنگە هەڵە و کەموکورتی لێرەو لەوێ هەبێ، بەڵام مانای ئەوە نییە ئەرکی قورسی هەڵەی سیاسی بەرامبەر ئەو شارە قارەمانە بخرێتە سەرشانی جۆرناڵیستان!

هادی عامری زۆر لەوە زیاتر ڕۆیشت و کاری گەیاندە دەرچوون لە هەموو عورف و عادەتێك و وەك داعش و حەشدێکی چەکداری مەیدانی شەڕ بە دەق گوتی: «هەندێك لەو ڕاگەیاندنە پیسانە» مەبەستی میدیای کوردی بوو. من نازانم کاك عەدنان بۆ وەڵامی نەدایەوە، چونکە ئەوە ڕاگەیاندنی کورد نییە پیس بێ، بەڵکو ئەوانەن کە لە جیاتی شەڕی داعش دێن سەر وماڵی کورد حەڵاڵ دەکەن و دەیسووتێنن و گەنج و خەڵکی ئێمە شەهید دەکەن.

لایەنی دووەمی بابەتەکە پێوەندی بەوە هەیە ئاخۆ پێویستی دەکرد وەفدی کوردی پێی باش بێ قونسوڵی ئێران لە کێشەی شارێك میانگیری بکات؟! ئەمە لە کاتێکدا ئێران پشتیوانی حەشدی شەعبییە و تەنانەت لەو شارە کوژراویان هەیە!

دەربارەی هادی عامری کە لوتفی هەبووە و لە بەغداوە تەشریفی هێنابوو، قسەیەکم نییە. بەڵام دەپرسم: دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و هاتنە سەرکاری شیعە وەك دەسەڵات لە عێراق کەی لەگەڵ کورد بەڵێنەکانیان بردۆتەسەر؟ هەر کاتێك لاواز بووبن، هانایان بۆ هیناوین و ئەو ساتانەی بەهێز بووبن دژمان وەستاونەتەوە، تەنانەت ئەگەر گوشاری سەرۆك بارزانی نەبووایە، مالیکی دەیگوت: دێم بۆ هەولێر. پاشان کێ مووچەی بڕیوین؟ کێ نانی پێشمەرگەی قەتع کردووە؟ کێ لە کەرکووك و دەوروبەری هەڕەشەیە؟ ئاخۆ بۆچی یەك بارەگای حزبی کوردی لە سەعدییە نییە؟ داخۆ تاڵانکەرانی کورد و سەروماڵیان لە جەلەولا (گوڵاڵە) کێ بوون؟ هێزی لەم جۆرە جێی ئەمان و متمانە نییە. من ناڵێم دانوستان نەکرێ، وەلێ بڕیاربوو حەشد لەو شارە نەمێنێ، نەك پێشمەرگە بچێتە دەرەوەی شارەکە.

هیوادارم بۆچوونەکانم هەڵە بن و کۆبوونەوە (یەکلاکەرەوەکە) نەبێتە دانیشتنی سەدلاکەرەوەی بێ دەرەنجام.

# با بپرسین: بۆچی هەموو خەڵک لە وەزعی زانستیی زانکۆکان نیگەرانە؟



د.وەلی مەحمود*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

زانکۆکانی سەرتاسەری دنیا جێگای رۆشنبیری و توێژینەوەی زانستین. ئەو قسەیە ڕاستە ئەگەر بێتو زانکۆکان کاری خۆیان بکەن وەك بۆی دامەزراون و لە نێوان خۆشیان کێبڕکێ بکەن، بەڵام ئەوەندەی زانیاری و بەدواداچوونم هەبووە بۆ زانکۆکانی دنیای پێشکەوتوو، ئەوەم لا گەڵاڵە بووە کە ژمارە و ڕێژەیەکی کەم لە خوێندکاران دەتوانن و بۆیان مەیسەر دەبێ کە خوێندنی زانکۆیی تەواو بکەن.

لە ساڵی (٢٠٠٥) لە سەفەرێکم بۆ وڵاتی بەریتانیا پرسیم ئایا لەو شوێنەی کە خوێندنی پێش زانکۆیی تیا دەخوێندرا، چەند کەس و چ ژمارەیەك دەگاتە زانکۆ؟.

لە وەڵامدا پێیانوتم: تەنیا (٢٠٪ - ٢٥٪) لە ژمارەی گشتیی خوێندکارانی ئامادەیی دەتوانن لە زانکۆکانیان بخوێنن و باقی ئەوانی دیکە دەچن بۆ کار و خوێندنی پیشەیی و لە تەمەنی گەنجی و لاوی و لە خولی جیاجیا ڕاهێنانیان بۆ دەکەن و دواتر دەچنە بواری پیشە و پارە پەیداکردنەوە، چونکە خوێندنی زانکۆیی و ئەکادیمی لەلایەك قورسە و ئاسان نییە تەواوکردنی و لەلایەك پارە و پولی

زیاتر و کاتیشی دەوێت بۆ تەواوکردن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریوس. هەرزوو لەوە تێگەیشتم کە بۆچی تەنیا ڕێژەیەکی کەمیان دەتوانن بچن بۆ خوێندنی زانکۆ. چونکە هۆکارەکانی دیار و ڕوونن (خەڵك سەیری توانا و ئامادەیی خۆی دەکات) کە ئایا بۆ چ بوارێك بەتوانایە و هەم خۆی حەزی لێیە و بەهرەمەند دەبێ، هەمیش گرانی لەسەر کۆی گشتی بودجە سووك دەکات.

بۆیە من چەند دیاردەیەك باس دەکەم لە خوارەوە کە هەموویان پێمان دەڵێن لەو بارەیەوە گرفتی گەورە لە کوردستاندا هەیە:

بۆ نموونە:

١. ئایا بۆچی ئەم ژمارە زۆرە گەنجە دەیانەوێت و هەر دەبێ بەکالۆریوس بە دەست بهێنن و ئایا ئەو خوێندکارانە بۆ بڕینی ئەم ڕێگا دوورو درێژە ئەو توانا باشەیان هەیە؟

٢. وەك تێبینی دەکەین کە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ هاوسەرگیری کچان و کوڕانی زانکۆ زیاددەکات، خوێندکار هەیە هەر لەگەڵ وەرگرتنی لە زانکۆ لە ساڵی یەکەم هاوسەرگیری دەکات. واتە زانکۆکان جگە لەوەی وەك شوێنی فکر و بیرو زانست سەیر بکرێن، وەك شوێنی تێرکردنی ئارەزووەکان سەیر دەکرێن.

٣. سەرەتای ساڵ درەنگ دەوام دەست پێ دەکات و زۆربەی ساڵەکان هەفتەی یەکەمی خوێندن کە زانکۆ ڕایدەگەیەنێ هەر زۆر بە ئاسایی خوێندکاران نایەن بۆ زانکۆ واتە هەفتەیەك (طرح)ـە.

٤. بەگشتی جگە لە پشووە فەرمییەکان نزیك بە یەك مانگ لە ساڵی خوێندن دەڕوات بەس بە لێدانی خوێندکاران لە پێش بۆنە و پشووەکان و دوای بۆنە و پشووەکان هەندێك جار بە بێ بۆنەش دەوام بۆ چەند ڕۆژێك هەر لێی دەدرێت. ئەوە ئەگەر وەزع و بارودۆخ زۆریش ئاسایی بێت!

هەر خۆی ئەم چەند خاڵەی سەرەوە ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئاستی زانستی زانکۆکان دەبێ نزم بێ، چونکە دیاردەکان و واقیعەکە بە ڕوونی پێمان دەڵێن کە خەڵك وا دەزانن زانکۆ بۆ خۆدەرخستن و کات بە سەربردن و وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریوسە.

دیاردەی وێنەی (دەرچوون) کە ساڵانە زانکۆکان لە کۆتایی مانگی (٤) و سەرەتای مانگی (٥) ئەنجامی دەدەن، دەیکەن بە کەرنەڤاڵی خۆ نمایشکردن بە جلوبەرگ و جۆرەها وێنەی بە یەکەوەیی و بە کۆمەڵ و بە تاك دەگرن، ئەوەش ئەو پرسیارەمان بەرسەردا دەسەپێنێ کە ساڵانە ئەم هەموو خەرجییە لەم پرۆسەیە دەکرێ و چەندین وێنەی (داهێنان) دەگیرێ و پێشکەش دەکرێت. کێبڕکێیەکە لەسەر ئەوەی کە کام بەش و کۆلێج و فاکەڵتی خوێندکارەکانی جوانترین (وێنەیان) نمایش کردووە.

ئەرێ بۆچی ساڵانە لە هەر زانکۆیەك یەك خوێندکار شتێکی نوێمان پێ ناڵێ و توێژینەوەیەك ئەنجام نادات؟ ئەوە پرسیارێکە دەبێ زانکۆکان و سەرکردەکانی زانستی و کارگێڕی هەڵوێستەی لەسەر بکەن. تاوەکو هەم خوێندکار خۆی، هەم زانکۆش سوودمەند بێت.

بۆیە ئەم بابەت و دیاردانە دەبنە هۆکاری ئەوەی کەسێك لە دەرەوەی زانکۆش بێت بۆچوونی وای لادروست بێت کە مادام ئەم هەموو دیاردە نازانستییە نالۆجیکە لە زانکۆکان دەگوزەرێ، ساڵانە لە جیاتی تەواوکردنی پرۆگرام و خوێندنی (٣٠) هەفتەی خوێندنی ساڵ بە نیوەی ئەم ماوەیە یاخود شتێك زیاتر ساڵ تەواو دەبێت. زۆرجار وابووە هیچ لێپێچینەوە لەم هەموو دەوام نەکردن و لێدانی دەوامە نەکراوە و لەوانەشە خوێندکاران تا ڕادەیەك بە نمرەی باشیش دەرچووبن! بەو هەل ومەرجەش چۆن ئاستی زانستیی زانکۆکان و توانستی دەرچووانیان ناکەوێتە ژێر پرسیارەوە و بەگشتی گلەیی لە زانکۆکان ناکرێت؟

* بابەتێکی دیکە ئەوەیە زانکۆکان لە چەند ساڵی ڕابردوو هیچ داهێنان، یاخود توێژینەوە و بیرۆکەیەکی وایان نەخستۆتە بەردەست و ڕێگاچارەی هیچ گرێیەکیان نەدۆزیوەتەوە.

زۆرجار لە مامۆستایانی زانکۆ و ئەکادیمییەکانم بیستووە کە دەڵێن: بۆچی سیاسییەکان و بەرپرسە باڵاکانی هەرێم بۆ چارەسەری گرفتێك پرس بە زانکۆکان و مامۆستایانمان ناکەن و ڕاو بۆچوونیان وەرناگرن؟ ئەمە دەکەنە گلەیی و ڕەخنە. ئەمەش گرفتێکی گەورەیە، دەبێ زانکۆکان خۆیان بسەپێنن و بسەلمێنن، دەبێ ڕاگەیاندنی زانکۆ چالاکانە توانستی زانکۆ و داهێنانەکان بگەیەنێتە دەرەوەی زانکۆ. دەبێ زانکۆکان ڕایەڵەی پێوەندی بە دەرەوە توندوتۆڵ بکەنەوە، و دەزگاکانی دەوڵەتی ناچار بکەن سوود لە توێژینەوەکان و بۆچوونەکانی زانکۆکان وەربگرن. واتا نابێ ئەکادیمیستان و زانایانی زانکۆ چاومان لەوە بێت دەرەوەی زانکۆ بڵێن لە کوێن، دەبێ ئێمە بڵێین ئا ئەوەتە لێرەین.

---

***سەرۆکی زانکۆی کۆیە**

**وێنەی (دەرچوون) کە ساڵانە زانکۆکان لە کۆتایی مانگی (٤) و سەرەتای مانگی (٥) ئەنجامی دەدەن، دەیکەن بە کەرنەڤاڵی خۆ نمایشکردن بە جلوبەرگ و جۆرەها وێنەی بە یەکەوەیی و بە کۆمەڵ و بە تاك دەگرن**

**بابەتێکی دیکە ئەوەیە زانکۆکان لە چەند ساڵی ڕابردوو هیچ داهێنان، یاخود توێژینەوە و بیرۆکەیەکی وایان نەخستۆتە بەردەست و ڕێگاچارەی هیچ گرێیەکیان نەدۆزیوەتەوە**